زانكۆی سەلاحەدین-هەولێر
كۆلێژی یاسا
بەشی یاسا

# یاسای گشتیی نێودەوڵەتی
# القـانـون الـدولـي الـعـام

د .شاهۆ غفور احمد
shaho.ahmed@su.edu.krd

قۆناغی دووەم

ساڵی خوێندنی 2023-2024

# سەرهەڵدانی یاسای گشتیی نێودەوڵەتی - ظهور القانون الدولي العام

- **١- سەردەمی شارستانیەتە دێرینەکان-فترة الحضارات القديمة؛**
- شارستانیەتی میزۆپۆتامیا (وادی الرافدين): بەڵگەی مێژوویی هەن کە هەبوونی پەیوەندی لەنێوان ئەم شارستانیەتە و گەلانی دەوروبەری دەسەلمێنن. لە شێوەی پەیماننامەیە کە تیایدا هەردوولا ڕێز لە سنووری یەکتر دەگرن و لەکاتی ناکۆکیدا پشت بە ناوبژیوانی دەبەستن.
- هەریەکە لە شارستانیەتە کۆنەکانی دیکەی فیرعەونیەکان و یۆنانیەکان و ڕۆمانیەکان لە سەردەمی خۆیاندا بە جۆرێک پەیوەندییەکانی خۆیان لەگەڵ گەلانی دەوروبەریان ڕێکخستووە لەکاتی ئاشتی و جەنگدا.
- لە سەردەمی ڕۆمانییەکاندا ئەو گەلانەی کە پەیوەست بوون بە پەیماننامەکانی ڕۆما ئەوا پارێزراو بوون بەڵام گەلانی دیکە کە پەیوەست نەبوون ئەوا دەکرا لەناوبیرێن و ماڵ و موڵک و سامانیان دەستی بەسەردا بگیرێت.

- شارستانیەتە ئایینیەکانی وەک مەسیحیەت و ئیسلامیش ڕۆڵی گەورەیان هەبووە لە سەر ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان گەلان لەکاتی ئاشتی و جەنگدا، لەسەر بنەمای برایەتی گەلان و دادپەروەری و یەکسانی.

**٢- سەردەمی جەنگە ئایینیەکان لە ئەوروپا-فترة الحروب الدينية في أوروبا؛**

دابەشبوونی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی بۆ **ئیمپراتۆریەتی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا** و دەرکەوتنی ئایینی مەسیحی بوونە هۆی سەرهەڵدانی ململانێیەکی درێژخایەن لە ئەوروپا. ململانێی قوڵ لەنێوان ئەم دوو ئاڕاستەیەدا دروست بوو، لە کۆتاییدا سەروەری دەوڵەت بەسەر سەروەری کڵێسەدا سەرکەوت.

لەدوای چەندین شەڕ و ناکۆکی، ئەوروپا دابەش بوو بەسەر چەند دەوڵەتێکدا کە سەربەخۆبوون، سیستەمی دەرەبەگایەتیش کۆتایی هات و چەندین هۆکاری دیکەش وایانکرد کە یەکێتی ئایینی لە ئەوروپا کۆتایی بێت و دەوڵەت لە کڵێسە جیاببێتەوە.

## ٣-پەیماننامەی وێستفالیا – معاهدة ويستفاليا ١٦٤٨:

لەدوای کۆتاییهاتنی جەنگی ٣٠ ساڵە لە نێوان وڵاتانی کاثۆلیکی و وڵاتانی پرۆتستانتی، کۆنفرانسی وێستفالیا لە ساڵی ١٦٤٨ لە شاری وێستفالیا لە ئەڵمانیا بەسترا کە واژۆکردنی چەند پەیماننامەیەکی لێکەوتەوە. بەپێی ئەو پەیماننامەیە بنەما و پرەنسیپە گشتیەکانی یاسای گشتی نێودەوڵەتی لە قارەی ئەوروپا دارێژرا، و وڵاتان چەند رێسایەکیان دانا بۆ رێکخستنی پەیوەندییەکانیان لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەشیان .

## دەرئەنجامەکانی پەیماننامەی وێستفالیا ١٦٤٨:

- چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان وڵاتان لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش؛
- چەسپاندنی بنەمای یەکسانی لەنێوان دەوڵەتان لە ئەرک و مافدا؛
- چەسپاندنی سەربەخۆیی دەوڵەتان لە پاپا و کڵێسە، وڵاتان لەسەر ئاستی ناوخۆیان سەروەری تەواویان وەرگرت؛
- هێنانە کایەی پەیوەندی بەردەوام لەنێوان وڵاتان لە رێگەی جێگیرکردنی نوێنەرایەتی هەمیشەیی؛
- چەسپاندنی بنەمای هاوسەنگی نێودەوڵەتی بۆ پاراستنی ئاشتی لە ئەوروپا؛

**٤-دروستبوونی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان-قیام المنظمات الدولية؛**

- لە ساڵی ١٨١٤ لەلایەن وڵاتانی هاوپەیمانەوە کۆنگرەی ئەوروپی هاتەکایەوە، بیرۆکەی (سیستەمی ئیدارەی ئەوروپا)ی لێکەوتەوە؛
- کۆنگرەکانی ئاشتی لە لاهای لە ساڵانی ١٨٩٩ و ١٩٠٧، بوونە هۆی هێنانەکایەی ڕێساکانی جەنگ و بێلایەنی؛
- ساڵی ١٨٨٩ ڕێکخراوی وڵاتانی قاڕەی ئەمریکا دامەزرا بۆ ڕێگریکردن لە دەستوەردانی وڵاتانی ئەوروپا؛
- دروستکردنی ڕێکخراوی (کۆمەڵەی گەلان-عصبة الأمم)، لە ساڵی ١٩١٩ و پەسەندکردنی پەیماننامەکەی؛

**دامەزراندنی هەر یەک لەم هاوپەیمانێتی و ڕێکخراوانە، لە سەردەمی خۆیاندا، بەشداری گرنگیان هەبووە لەسەر پەرەپێدانی یاسای گشتیی نێودەوڵەتی بەتایبەت بۆ ڕێگریکردن لە بەرپابوونی جەنگ یان کۆتاییهێنان بە جەنگ.**

**دروستبوونی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٤٥ و پەسندکردنی بەڵگەنامەکەی؛**

**<u>پرەنسیپەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان-مبادئ الأمم المتحدة:</u>**

- یەکسانی سەروەری لە نێوان گشت وڵاتانی ئەندام؛
- نیازپاکی لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی ناو بەڵگەنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان؛
- چارەسەرکردنی کێشەکان لە نێوان وڵاتانی ئەندام بە شێوازی ئاشتیخوازانە؛
- هەڕەشەنەکردن بە بەکارهێنانی هێز لە پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان؛
- پابەندبوونی دەوڵەتانی ئەندام بە هاوکاریکردنی ڕێکخراوەکە؛
- ڕێزگرتن لە دەوڵەتانی نائەندام بەمەبەستی پارێزگاریکردن لە ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی؛
- دەستوەرنەدانی ئەندامان لەکاروباری ناوخۆی یەکتر.

# چەمکی یاسای گشتیی نێودەوڵەتی
# مفهوم القانون الدولي العام

**- ناولێنانی یاسای گشتیی نێودەوڵەتی**
**تسمية القانون الدولي العام**

- یاسانانی هۆڵەندی Hugo Grotius هۆگۆ گرۆسیۆس، ناوی لەم یاسایە نابوو یاسای جەنگ و ئاشتی، ئەمەش ڕەنگدانەوەی واقعی یاسای گشتی نێودەوڵەتی بوو. ئەم بیرمەندە بە دامەزرێنەری یاسای گشتی نێودەوڵەتی دادەنرێت و بنەما تیۆری و هاوچەرخەکانی دارِشت و کتێبێکی بە ناوی (یاسای جەنگ و ئاشتی) دانا.
- فەیلەسوفی ئینگلیزی George Sale جۆرج سیڵ، لە سەردەمی خۆیدا ئەم یاسایەی ناوناوە (یاسای گەلان - قانون الشعوب) ئەمەش هەمان ئەو چەمکەیە کە ڕۆمانیەکان بەکاریاندەهێنا بۆ ئاماژەدان بەو یاسایەی کە پەیوەست بوو بە گەلانی دیکە.

- هەندێکی دیکە بە یاسای سیاسەتی دەرەکی  یان یاسای نێوان نەتەوەکان یان یاسای نەتەوەکان ناوی دەبەن.
- یاساناسی ئینگلیزی جێریمی بێنتام Bentham لە کتێبەکەی بەناوی (پێشەکیەک لە بنەماکان و ڕەوشت و یاسا)، لە ساڵی ١٧٨٠، ئەم یاسایەی ناوناوە یاسای گشتی نێودەوڵەتی Public International Law کە مەبەست لێی کۆمەڵێک ڕێسایە بۆ ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان وڵاتان، لە دواتردا ئەم چەمکە زۆر بڵاوبووەوە، و لە ڕاستیدا لێکدانەوەی ئەم بیرمەندە لە لێکدانەوەی بیرمەندانی دیکەش دروستترە چونکە؛
- کەسەکانی ئەم یاسایە کەسانی نێودەوڵەتین؛
- بابەتی ئەم یاسایە ڕێکخستنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە؛ و
- چوارچێوەی جێبەجێکردنی ئەم یاسایە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیە.

ئەم یاسایە بەردەوامە لە گەشەسەندن و پەیوەستە بە پەیوەندی نێوان وڵاتان کە لە ڕووی ماف و ئەرکەوە لەناو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی یەکسانن .

## پێناسەکردنی یاسای گشتیی نێودەوڵەتی – تعريف القانون الدولي العام

**سەبارەت بە پێناسەکردنی یاسای نێودەوڵەتی ڕاجیایی لەنێوان بیرمەندانی ئەم بوارە هەبووە، لەبەر ئەم هۆکارانە :**

-کۆدەنگییەک نەبووە سەبارەت بەو کەسانەی کە دەبنە کەسی یاسای نێودەوڵەتی و مەلکەچی دەبن؛

-ئەم یاسایە بەسەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا جێبەجێ دەبێت کە بێگومان جیاوازە لە کۆمەڵگەی ناوخۆیی.

**یەکەم: ڕێبازی کلاسیکی – المذهب التقليدي: دەوڵەت تاکە کەسی یاسای نێودەوڵەتیە**

لایەنگرانی ئەم ڕێبازە (لەوانەش هۆگۆ گرۆسیۆس، لویس رینۆ، ...) پێیانوایە کە یاسای نێودەوڵەتی ئەو یاسایەیە گرنگی بە ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان دەوڵەتان دەدات تەنها لەسەر ئەو بنەمایەی کە دەوڵەت تاکە کەسی یاسای نێودەوڵەتیە.

- ئەم پێناسەیە بۆ ماوەی سێ سەدە بەردەوام بوو، زۆرێک لە بیرمەندانی یاسای نێودەوڵەتی لەسەر ئەم بۆچوونە کۆکن.

دادگای هەمیشەیی دادی نێودەوڵەتیش بەو بۆچوونەی وەرگرتووە کە تەنها دەوڵەتانی سەربەخۆ کەسی یاسای نێودەوڵەتین، لە ساڵی ١٩٢٧ لە کەیسی کەشتی لوتس Lotusلەنێوان تورکیا و فەڕەنسا، یاسای نێودەوڵەتی بەوە ناساند کە (...حوکمی پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەتان دەکات).

**<u>+ ئەم ڕێبازە</u>** دۆخی کۆمەلگەی نێودەوڵەتی هاوچەرخی پشتگوێخستووە، چونکە لە ئێستادا جگە لە دەوڵەت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و یەکێتی نێوان وڵاتان لە خۆدەگرێت و یاسای نێودەوڵەتیش ئاماژەیان پێدەدات.

**دووەم: ڕێبازی بابەتی – المذهب الموضوعي: تاک تەنها کەسی یاسای نێودەوڵەتیە**

لایەنگرانی ئەم ڕێبازە (لەوانەش لیۆن دوگی، جۆرج سێل) یاسای نێودەوڵەتی، وەک لقەکانی دیکەی یاسا، بریتیە لەو یاسایەی کە تەنها حوکمی پەیوەندییەکانی نێوان تاکە کەسە سروشتیەکان دەکات، و دەوڵەت کەسی یاسای نێودەوڵەتی نیە. بەڵگەیان بۆ ئەم بۆچوونە:

- تەنها تاکەکان کەسانی یاسای نیشتیمانی و نێودەوڵەتین، دەوڵەت ناتوانێت ببێتە کەسی یاسایی، کەسایەتی واتایی تەنها شتێکی واتاییە و ناکرێت دانیپێدابنرێت.
- یاسا ماف بە کەسەکان دەبەخشێت و ئەرکیشیان بەسەردا دەسەپێنێت، کەسی یاسایی بۆ ئەوەی بتوانێت ممارەسەی ئەو مافانە بکات و ئەو ئەرکانەش لە ئەستۆ بگرێت دەبێت ویست و تێگیشتنی (ارادة و ادراک) هەبێت کە تەنها کەسی سروشتی هەیەتی و کەسی واتایی (دەوڵەت) ئەمانەی نیە.

**<u>+ئەم ڕێبازە</u>** واقیعی بارودۆخی کۆمەلگەی نێودەوڵەتی پشتگوێخستووە، چونکە دەوڵەت کەسایەتی سەرەکیە تیایدا.

**سێیەم: ڕێبازی نویێ: المذهب الحديث: دەوڵەت کەسی سەرەکی یاسای نێودەوڵەتیە**

لایەنگرانی ئەم ڕێبازە دەڵێن یاسای نێودەوڵەتی بایەخ بە ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان کەسانی یاسای نێودەوڵەتی دەدات، بەڵام سەبارەت بە گرنگترین کەسی ئەم یاسایە لایەنگرانی ئەم ڕێبازە بەسەر سێ گروپی جیاوازدا دابەش دەبن:

- <u>گروپی یەکەم</u>: پێیانوایە یاسای نێودەوڵەتی ئەو یاسایەیە کە پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەتان و کەسانی دیکەی یاسای نێودەوڵەتی ڕێکدەخات بۆ ئەوەی دیاریبکەن کە جگە لە دەوڵەتان کەسەکانی دیکە کێن؟

- <u>گروپی دووەم:</u> پێیانوایە کە یاسای نێودەوڵەتی بریتیە لەو یاسایەی کە پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەتان و قەوارە نێودەوڵەتییەکانی دیکە ڕێکدەخات (وەک شۆڕشگێڕان، کڵێسە، ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، ڤاتیکان).

+ دەڵێن (فرد) تاک کەسی یاسای نێودەوڵەتی نیە.

- گروپی سێیەم: پێناسەی یاسای نێودەوڵەتی فراوان دەکەن و دەڵێن ئەم یاسایە پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەتان و ڕێکخراوەکان و هەروەها لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکدا (افراد) تاکەکانیش دەگرێتەوە.

**ئەم ئاڕاستەیە زیاتر لەگەڵ واقعی ئێستای نێودەوڵەتیدا دەگونجێت.**

بە لەبەرچاوگرتنی ڕەگەزەکانی یاسای نێودەوڵەتی، لە کەسەکان و بابەتەکەی و چوارچێوەی جێبەجێکردنەکەی، دەکرێت بەمجۆرە **پێناسەی یاسای نێودەوڵەتی** بکرێت :

بریتیە لە کۆمەڵێک ڕێسا کە بەسەر پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی نێوان کەسەکانی یاسای نێودەوڵەتیدا، لە دەوڵەتان و ڕێکخراوەکان و تاکەکان، لە چەند حاڵەتێکی دیارکراو لەناو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا، جێبەجێ دەبن. ئەم ڕێسایانە ماف بۆ ئەو کەسانە دەستەبەر دەکەن و ئەرکیشیان بەسەردا دەسەپێنن و ڕێساکانی بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی و لێکەوتەکانی لە پەیوەندییەکانی نێوان ئەو کەسانەدا دیاردەکەن.

# جیاکردنەوەی یاسای گشتی نێودەوڵەتی لە چەند ڕێسای دیکە

## تمييز القانون الدولي العام عن القواعد الأخرى

**١- جیاکردنەوەی یاسای گشتی نێودەوڵەتی لە ڕێساکانی موجامەلەی نێودەوڵەتی:**

- موجامەلە کۆمەڵێک نەریتە کە دەوڵەتان لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەسەری دەڕۆن بۆ بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی پەیوەندییەکانیان، بێ ئەوەی هیچ ڕێسایەکی یاسایی هەبێت کە پابەندیان بکات بە ئەنجامدانی ئەو کارە، وەک: بەخشینی کارمەندانی دەوڵەتی بێگانە لە باج یان مەرجەکانی مانەوە. بەڵام ڕێساکانی یاسای نێودەوڵەتی پابەندکارن و دەبێت دەوڵەتان بەناچاری پێیانەوە پابەند بن.
- پێشێلکردنی مجامەلەی نێودەوڵەتی لە لایەن دەوڵەتانەوە هیچ بەرپرسیارێتیەکی لێناکەوێتەوە، بەڵکو دەکرێت مامەڵەی هاوشێوەی لەگەڵدا بکرێتەوە. بەڵام پێشێلکردنی یاسای نێودەوڵەتی کارێکی نا یاسایی و نادروستە و بەرپرسیارێتی لێدەکەوێتەوە.

**دەکرێت موجامەلەیەکی نێودەوڵەتی بگۆڕدرێت بۆ ڕێسایەکی پابەندکار،** بە نموونە پاراستن و امتیازاتی دیبلۆماسی لەسەرەتادا موجامەلەی نێودەوڵەتی بوون و دواتر لە ڕێکەوتننامەی لاهای ساڵی ١٩٠٧ بوو بە ڕێسایەکی پابەندکار.

## ٢- جیاکردنەوەی یاسای گشتی نێودەوڵەتی لە (ئیتیک) ڕەوشتی نێودەوڵەتی :

مەبەست لە ڕەوشتی نێودەوڵەتی بوونی هەندێک ڕێسایە کە لە ویژدانی مرۆییەوە سەرچاوەیان گرتووە و جیهانین و پێویستە دەوڵەتان لە پەیوەندییەکانیاندا ڕەچاویان بکەن، (وەک پێشکەشکردنی هاوکاری بەو گەلانەی کە بە دەست هەژاریەوە گرفتارن، یان بڵاوبوونەوەی نەخۆشی، یان ڕووداوی کارەساتە سروشتییەکان).

- سەرچاوەی ڕێسا ڕەوشتییەکان ویژدانی مرۆڤایەتیە لەسەر ئاستی جیهان، بەڵام سەرچاوەی ڕێساکانی یاسای نێودەوڵەتی بریتیە لە ویست و بەرژەوەندی دەوڵەتان.

- پابەندنەبوون بە ڕێسا ڕەوشتییەکانەوە بەرپرسیارێتی یاسایی نێودەوڵەتی دروست ناکات، بەڵکو زیاتر نارەزایی ڕەخنەی لێدەکەوێتەوە، بەڵام سەرپێچیکردنی ڕێساکانی یاسای نێودەوڵەتی بەرپرسیارێتی یاسایی نێودەوڵەتی لێدەکەوێتەوە.

**دەکرێت ڕێسا ڕەوشتییەکان بگۆڕدرێن بە ڕێسای پابەندکار،** لە ڕێگەی نەریتی نێودەوڵەتییەوە یان لە ڕێگەی دەقێکی یاسای نێودەوڵەتیەوە و ببن بە ڕێسای یاسایی پابەندکار، بە نموونە مامەڵەکردن لەگەڵ قوربانیانی جەنگ،...

## ٣- جیاکردنەوەی یاسای گشتی نێودەوڵەتی لە یاسای سروشتی

- یاسای سروشتی کۆمەڵە ڕێسایەکی بابەتیە کە عەقڵی مرۆڤ کەشفی کردون و بوونیان پەیوەست نیە بە ویستی مرۆڤەوە. ڕێساکانی نموونەیی و خەیاڵین کە لە سروشتەوە سەرچاوە دەگرن و پێش هەبوونی مرۆڤ هەبوونە، بەڵام سەرچاوەی یاسای گشتی نێودەوڵەتی بریتیە لە ویستی دەوڵەتەکان و ڕێساکانی واقعین و بەرئەنجامی پێداویستیە جیاوازەکانی پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە.
- سەرپێچیکردنی یاسای سروشتی بەرپرسیارێتی یاسایی لێناکەوێتەوە بەڵام سەرپێچیکردنی یاسای نێودەوڵەتی بەرپرسیارێتی لێدەکەوێتەوە.

## ٤- جیاکردنەوەی یاسای گشتی نێودەوڵەتی لە یاسای نێودەوڵەتی تایبەت

لقێکە لە یاسای ناوخۆیی کە ڕەگەزنامەی کەسانی سەر بە دەوڵەت دیاردەکات لەگەڵ پێگەی بیانیەکان و هەروەها هەڵدەستێت بە دیارکردنی ئەو ڕێگەچارانەی کە پێویستە بگیرێنەبەر بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکی نێودەوڵەتی یاساکان و ناکۆکی تایبەتکاری دادوەری.

**لەچەند ڕوویەکەوە یاسای گشتی نێودەوڵەتی جیاوازە لە یاسای نێودەوڵەتی تایبەت:**

ا- لە ڕووی چوارچێوەی جێبەجێکردنیان: یاسای نێودەوڵەتی تایبەت لەچوارچێوەی ناوخۆی دەوڵەتاندا لەسەر پەیوەندییەکانی کەسەکانی یاسای ناوخۆ جێبەجێدەکرێت جا کەسی سروشتی بن یان کەسی واتایی، بەڵام یاسای گشتی نێودەوڵەتی لەسەر ئاستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی جێبەجێ دەکرێت لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان وڵاتان و ڕێکخراوەکان و تاکەکان.

ب-لە ڕووی بابەتەوە:

بابەتی یاسای نێودەوڵەتی تایبەت بریتیە لە بابەتەکانی ڕەگەزنامە، نیشتیمان (موطن)، ململانێی نێوان یاساکان لەنێوان وڵاتان، ئەو یاسایەی کە پێویستە پیادەبکرێت لەگەڵ دادگای تایبەتمەند. بەڵام بابەتی یاسای گشتی نێودەوڵەتی بریتیە لە ڕێکخستنی ماف و ئەرکی دەوڵەتان و پەیوەندییەکانیان.

ج-لە ڕووی دادگای تایبەتمەند بە ململانێکانەوە:

ئەو ناکۆکی و ململانێیانەی کە لە بابەتەکانی یاسای نێودەوڵەتی تایبەتەوە دروست دەبن دەچنە بەردەم دادگا ناوخۆییەکانەوە، بەڵام ئەو ناکۆکی و ململانێیانەی کە لە یاسای گشتیی نێودەوڵەتییەوە سەرچاوە دەگرن دەچنە بەردەم دادگا نێودەوڵەتیەکان، وەک دادگای دادی نێودەوڵەتی و دادگاکانی ناوبژیوانی نێودەوڵەتی.

د. لە ڕووی سیستەمی یاساییەوە:

یاسای نێودەوڵەتی تایبەت سەر بە یاسا تایبەتەکانە بەڵام یاسای گشتی نێودەوڵەتی سەر بە لقی یاسا گشتییەکانە.

## پەیوەندی نێوان یاسای نێودەوڵەتی و یاسای ناوخۆیی-العلاقة بين القانون الدولي والقانون الداخلي

- **یەکەم: بیردۆزی یەکبوونی یاساکان : نظرية وحدة القوانين:**

لایەنگرانی ئەم بیردۆزە (لەوانەش یاساناس هانس کلزن (Hans Kelsen)، پێیانوایە کە یاسای گشتی نێودەوڵەتی و یاسای نیشتیمانی دەکەونە ناو یەک سیستەمی یاسایی و ناکرێت لێکجودابکرێنەوە بەڵکو لەناو یەک هەرەمی یاساییدان ،بەلام لە یەک ئاستدا نین، ڕێساکانی خوارەوە هێز لە ڕێساکانی سەرەوە وەردەگرن.

لایەنگرانی ئەم بیردۆزە لەوەدا جیاوازن کە کام یاسا لەوەی دیکە باڵاترە:

**١- ئاڕاستەی یەکەم: یەکبوونی هەردوو یاساکە لەگەڵ باڵادەستی یاسای ناوخۆیی**

- هەردوو یاساکە لەناو یەک سیستەمی یاساین بەڵام یاسای ناوخۆیی باڵادەستی هەیە بەسەر یاسای گشتی نێودەوڵەتیدا، دەستوور باڵاترین ڕێسای یاسایی نیشتیمانیە و هەموو یاساکانی دیکە دەبێت ملکەچی بن و لەگەڵیدا کۆکبن.

- دەستوور دەسەڵات و تایبەتکارییەکانی پەیوەست بە کاروباری دەرەوە دیاردەکات بەتایبەت واژۆکردنی ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکان.

**ڕەخنە:**

- سەرچاوەی گشت ڕێساکانی یاسای گشتیی نێودەوڵەتی ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکان نیە؛
- بەپێی ئەم تیۆرییە ئەگەر دەستووری وڵات بگۆڕدرێت ئەوا مانای هەڵوەشاندنەوەی گشت پەیماننامەکان دەگەیێنێت.

**٢- یەکبوونی هەردوو یاساکە لەگەڵ باڵادەستی یاسای گشتی نێودەوڵەتی:**

یاسای نێودەوڵەتی باڵاترە و شکۆمەندی بەسەر یاسای ناوخۆییدا هەیە، بەڵکو دەتوانێت یاسای ناوخۆیی هەڵبوەشێنێتەوە ئەگەر پێچەوانەی بوو و یاسای ناوخۆیی لە یاسای نێودەوڵەتی وەرگیراوە.

**ڕەخنە:**

ئەم ئاڕاستەیە دەبێتە هۆی بێ بەهاکردنی سەروەری و تێکدانی سیستەمی یاسایی ناوخۆیی، چونکە یاسای ناوخۆیی لەپێش یاسای نێودەوڵەتی بوونی هەبووە.

**دووەم : تیۆری سەربەخۆیی هەردوو یاساکە : نظرية استقلال القانونين**

لایەنگرانی ئەم تیۆریە دەڵێن هەر یەک لە یاسای نێودەوڵەتی و یاسای ناوخۆیی بە تەواوەتی لێکجیاوازن و سەر بە دوو سیستەمی یاسایی جیاوازن و ناکرێک بخرێنە ناو یەک سیستەم و ئاوێتە بکرێن. لەبەر ئەم هۆیانە:

- جیاوازی سەرچاوەکانیان؛
- جیاوازی کەسە یاساییەکانیان؛
- جیاوازی بابەتەکانیان؛
- جیاوازی سزا بۆ سەرپێچیکردنیان؛
- جیاوازی بونیادی دانانی هەریەکەیان؛

**دەڵێن:** ناکرێت یاسای نێودەوڵەتی لەناوخۆدا جێبەجێبکرێت تەنها بە گرتنەبەری چەند هەنگاوێک نەبێت لەسەر ئاستی ناوخۆدا وەک پێشوازیکردن و ڕەوانەکردن (الاستقبال والاحالة) ی بۆ ناو یاسای ناوخۆ.

**ئەم تیۆرییە ئەم دەرئەنجامانەی لێدەکەوێتەوە**

- جیاوازی لەنێوان ڕێساکانی هەردوو یاساکە لەڕووی شێوە و بابەتەوە؛
- جێبەجێنەکردنی یاسای نێودەوڵەتی لەلایەن دادگا ناوخۆییە نیشتیمانیەکانەوە؛
- بەدوورزانینی ڕوودانی ململانێ لەنێوان ڕێساکانی ئەم دوو یاسایە .

**ڕەخنەکان :**

- جیاوازی لەنێوان ڕێساکانیان نیە بەڵکو جیاوازی لە شێوازی گوزارشت لێکردنیان هەیە ئەمەش نابێتە مایەی لێکجیاکردنەوەیان؛
- هاوشێوەی یاسای نێودەوڵەتی، لە یاسای ناوخۆیش یاسا هەیە بۆ تاکەکان و بۆ کەسانی واتایی و دامەزراوەکانی دەوڵەت؛
- جیاوازی نێوانیان بەهۆی جیاوازی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و کۆمەڵگەی ناوخۆییە، بەڵام لەدوای دروستبوونی دەسەڵاتی جێبەجێکردن و دادوەری لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەم جیاوازیە بەرەو لاوازی چووە؛
- لە هەندێک حاڵەتدا هەندێک ڕێسای یاسای نێودەوڵەتی ڕاستەوخۆ لەناوخۆدا جێبەجێ دەکرێت؛
- لە هەندێک دۆخدا ململانێ لەنێوان ئەم دوو یاسایە  دروست دەبێت، بە نموونە لە بابەتی مافەکانی مرۆڤ.

## سێیەم : پەیوەندی تەندروست لەنێوان دوو یاساکە :العلاقة السليمة بين القانونين

پەیوەندی نێوان ئەم دوو یاسایە نە یەکبوونێکی تەواوە نە سەربەخۆییەکی تەواوە، بەڵکو هەر یەکێکیان قەوارەی تایبەت بەخۆیی و ژینگەی خۆیە هەیە. بەڵام کاتێک بابەتێک دەکەوێتە نێوان هەردوو یاساکە، ئەوا بەشێوەیەکی گشتی باڵادەستی بۆ یاسای گشتی نێودەوڵەتیە، بەپێی ئەم بەڵگانە:

### 1. ئەزمونی وڵاتان؛

ڕێکەوتننامەی نێوان فەڕەنسا و تونس لە ساڵی ١٩٥٥.

### 2.ئەحکامی دادگای نێودەوڵەتی؛

بڕیاری دادگای دادی نێودەوڵەتی لە ڕێکەوتی ١٨-١٢-١٩٥١، لە کەیسی نێوان بەریتانیا و نەرویژ؛
بڕیاری دادگای دادی نێودەوڵەتی لە ڕێکەوتی ٢٧-٨-١٩٥٢، لە کەیسی نێوان ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و مەغریب؛

## 3.دەقی دەستووریی؛

❑<u>خۆگونجاندنی دەوڵەت بۆ یاسای نێودەوڵەتی بەپێی دەستووری نیشتیمانی؛</u>

دیباجەی دەستووری فەرەنسا ساڵی ١٩٤٦؛

❑<u>جەختکردنەوە لەسەر بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی و پابەندییە نێودەوڵەتییەکان؛</u>

مادده ٨ لە دەستووری کۆماری عێراق ساڵی ٢٠٠٥: *یرعى العراق مبدأ حسن الجوار، ویلتزم عدم التدخل في الشؤون الداخلیة للدول الاخرى، ویسعى لحل النزاعات بالوسائل السلمیة، ویقیم علاقاته على اساس المصالح المشتركة والتعامل بالمثل، ویحترم التزاماته الدولیة*).

❑<u>تێکەڵکردنی یاسای نێودەوڵەتی لەگەڵ دەستووری نیشتیمانی و دانانی بە بەشێک لەیاسای نیشتیمانی؛</u>

مادده ٦ لە دەستووری ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ساڵی ١٧٨٧.

## ❑دانانی دەستووریی بە باڵادەستی یاسای نێودەوڵەتی لەسەر یاسای ناوخۆیی؛

وەک مادده ٥٥ له دەستووری کۆماری فەڕەنسا ساڵی ١٩٥٨: *يكون للمعاهدات أو الاتفاقيات التي يتم التصديق أو الموافقة عليها حسب الأصول، وعند نشرها، قوة تفوق قوانين البرلمان شريطة أن يطبقها الطرف الآخر فيما يتعلق بهذا الاتفاق أو هذه المعاهدة.*

## 4.ڕێکەوتننامەی ڤیەننا بۆ پەیماننامەکان ساڵی ١٩٦٩؛

مادده (٢٧) له ڕێکەوتننامەی ڤیەننا بۆ پەیماننامەکان ساڵی ١٩٦٩ ( لا يجوز لطرف في معاهدة أن يحتج بنصوص قانونه الداخلي كمبرر لإخفاقه في تنفيذ المعاهدة، لا تخل هذه القاعدة بالمادة 46).

# لقەکانی یاسای گشتی نێودەوڵەتی-فروع القانون الدولی العام

**یەکەم : یاسای مرۆڤایەتی نێودەوڵەتی : القانون الدولي الإنساني:**

پێی دەوترێت (یاسای ناکۆکیە چەکدارییەکان) یان (یاسای جەنگ)، کۆمەڵە ڕێسایەکە کە تایبەتە بە پاراستنی ئەو کەسانەی بەشداریان لە جەنگ و کاری دوژمنکارانە نەکردوە یان وازیان لە بەشداریکردن هێناوە، و هەروەها سنوردارکردنی بەکارهێنانی ئامرازەکانی جەنگ لەپێناو کەمکردنەوەی ئازار و نەهامەتی جەنگ. ئامانج لەم یاسایە پارێزگاریکردنە لە قوربانیانی جەنگ و هاوڵاتیانی مەدەنی؛

- ئەم یاسایە لەمیانەی ناکۆکیە چەکدارییەکاندا جێبەجێدەکرێت، تەنها تایبەت نیە بە هێزە چەکداریە حکومیە فەرمیەکان، بەڵکو هێزە چەکداریە ناحکومیەکانیش دەگرێتەوە.

**ڕێکەوتننامەکانی ژنێف ساڵی ١٩٤٩ و پرۆتۆکۆڵەکانی.**

**دووەم : یاسای نێودەوڵەتی بۆ مافەکانی مرۆڤ : القانون االدولي لحقوق الانسان:**

کۆمەڵە ڕێسایەکی گشتی و مجردە کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە شێوەی پەیماننامە و جاڕنامە و پرۆتۆکۆلدا دایناوە، بۆ بەرەنگاربوونەوەی پێشێلکردنی ماف و ئازادییەکان لەلایەن دەسەڵاتە نیشتیمانیەکانەوە.

ئەو ماف و ئازادیانە دیاردەکات کە پێویستە دەوڵەتەکان ڕێزیان لێبگرن و لە سنوری خۆیاندا بۆ هاوڵاتیەکانیان دابینیان بکەن، بە هەر سێ نەوەی مافەکانەوە.

<u>سەرچاوەکانی یاسای نێودەوڵەتی بۆ مافەکانی مرۆڤ :</u>

- بەڵگەنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان ١٩٤٥؛
- جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ ١٩٤٨؛
- پەیماننامە نێودەوڵەتیەکانی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریەکان.

**سێیەم :یاسای تاوانکاری نێودەوڵەتی : القانون الدولي الجنائي:**

کۆمەڵە ڕێسایەکی یاسایی نێودەوڵەتی بابەتی و ڕێکاریی (الموضوعية والاجرائية)ە کە هەوڵ دەدات پارێزگاری نێودەوڵەتی بۆ مافەکانی مرۆڤ لە ڕووی تاوانکارییەوە دەستەبەر بکات.

- **ڕێسای بابەتی (القواعد الموضوعية):** بە تاوان دانانی هەندێک ڕەفتار کە پێشێلی مافەکان دەکەن؛
- **ڕێسای ڕێکاریی (القواعد الاجرائية):** دەستگیرکردن و دادگاییکردنی تاوانباران و سەپاندنی سزا بەسەریاندا لە دادگا نێودەوڵەتیەکاندا.

- ئەم لقە لە یاسای گشتی نێودەوڵەتی لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانەوە سەری هەڵدا بەتایبەت لە دوای دروستبوونی هەردوو دادگای نۆرنبێرگ و تۆکیۆ، و دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی یوگسلافیای پێشوو ساڵی ١٩٩٣، و دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی ڕواندا ساڵی ١٩٩٤ .

ئەم چوار دادگایە کاتی بوون و بۆ تاوانی دیارکراو دانرابوون، لەگەڵ کۆتایی هاتنی کەیسەکان دادگاکانیش کۆتاییان دەهات .

یەکەم هەنگاو بۆ دامەزراندنی دادگایەکی تاوانکاریی نێودەوڵەتی بە شێوەیەکی جێگیر و بەردەوام بریتیە لە پەسەندکردنی نیزامی بنەڕەتی ڕۆما  ساڵی ١٩٩٨، کە لە ساڵی ٢٠٠٢ کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە .

**چوارەم: یاسای ژینگەی نێودەوڵەتی : القانون الدولي البيئي:**

ئەو ئەحکامانە لەخۆدەگرێت کە هاوکاری نێوان وڵاتان دەستەبەر دەکات لەپێناو بەرەنگاربوونەوەی ڕەفتارەکانی تێکدانی ژینگە. نموونە، رێکەوتننامەی چوارچێوەسازی نەتەوە یەکگرتووەکان پەیوەست بە گۆڕینی کەش و هەوا  UNFCCC١٩٩٢، ڕێکەوتننامەی پاریس بۆ گۆڕانی کەش و هەوا ساڵی  ٢٠١٥.

**پێنجەم : یاسای دارایی و ئابووری نێودەوڵەتی : القانون الدولي المالي والاقتصادي:**

پەیماننامەکانی تایبەت بە بانکی نێودەولەتی ١٩٤٤، سندوقی نەختینەی نێودەوڵەتی ١٩٤٥، ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی ١٩٩٥.

**شەشەم : یاسای نێودەوڵەتی بۆ گەشەپێدان : القانون الدولي للتنمية:**

بڕیاری کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ساڵی ١٩٨٦ لەسەر دابینکردنی مافی گەشەپێدان کە مافێکە نابێت مامەڵەی پێوبکرێت و بۆ هەموو تاک و گەلێک دابینبکرێت لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و سیاسیەوە.

**حەوتەم: یاسای دەریایی نێودەوڵەتی : القانون الدولي البحري:**

رێکەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یاسای دەریایی ١٩٨٢.

**هەشتەم: یاسای گەیاندنە نێودەوڵەتییەکان : قانون الاتصالات الدولية:**

یەکێتی نێودەوڵەتی بۆ پەیوەندییەکان ITU، ١٨٦٥ .

**نۆیەم: یاسای ڕێکخستنی نێودەوڵەتی : القانون التنظيم الدولي:**

ميثاق الأمم المتحدة ١٩٤٥.

**دەیەم: یاسای دیبلۆماسی و کونسوڵگەری : القانون الدبلوماسي والقنصلي:**

اتفاقية فيينا للعلاقات الدبلوماسية عام 1961.

**يازدەیەم: یاسای ئاسمانی نێودەوڵەتی : القانون الجوي الدولي:**

رێکەوتننامەی فڕۆکەوانی مەدەنی نێودەوڵەتی ،ICAO. ١٩٤٤

**دوازدەیەم: یاسای نێودەوڵەتی بۆ پەنابەران: القانون الدولي للاجئين:**

اتفاقية الأمم المتحدة لعام 1951 وبروتوكول 1967 الخاصين بوضع اللاجئين.

**سێزدەیەم : یاسای بۆشایگەری دەرەکی : قانون الفضاء الخارجي:**

معاهدة المبادئ المنظمة لأنشطة الدول في ميدان استكشاف واستخدام الفضاء الخارجي، بما في ذلك القمر والأجرام السماوية الأخرى (”معاهدة الفضاء الخارجي“)، عام 1967.

# بنەمای پابەندبوون بە یاسای نێودەوڵەتی
# اساس الالتزام بالقانون الدولى

## ١-تیۆرەکانی تایبەت بە ویست
النظريات الإرادية

- تیۆری ویستی خۆکرد : التحديد الذاتي
- تیۆری ویستی هاوبەش : الإرادة الجماعية

## ٢- تیۆریە بابەتیەکان
النظريات الموضوعية

- تیۆری پەتی یاسا:النظرية المجردة للقانون
- تیۆری هاوکاری کۆمەڵایەتی : نظرية التضامن الاجتماعي

## ٣-پێکەوەژیانی ئاشتیانە
التعايش السلمي

**یەکەم : تیۆرەکانی تایبەت بە ویست : النظريات الإرادية:**

لایەنگرانی ئەم تیۆریە پێیانوایە ویستی دەوڵەتەکان بنەمای پابەندێتی ڕێساکانی یاسای نێودەوڵەتیە، بەڵام سەبارەت بە سروشتی ویستی ( الإرادة ) دەوڵەتەکان جیاوازن:

**- تیۆری ویستی خۆکرد : التحديد الذاتي :**

یەکێک لە لایەنگرانی ئەم تیۆریە جۆرج یلینک (ئەڵمانی)ە، پێیانوایە ویستی تاکلایەنەی دەوڵەت بنەمای قبوڵکردنی یاسای نێودەوڵەتیە، ناکرێت دەسەڵاتێک بەسەر دەوڵەتدا بسەپێندرێت بێ ویستی خۆی.

دەوڵەت خاوەن سەروەریە و ناکرێت ملکەچ بێت بۆ ویستێک لەسەرووی خۆی.

**ڕەخنە :**

دەبێتە هۆی تێکدانی سەقامگیری لە دۆخە یاساییەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، ئەگەر دەوڵەتێک بە ویستی خۆی پابەندی ئەم یاسایە بێت ئەوا هەرکاتێک بیەوێت پێیەوە پابەند نابێت.

**- تیۆری ویستی هاوبەش : الإرادة المشتركة :**

یاساناسی ئەڵمانی تریپێل ئەم تیۆریەی داناوە، لایەنگرانی ئەم تیۆریە پێیان وایە ویستی هاوبەشی دەوڵەتان، کە بەشداری دەکەن لە دروستکردنی ڕێسا نێودەوڵەتییەکان، بنەمای پابەندبوونە بەم یاسایە، ئەم ویستە وادەکات هەموویان پێیەوە پابەندبن.

- لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا دەسەڵاتێکی باڵا نیە کە ئەم ڕێسایانە دابنێت و دەوڵەتان ناچاربکات پێیانەوە پابەند بن.
- ئەم ویستە هاوبەشەی نێوان دەوڵەتان باڵادەستی دەبێت بەسەر ویستی تاکە تاکەی وڵاتاندا.

**ڕەخنە:**

بەپێی ئەم تیۆریە ویستی دەوڵەتان لەسەرووی یاسای نێودەوڵەتیەوەیە، ئەمەش وادەکات کە یاسای نێودەولەتی هێز و توانای لەدەست بدات بۆ سەپاندنی سزا و بەرپرسیارێتی لەسەر دەوڵەتان.

## دووەم : تیۆریە بابەتیەکان : النظریات الموضوعیة :

لایەنگرانی ئەم تیۆریە بنەمای پابەندێتی یاسای نێودەوڵەتی دەگەڕێننەوە بۆ هەندێک فاکتەر کە لە دەرەوەی ویستی مرۆڤایەتی و دەوڵەتانە، و دابەش دەبن بەسەر چەند ئاڕاستەیەکدا:

**- تیۆری پەتی یاسا : النظریة المجردة للقانون :**

قوتابخانەیەکی نەمساویە، لایەنگرانی پێیانوایە گشت سیستەمێکی یاسایی هەڕەمێکی هەیە ڕێساکانی خوارەوە هێز و ڕەوایەتی و دروستێتی لە ڕێساکانی سەرووی خۆیان وەردەگرن. ئەم پلەبەندییە بەردەوام دەبێت تا دەگاتە ڕێسایەکی گریمانەیی کە لە سەروو گشت ڕێساکانی دیکەوەیە، ئەویش (ڕێسای پیرۆزی ڕێکەوتن و پابەندبوون بە بەڵێن)ە.

- **ڕەخنە :**

- حەقیقەتی ئەم تیۆرییە گریمانەییە و ناتواندرێت بسەلمێندرێت.

**- تیۆری هاوکاری کۆمەڵایەتی : نظرية التضامن الاجتماعي:**

قوتابخانەیەکی فەرەنسیە، یەکێک لە لایەنگرانی بریتیە لە (لیۆن دوگی)، پێیانوایە هاوکاری کۆمەڵایەتی بنەمای سەرهەڵدانی یاسایە. نکۆڵی لە سیفەتی سەروەری و کەسایەتی واتایی دەوڵەت دەکەن و پێیانوایە لە کۆمەڵێک کەسی سروشتی پێکدێت.

بوونی یاسا پەیوەست نیە بە بوونی دەوڵەتەوە، بەڵکو یاسا لە پێش دەوڵەتەوە هەبووە و پەیوەست بووە بە زەروریاتی ژیان لەناو کۆمەڵگە. یاسا و هێزی پابەندکاریەکەی لە هەستی تاکەکانەوە سەرچاوە دەگرێت بەوەی کە هاوکاری یەکتر بکەن و ملکەچ بن بۆ پاراستنی کۆمەڵگە.

**<u>- رەخنە:</u>**

ئەم تیۆریە نەیتوانیە بنەمایەکی ورد و ڕوون بۆ پابەند بوون بە یاسای نێودەوڵەتی دابنێت.

## سێیەم : پێکەوەژیانی ئاشتیانە : التعايش السلمي:

قوتابخانەیەکی سۆڤیەتیە، لایەنگرانی ئەم تیۆرە وەکو (تونکین)، پێیانوایە بنەمای پابەندبوون بە یاسای نێودەوڵەتی لە بیرۆکەی پێکەوەژیانی ئاشتیانە لەنێوان هەردوو سیستەمی سەرمایەداری و سۆشیالیستی سەرچاوەدەگرێت، بەمەبەستی پارێزگاریکردن لە بەرژەوەندییە ئابوورییە هاوبەشەکان لەنێوانیاندا، لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی دیکەیان لەبواری ڕۆشنبیری و پاراستنی ئاشتی و ئسایشی نێودەوڵەتی.

یاسای کلاسیکی نێودەوڵەتی گوزارشت لە بەرژەوەندی دەوڵەتانی سەرمایەداری دەکات و ئامانجیش لێی پاراستنی ئەو بەرژەوەندییانەیە. بەڵام دەوڵەتانی کۆمۆنیست سیستەمە یاساییەکەیان لەسەر بنەمای ئابووری کۆمەڵایەتی دادەمەزرێنن.

- **ڕەخنە؛**

ئەم تیۆرە ڕۆڵێکی گەورەی بە فاکتەرە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکان داوە، بەڵام فاکتەرە سیاسیەکانی پشتگوێخستووە کە لە ڕاستیدا ئەوان پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بەڕێوەدەبەن.

ڕەزامەندی دەوڵەتان ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە پابەندێتی یاسای نێودەوڵەتی، بەڵام ڕەها نیە، بەڵکو هەندێک ڕێسای امرە و پابەندکار هەن کە ڕەزامەندی دەوڵەت ڕۆلی لە پابەندێتیان نیە، لەوانەش:

- قەدەغەکردنی بەکارهێانی هێز؛
- ڕێگریکردن لە دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆ؛
- ڕەچاوکردنی بنەمای درواسێیەتی باش؛
- مافی بەرگریکردنی ڕەوا؛
- مافی گەلان لە بڕیاردان لە چارەنووسیان؛
- ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ؛
- نەریتە جێگیرە نێودەوڵەتییەکانی جەنگ.

# سروشتی یاسای نێودەوڵەتی-طبيعة القانون الدولي

ئایا ڕێسای یاسای نێودەوڵەتی هەمان تایبەتمەندی یاسای ئاسایی هەیە؟

**ئاڕاستەی یەکەم : ڕێسای یاسای نێودەوڵەتی ڕێسای یاسایی نین:**

ئەم ئاڕاستەیە لەسەرەتای دەرکەوتنی یاسای نێودەوڵەتی سەریهەڵدا، پێیوایە ڕێساکانی یاسای نێودەوڵەتی سروشتی یاساییان نیە، لەبەر ئەم هۆیانە:

- یاسای نێودەوڵەتی یاسادانەری نیە؛ دەوڵەتان لە هەڵسوکەوتیاندا پابەندی ڕێسای دیارکراو نەبوون، بەڵکو هەندێک نەریتی نێودەوڵەتی هەبوو؛
- دامەزراوەکانی جێبەجێکردنی بنەما نێودەوڵەتیەکان لە ئاستی پێویستدا نەبوو؛
- رەگەزی سزا لە یاسای نێودەوڵەتیدا نیە؛
- دەسەڵاتی دادوەری لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دانەمەزرابوو.

## ئاڕاستەی دووەم : ڕێساکانی یاسای نێودەوڵەتی ڕێسای یاساین

پێیانوایە ڕێساکانی یاسای نێودەوڵەتی سروشتی یاساییان هەیە، بەم بەڵگانە:

**<u>یەکەم: لەڕووی یاسادانەرەوە:</u>**

پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان بوونەتە سەرچاوەی دروستکردنی ڕێسای یاسای نێودەوڵەتی، ئەمەش ڕۆڵی یاسادانان دەبینێت. دەوڵەتان لەڕێگەی ئەو پەیماننامانەوە گوزارشت لە ویستی بەکۆمەڵی خۆیان دەکەن بە ملکەچبوون بۆ یاسای نێودەولەتی. زۆرێک لەو ڕێسایانەی کە پەیماننامەی یاسادانەر (المعاهدات الشارعة) دایاندەنێت تایبەتمەندی ڕێسای یاساپی ناوخۆییان هەیە و ناکرێت سەرپێچیان بکرێت و سیفەتی امیرەیان هەیە.

<u>سەرچاوەی ڕێساکانی یاسای نێودەوڵەتی بریتیە لە:</u> نەریتی نێودەوڵەتی کە مارەسەی وەڵاتانە؛ و پەیماننامە نێودەوڵەتیە بەکۆمەڵەکان کە ڕێسای گشتی امرە بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دادەڕێژن، ئەمەش هاوشێوەی تەشریعکردنی یاسای نێودەوڵەتیە.

**دووەم: لەڕووی دەسەڵاتی سیاسی باڵا بۆ جێبەجێکردنی یاسای نێودەوڵەتی**

لەدوای دروستبوونی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە، دامەزراوەی تایبەت هەن ئەرکی چاودێری جێبەجێکردنی ڕێسای نێودەوڵەتی لە ئەستۆ دەگرن، بەتایبەت لە پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی و ڕێزگرتن لە بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی. بە نموونە، لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەنجومەنی ئاسایش ئەم ئەرکەی پێ سپێردراوە.

**سێیەم: لەڕووی سزاوە:**

ئەرکی سزا گەرەنتیکردنی جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی یاسایە، گرنگیەکەی ئەو کاتە دەردەکەوێت کە یاسا پێشێلدەکرێت. بۆیە نەبوونی سزا یان لاوازبوونی کاریگەری نابێت لەسەر هەبوونی یاسا، بەڵکو کار لە ڕێکخستنی سیستەمی کۆمەڵایەتی دەکات.

یاسای نێودەوڵەتی سزای جۆراوجۆر لەخۆدەگرێت بۆ هەر لایەنێک کە پێشێلی بکات، هەندێکیان دەکرێت تەنها دەوڵەتێک بیسەپێنێت و هەندێکیان بە کۆمەڵ دەسەپێندرێن لەڕێگەی ڕێکخراو و دامەزراوە نێودەوڵەتیەکانەوە، هەندێکیان توندوتیژیان لەگەڵدا نیە و هەندێکی دیکەیان توندوتیژیان لەگەڵدایە، و هەندێکیان سزای نوێ و تایبەتن.

# جۆرەکانی سزا لە یاسای نێودەوڵەتیدا – أنواع الجزاء في القانون الدولي

**یەکەم : ئەو سزایانەی کە سەپاندنیان توندوتیژی لەگەڵدا نیە: جزاءات لا تستخدم فيها القوة**

**١- سزا مەعنەوییەکان-جزاءات معنوية:**

وەک لۆمەکردن، نارەزایی دەربڕین، ڕەخنەگرتن، نارەزایی ڕای گشتی، سەرزەنشتکردن. دەکرێت ئەم سزایانە ڕاستەوخۆ ئاراستەی وڵاتانی سەرپێچیکار بکرێن یان لە کۆنگرە و کۆنفرانسەکانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان ئاراستەیان بکرێت. ئەم سزایانە هیچ لێکەوتەیەکی ماددی لەسەر وڵاتی سزادراو نابێت.

**٢- سزا دیپلۆماسییەکان-جزاءات دبلوماسية :**

ئەمجۆرە سزایانە پەیوەندی بە نوێنەرایەتیکردنی دیپلۆماسی نێوان وڵاتان هەیە، کاتێک دەوڵەتێک سەرپێچییەکی یاسای نێودەوڵەتی ئەنجام دەدات، وڵاتانی دیکە ئەم سزایە وەک کارتێک لەدژی بەکاردێنن بۆ فشارلێکردن و ڕاگرتنی سەرپێچیەکەی.

وەک پچڕاندنی پەیوەندی لەنێوان وڵاتانی عەرەبی و دەوڵەتی میسر و گواستنەوەی بارەگای کۆمکاری وڵاتانی عەرەبی بۆ تونس دوای ئەوەی میسر پەیماننامەی کامپ دەیڤدی لەگەڵ ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٧٨ واژۆکرد.

**٣- سزا داراییەکان-الجزاءات المالية:**

کاتێک بڕیار لە بەرپرسیارێتیەکی دەوڵەتێکی دیارکراو لە پێشێلکردنی یاسای نێودەوڵەتی دەدرێت، ئەمجۆرە سزایە لە شێوەی قەرەبووکردنەوەی زیانەکان دادەنرێت. بڕی زیان و قەرەبووەکان یان بە ڕێکەوتنی وڵاتان دەبێت یان بە پێی بڕیارێکی دادگا دەبێت.

**٤- سزا یاساییەکان-الجزاءات القانونية:**

بریتیە لە هەڵوەشاندنەوەی ڕەفتارێکی دەوڵەتێک بەهۆی سەرپێچیکردنی بنەما و مەرجە یاساییەکان کە لە یاسای نێودەوڵەتیدا دانراون.بەنموونە کارنەکردن بە پەیماننامەیەک و هەڵوەشاندنەوەی بەهۆی ئەوەی کە تەندروست نیە، جا بەهۆی کەموکورتی لە ئەنجامدانی پەیماننامەکە یان نارەوایەتی بابەتەکەی، یان ئەوەتا پێچەوانەیە لەگەڵ پەیماننامەیەکی لەخۆی باڵاتر. <u>ماددەکانی (٤٦-٥٢) لە ڕێکەوتننامەی ڤییەننا بۆ یاسای پەیماننامەکان ساڵی ١٩٦٩، حاڵەتەکانی بەتاڵکردنەوەی پەیماننامەکان دیاردەکات.</u>

**٥- سزاکانی تەمبێکردن-الجزاءات التأديبية :**

ئەم سزایە زیاتر لەلایەن ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە دەسەپێندرێت لەدژی دەوڵەتانی ئەندام کە سەرپێچی بەڵگەنامەکانیان یان یاسای نێودەولەتی دەکەن، ئەم سزایە دوو شێوەی هەیە:

- **ڕاگرتنی ئەندامێتی بۆ ماوەیەک:** ئەم سزایە کاتیە و مەبەست لێی فشارخستنە سەر ئەندامەکەیە بۆ ئەوەی پاشگەزببێتەوە لە ڕەفتارەکەی کە سەرپێچیە، و بۆ ئەوەی کاتێکی هەبێت کە بەخۆیدا بچێتەوە، ئەگەر پاشگەزبووەوە لە ڕەفتارەکەی ئەوا ئەندامێتی بۆ دەگەڕێتەوە. بە نموونە: هەڵپەساردنی ئەندامێتی سوریا لە کۆمکاری عەرەبی ساڵی ٢٠١١. مادده (٥) لە بەڵگەنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان باس لە حاڵەت و چۆنیەتی هەڵپەساردنی ئەندامێتی وڵاتانی ئەندام و گەڕانەوەیان دەکات.

- **دەرکردنی دەوڵەتێک لە ڕێکخراوەکە:** ئەم سزایە لەڕووی سروشت و لێکەوتەوە توندترە لە لە سزای یەکەم، بەپێی ئەم سزایە پەیوەندییەکانی دەوڵەتەکە لەگەڵ ڕێکخراوەکە دەپچرێت و ئەندامێتی لێوەردەگیرێتەوە. مادده (٦) لە بەڵگەنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان باس لە حاڵەت و چۆنیەتی دەرکردنی وڵاتانی ئەندام لە ڕێکخراوەکە دەکات.

### ٦- دابڕاندنی دەوڵەت لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی-عزل الدولة عن المجتمع الدولي:

سەپاندنی ئەم جۆرە سزایە دەوڵەتی سزادراو لەناو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ناشیرین دەکات، و لە زۆر بواری سیاسی و دیپلۆماسی و ئابووری و پەیوەندییەکانەوە بایکۆت دەکرێت. مادده (٤١) لە بەڵگەنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان باس لەمجۆرە سزایە دەکات.

### دووەم : ئەو سزایانەی کە سەپاندنیان توندوتیژی لەگەڵدایە: جزاءات تستخدم فيها القوة

لە کۆندا هەندێک سزا هەبوون کە لە مامەڵەی نێوان وڵاتان کاری پێدەکرا، وەک تۆڵەکردنەوە، ستەم و سەرکوتکردن، داگیرکردنی سەربازی، بەڵام لە سەردەمی ئێستا ئەم کارانە قبوڵکراو نین، بەڵکو سەپاندنیان لەلایەن وڵاتانەوە دەبێتە هۆی زیانگەیاندن بە یاسای نێودەوڵەتی. لەم سەردەمەدا جۆری ئەو سزایانەی کە توندوتیژی لەگەڵدایە چەند شێوەیەک لەخۆدەگرێت:

**١- سزا سەربازییەکان-الجزاءات العسكرية:**

دەکرێت پەناببرێتە بەر بەکارهێنانی هێزی سەربازی لەدژی ئەو دەوڵەتەی سەرپێچیکردوە، یان کاری دوژمنکارانەی لەدژی وڵاتانی دیکە کردوە، ئەمەش بۆ بەرپەرچدانەوە و ناچارکردنی بۆ دەستهەڵگرتن لەم ڕەفتارەی. مادده (٥١) لە بەڵگەنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان باس لە چۆنیەتی سەپاندنی ئەمجۆرە سزایە دەکات.

دەکرێت ئەم سزایانە بە یەکێک لەم شێوانە بسەپێندرێت: (لە ڕێگەی دەوڵەتانەوە، وەک مافی بەرگریکردنی ڕەوا؛ لەڕێگەی هاوپەیمانێتیە سەربازییەکانەوە؛ و لەڕێگەی پێکهێنانی هێزی نێودەوڵەتی بە بڕیاری نێودەوڵەتی و لە ڕێگەی ئەنجومەنی ئاسایشەوە، بەگوێرەی (بەشی حەوتەم لە بەڵگەنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان).

**٢- سزا تاوانکارییەکان-الجزاءات الجنائية:**

سەپاندنی سزای تاوانکاری لەناو یاسای نێودەوڵەتی جیاوازی لەنێوان یاساناسان دروستکردوە:

<u>ئاڕاستەی یەکەم:</u> بەپێی ئەو تێڕوانینە کلاسیکیەی کە دەوڵەت تاکە کەسی یاسای نێودەوڵەتییە، تەنها دەوڵەت بەرپرسیار دەبێت لە تاوانە نێودەوڵەتییەکان؛

ئاڕاستەی دووەم : بەرپرسیارێتی تاوانکاری دوو لایەنەیە بۆ دەوڵەت و بۆ تاک، چونکە دەوڵەت و ئەو کەسانەی کە بە ناویەوە ڕەفتار دەکەن بەرپرسیارێتی تاوانکارییان دەکەوێتەسەر لە سەرپێچیکردنی یاسای نێودەوڵەتی.

ئاڕاستەی سێیەم :تاوانی نێودەوڵەتی تەنها لە لایەن کەسی سروشتیەوە ئەنجام دەدرێت و بەرپرسیارێتی تاوانکاریی نێودەوڵەتی دەکەوێتە ئەستۆ، کەسی مەعنەوی ناتوانێت تاوانی نێودەوڵەتی ئەنجامبدات.

- لەناو ئەحکام و بڕیارەکانی دادگای نۆرنبێرگ ساڵی ١٩٤٥، هەروەها لە نیزامی بنەڕەتی دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی یوگسلاڤیا ساڵی ١٩٩٣ و دادگای نێودەوڵەتی ڕواندا ساڵی ١٩٩٤، جەخت لەسەر بەرپرسیارێتی تاوانکاری تاکەکەسی کەسانی سروشتی کراوەتەوە. بەرپرسیارێتی تاوانکاری کەسی سروشتی لە نیزامی بنەڕەتی ڕۆما ساڵی ١٩٩٨ جەختی لەسەرکراوەتەوە، لە مادده (٢٥) دا دەڵێت:

1- يكون للمحكمة اختصاص على الأشخاص الطبيعيين عملاً بهذا النظام الأساسي.

2- الشخص الذي يرتكب جريمة تدخل في اختصاص المحكمة يكون مسئولاً عنها بصفته الفردية وعرضة للعقاب وفقاً لهذا النظام الأساسي.

### ٣- سزا ئابوورییەکان-العقوبات الاقتصادية:

بەکارهێنانی فشاری ئابووری بۆ ناچارکردنی دەوڵەتێک تاکو ڕێز لە یاسای نێودەوڵەتی بگرێت، وەک سەپاندنی گەمارۆی ئابووری بەسەر وڵاتێکدا، چ لە کاتی ئاشتی چ لە کاتی شەڕ.

دەوڵەتان دەتوانن بە تەنها بیسەپێنن یان بە کۆمەڵ و لە ڕێگەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، وەک گەمارۆی ئابووری لەسەر عێراق لە دوای داگیرکردنی کوەیت لە ساڵی ١٩٩٠.

### سزا زیرەکەکان-العقوبات الذكية:

لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، هەندێک جۆری سزای نوێ هاتوونەتە کایەوە، وەک قەدەغەکردنی گەشتکردن، بلۆککردنی ماڵ و سامان، ڕێگریکردن لە چەکدارکردن.

ئەم سزا نوێیانە وەک بەدیلێک دەرکەوتوون بۆ جێگرتنەوەی سزا گشتگیرەکان لە دژی دەوڵەتەکان بۆ ئەوەی کۆی گشتی خەڵکی وڵاتێک زیانمەندنەبێت.

## چوارەم: لەڕووی دادگاوە:

لەسەر ئاستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی چەند جۆرە دادگایەک هەیە؛

### ١- دادگای مەدەنی نێودەوڵەتی-القضاء الدولی المدني

دادگای دادی نێودەوڵەتی هەمیشەییە، ڕۆڵی دادگای جیهانی دەبینێت. لە سەردەمی ڕێکخراوی کۆمەڵەی گەلان دروست بووە لە ساڵی ١٩٢٠. لەدوای کۆتایی هاتنی ئەم ڕێکخراوە و دروستبوونی نەتەوە یەکگرتووەکان دادگای دادی نێودەوڵەتی ئێستا شوێنی ئەوەی پێشووی گرتەوە .

ئەم دادگایە دەستەیەکی دادوەری سەرەکی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە، تەنها دەوڵەتەکان بۆیان هەیە ببنە ئەندام لەم دادگایە، و تەنها دەوڵەتان دەتوانن لەم دادگایە داوا تۆمار بکەن، جا ئەندامی UN بن یان نا.

### تایبەتکاری ئەم دادگایە:

-بەپێی یاسای نێودەوڵەتی دەڕوانێتە ئەو ناکۆکیە یاساییانەی کە لەلایەن وڵاتانەوە لەبەردەم ئەم دادگایە تۆمار دەکرێن؛

-ڕای ڕاوێژکاری دەداتە ئەو ئۆرگانانەی نەتەوە یەکگرتووەکان کە سەبارەت بە نیزامی قانونی پرسیاری لێدەکەن.

## ٢- دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی-المحكمة الجنائية الدولية

ئامانج لە دامەزراندنی ئەمجۆرە دادگایە بریتیە لە دادگاییکردن و سزادانی ئەو کەسانەی کە تاوانی نێودەوڵەتی ترسناک لە دژی مرۆڤ ئەنجامدەدەن.

**<u>دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی (کاتی و تایبەت) :</u>**

دادگای سەربازی نێودەوڵەتی نۆرنبێرگ ١٩٤٥؛ دادگای سەربازی نێودەوڵەتی تۆکیۆ ١٩٤٦؛ دادگای یوگسلافیای پێشوو ١٩٩٣؛ دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی ڕواندا ١٩٩٤؛ دادگای نێودەوڵەتی تایبەت بە لوبنان ٢٠٠٩ (لێکۆڵینەوە لە تیرۆر).

**<u>دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی هەمیشەیی:</u>**

بەپێی نیزامی بنەڕەتی ڕۆما ساڵی ١٩٩٨ دامەزرا و لە ساڵی ٢٠٠٢ کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە. یەکەم دادگای نێودەوڵەتی هەمیشەیی و تایبەتمەندە بە دادگاییکردنی بکەرانی تاوانە ترسناکەکان لەبواری مافەکانی مرۆڤ، وەک تاوانی جینۆساید، تاوانەکانی دژە مرۆڤایەتی، تاوانەکانی جەنگ و تاوانی دوژمنکارانە.

## ٣- دادگای کارگێڕی نێودەوڵەتی: القضاء الدولي الإداري

کاری ئەم دادگایە چارەسەرکردنی ناکۆکی کارگێڕییە لە نێوان فەرمانبەرانی نێودەوڵەتی و ئەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییانەی کە کاریان تیادا دەکەن.

دادگای کارگێڕی تایبەت بە ناکۆکیە کارگێڕییەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ١٩٤٩، ئەم دادگایە لە ساڵی ٢٠٠٩ گۆڕدرا بە سیستەمی (هێنانەکایەی دادپەروەری ناوخۆیی لە نەتەوە یەکگرتووەکان).

**بەپێی ئەم سیستەمە نوێیە، چارەسەرکردنی ناکۆکیە کارگێڕییەکانی ناو ئەم ڕێکخراوە دوو قۆناغی هەیە:**

- سیستەمی نافەرمی: چارەسەری دۆستانە و نادادوەری بۆ کێشەکان بە نێوەندگیری و ڕێکەوتنی لایەنە ناکۆکەکان؛
- سیستەمی فەرمی: پەنابردن بۆ دادگا و تۆمارکردنی داوا لە دادگای ناکۆکیەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، وەک (دادگایەکی بەرایی)، و دواتر تانەلێدانی لە دادگای پێداچوونەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان (وەک دادگای کۆتایی).

## ٤- دادگای نێودەوڵەتی بۆ یاسای دەریاوانی: المحكمة الدولية لقانون البحار

ئەم دادگایە بەپێی ڕێکەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یاسای دەریاوانی لە ساڵی ١٩٨٢ دامەزراوە.

ئەم دادگایە تایبەتمەندە بە ڕاڤەکردنی بەندەکانی ئەو ڕێکەوتننامەیەو یەکلاکردنەوەی هەر بڕگە و ماددەیەکی ئەو ڕێکەوتننامەیە و هەر کارێکی دیکە کە پێی بسپێردرێت.

لە بوارەکانی ڕاوەماسی، پیسبوونی ژینگە، دیارکردنی سنووری دەریایی، دۆخی یاسایی کەشتی، توێژینەوەی زانستی.

## چوارچێوەی یاسای گشتی نێودەوڵەتی-نطاق القانون الدولي العام:

یاسای نێودەوڵەتی سەرەتا لە قارەی ئەوروپا دەستپێکرد بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان وڵاتانی ئەو قارەیە، بۆیە سەرەتا ئەم یاسایە خەسڵەتێکی ئەوروپی هەبوو نەک جیهانی، بەم بەڵگانەی خوارەوە:

- کۆمەڵگەی ئەوروپی داخراوبوو؛
- پەیوەندییەکانیان تەنها لەنێوان خۆیان بوو ؛
- بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی ئەوروپا گەورە نەبوون؛
- هۆکارەکانی پەیوەندیکردن سنورداربوون؛

گەورە یاساناسانی یاسای نێودەوڵەتی لە قارەی ئەوروپا بوون و بە باوکانی ئەم یاسایە دادەنرێن، دروستبوونی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بەرهەمی فیکری ئەو یاساناسانە بوو کە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بە ڕێگەی ئاشتیانە هەوڵیاندەدا.

لەدوای گەشەسەندنی پەیوەندییەکان وبەرفراوانبوونی بەرژەوەندیی و مەترسییەکان، یاسای نێودەوڵەتی لە چوارچێوەی ئەوروپا خۆی ڕزگارکرد و بەرەو جیهانی و هەرێمایەتی و قارەکان پەلیهاوێشت.

**<u>چەند ڕووداوێک ڕۆڵیان هەبوو لە بەرفراوانبوونی یاسای نێودەوڵەتی:</u>**

- پەیماننامەکانی ئاشتەوایی پاریس (ڤێرسای)، بۆ بەدیهێنانی ئاشتی لە ئەوروپا؛

- پەیماننامەکانی ئاشتی لاهای سالّی ١٨٩٩ و ١٩٠٧ کە دەوڵەتانی نا ئەوروپیش بەشدارییان تیادا کرد؛

- دروستکردنی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان وەک کۆمەڵەی گەلان لە ساڵی ١٩١٩ و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٤٥.

لەپاڵ ئەم بەرفراوان بوونە، چەندین ڕێسای تایبەت بە قارەکان لە ئەوروپا و ئەمریکا و ئەفەریقا و ئاسیا هاتنەکایەوە. چەند دامەزراوەیەکی ناوچەیش دروستبوون ئەو وڵاتانەی کۆدەکردەوە کە لەچەند بابەتێکدا هاوبەش بوون، وەک کۆمکاری وڵاتانی عەرەبی.

**چەندین بەڵگە هەن بۆ ئەوەی کە یاسای نێودەوڵەتی تایبەت نیە بە قارەی ئەوروپا:**

- مادده ۳۸ لە نیزامی بنەڕەتی دادگای دادی نێودەوڵەتی: دەکرێت یاسای نێودەوڵەتی لە بنەما گشتیەکانی یاسای نەتەوە پێشکەوتووەکان سەرچاوە بگرێت؛
- دادوەرەکانی دادگای دادی نێودەوڵەتی لە چەندین سیستەمی یاسایی جیاواز لە جیهاندا، بەپێی نوێنەرایەتی جوگرافی دادپەروەرانە، هەڵدەبژێردرێن؛
- لیژنەی یاسایی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان لە چەندین شارەزای بواری یاسای نێودەوڵەتی لە سیستەمە یاساییە جیاوازەکان پێکدێت؛
- بەڵگەنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بە پێنج زمان نووسراو و لە دواتردا عەرەبی بۆ زیادکرا.

## نووسینەوەی یاسای گشتی نێودەوڵەتی-تدوين القانون الدولي العام

مەبەست لەو ڕێکارەیە کە یاسای نێودەوڵەتی لە یاسایەکی نە نووسراوەوە کردە یاسایەکی نووسراو (تدوین، تقنین، تشريع).

بە لەبەرچاوگرتنی سروشتی عورفی یاسای نێودەوڵەتی، لەڕووی دروستبوونەوە، نووسینەوەی یاسای گشتی نێودەوڵەتی وەک یاسای نیشتیمانی نیە، بەڵکوو دووجۆری هەیە:

- **نووسینەوەی ئاشکراکار-التدوين الكاشف:**

بریتیە لە کۆکردنەوەی ڕێسا عورفیەکان و ڕێکخستن و دارشتنیان بە شێوازێکی ڕوون و ڕێکوپێک. واتە نووسینەوەی ڕێسایەک لە پێشتردا هەبووە، وەک نووسینەوەی ڕێساکانی ڕێکەوتننامەی ڤیيەننا بۆ پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان ١٩٦١.

- **نووسینەوەی دروستکار-التدوين المنشئ:**

- بریتیە لە نووسینەوەی ڕێسای یاسایی نوێ یان هەموارکردنی ئەوانەی کە پێشتر هەبوونە بۆ ئەوەی لەگەڵ سەردەم بگونجێن. بە نموونە هەردوو پەیماننامەی نێودەوڵەتی ١٩٦٦.

**نووسینەوەی یاسای نێودەوڵەتی چەند شێوازێکی هەیە:**

**شێوازی فەرمی –الاسلوب الرسمي:**

- بەشداریکردنی دەوڵەتان بە ویستی خۆیان لە دارشتنی ڕێسا یاساییەکان لە ڕێگەی دامەزراوەی جیاوازی خۆیانەوە؛
- ئەم شێوازە سیفەتی پابەندکاری بۆ دەوڵەتان هەیە.

**شێوازی نافەرمی- الاسلوب غیر الرسمي :**

واتە نووسینەوەی ڕێساکان بە هەوڵی تاکەکەسی یان کۆمەڵە کەسێکی پسپۆڕ لە کاروباری نێودەوڵەتی و کۆمەڵە و ڕێکخراوەکانی ئەو بوارە، بەڵام دەوڵەتان بەشداری تیادا ناکەن و سیفەتی پابەندکاریان نیە، بەڵکو لە ڕووی زانستی و ئەکادیمیەوە سودی دەبێت، بە نموونە پڕۆژەی بێنتام ١٧٨٩، کارەکانی کۆمەڵەی ئەمریکی بۆ یاسای نێودەوڵەتی ١٩٠٦.

ڕێکخراوەکان، بە هەرێمی و نێودەوڵەتیانەوە، ڕۆڵیان هەبووە لە نووسینەوەی ڕێساکانی یاسای گشتی نێودەوڵەتی؛ هەوڵەکانی ڕێکخراوی یەکێتی ئەمریکا بۆ نووسینەوەی چەند ڕێسایەکی یاسای نێودەوڵەتی لە ساڵی ١٩٠٦ و ساڵانی دواتر لەبواری پەیوەندییە دیپلۆماسیەکان و پەنابەری سیاسی و بێلایەنی...

نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆڵی گەورەی هەبووە لە نووسینەوەی یاسای نێودەوڵەتی بەتایبەت لە ڕێگەی لیژنەی یاسای نێودەوڵەتی کە کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دروستی کردوە و لە چەندین شارەزای یاسایی پێکدێن.

ڕێکخراوە ناحکومیەکانیش ڕۆڵیان هەبووە لە نووسینەوەی یاسای نێودەوڵەتی، بە نموونە لیژنەی نێودەوڵەتی خاچی سووری نێودەوڵەتی ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە هاندانی وڵاتان بۆ ئەنجامدانی ڕێکەوتننامەکانی یاسای مرڤایەتی نێودەوڵەتی، هەر چوار ڕێکەوتننامەکەی ژنێف ١٩٤٩ و پرۆتۆکۆڵەکانیان...

# سەرچاوەکانی یاسای گشتی نێودەوڵەتی
# مصادر القانون الدولي العام

## سەرچاوە ڕەسەنەکان
## المصادر الاصلية (منشئة)

- پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان - المعاهدات الدولية
- نەریتی نێودەوڵەتی - العرف الدولي
- بنەما گشتییە یاساییەکان - المبادئ القانونية العامة

## سەرچاوە یەدەگەکان
## المصادر الاحتياطية (مساعدة غير منشئة)

- حوکمەکانی دادگاکان - احكام المحاكم
- بۆچوونی یاساناسان - اراء الفقه الدولي
- مبادئ العدل والانصاف - بنەماکانی داد و ویژدان

# سەرچاوەکانی یاسای گشتی نێودەوڵەتی-مصادر القانون الدولي العام

بەپێی مادده ٣٨ له نیزامی بنەڕەتی دادگای دادی نێودەوڵەتی، له میانەی چارەسەرکردنی کێشەکانی بەردەمیدا چەند سەرچاوەیەک پیادە دەکات، بوونەتە سەرچاوەی یاسای نێودەوڵەتی، کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

1. تُطبق المحكمة، التي تتمثل مهمتها في الفصل وفقًا للقانون الدولي، في النزاعات المعروضة عليها:

- الاتفاقيات الدولية، سواء كانت عامة أو خاصة، التي تحدد القواعد المعترف بها صراحة من قبل الدول المتنازعة؛
- العرف الدولي، كدليل على ممارسة عامة مقبولة كقانون ؛
- المبادئ العامة للقانون المعترف به من قبل الدول المتحضرة؛
- مع مراعاة أحكام المادة 59 والقرارات القضائية وتعاليم أمهر الدعاة من الدول المختلفة كوسائل فرعية لتقرير أحكام القانون.

2. لا يخل هذا الحكم بسلطة المحكمة في الفصل في قضية حسب الإنصاف والحسنى، إذا اتفق الأطراف على ذلك.

کەواتە ،بەپێی مادده ٣٨ لە نیزامی بنەڕەتی دادگای دادی نێودەوڵەتی، سەرچاوەکان بەم شێوەیەن:

**سەرچاوە ڕەسەنەکان (دروستکارەکان):**

بریتیە لەو سەرچاوانەی کە ڕێسای یاسای نێودەوڵەتی دروست دەکەن و پێکی دەهێنن، وەک پەیماننامە گشتی و تایبەتیەکان، نەریتە نێودەوڵەتیەکان و بنەما گشتیەکانی یاسا.

**سەرچاوە یەدەگە لاوەکیەکان :**

ڕێسا نێودەوڵەتیەکان دروست ناکەن، بەڵکو پشتیان پێدەبەسترێت بۆ ئاشکراکردن و بەڵگە هێنانەوە لەسەر هەبوونی ڕێسایەکی نێودەوڵەتی کە دەکرێت لە چارەسەرکردنی کێشەیەکدا پیادەبکرێت (ئەحکامی دادگاکان، بۆچوونی یاساناسانی نێودەوڵەتی). بنەمای دادپەروەری و ویژدان ،ئەگەر هاتوو لایەنەکانی ناکۆکیەک ڕەزامەندی لەسەر پیادەکردنی دەربڕن.

# سەرچاوە ڕەسەنەکانی یاسای گشتی نێودەوڵەتی

## یەکەم : پەیماننامە-المعاهدة

چەندین ناوی دیکەی هەیە (پەیمان، میثاق، پڕۆتۆکۆڵ، نیزامی بنەڕەتی، دەستوور، ڕێکەوتن، ڕێکخستنی نێودەوڵەتی).

- **پێناسەی بەرفراوانی پەیماننامەی نێودەوڵەتی-التعريف الواسع للمعاهدة الدولية:** بەپێی ئەم پێناسەیە، پەیماننامە بریتیە لە ڕێکەوتنێک کە لەنێوان دوو کەسی یاسای نێودەوڵەتی ئەنجام دەدرێت بەمەبەستی ڕوودانی شوێنەوارێکی یاسایی.

- **پێناسەی بەرتەسکی پەیماننامەی نێودەوڵەتی-التعريف الواسع للمعاهدة الدولية:** بەپێی مادەدە (٢) لە ڕێکەوتننامەی ڤیەننا بۆ یاسای پەیماننامەکان ١٩٦٩: پەیماننامە بریتیە لە ڕێکەوتنی نێودەوڵەتی کە لە نێوان وڵاتاندا گرێدراوە بە شێوەیەکی نووسراو، یاسای نێودەوڵەتی ڕێکی دەخات، جا لەناو یەک دۆکیمێنتدا بێت یان زیاتر و ناوی هەرچیەک بێت.

<u>بەپێی ئەم تێڕوانینە، پێویستە دوو مەرج لە پەیماننامەدا بێتە دی:</u>

- لەنێوا دوو **دەوڵەت** یان زیاتر بێت؛
- مەرجە ڕواڵەتی و بابەتیەکانی دروستی بەستنی پەیماننە نێودەوڵەتییەکانی تیادا بێتەدی.

# پۆلێنکردنی پەیماننامەکان-تصنيف المعاهدات الدولية

## ١- لە ڕووی دەوڵەتان کە لایەنن تیایدا-من حيث الدول الأطراف فيها

-**پەیماننامە دوو قۆڵییەکان-المعاهدات الثنائية:** لەنێوان دوو دەوڵەتدا دەبەسترێت بۆ ڕێکخستنی بابەتێکی تایبەت بە نێوان خۆیان، وەک پەیماننامەی دیارکردنی سنوور، هاریکاری دادوەری، ڕادەستکردنەوەی تاوانباران.

-**پەیماننامە بەکۆمەڵەکان-المعاهدات الجماعية:** ئەم پەیماننامەیە لەنێوان چەند دەوڵەتێکدا دەبەسترێت، وەک دروستکردنی ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی.

## ٢- لەڕووی ڕۆڵی پەیماننامەکە لە نووسینەوەی یاسای نێودەوڵەتی-دورها في تدوين القانون الدولي

- **پەیماننامە گرێبەستیەکان-المعاهدات العقدية (الخاصة):** لە نێوان دوو دەوڵەت یان زیاتر دەبێت بۆ ڕێکخستنی چەند پرسێکی تایبەت بە خۆیان، وەک ڕێکخستنی بازرگانی، هاوپەیمانێتیەکی سەربازی.

**تایبەتمەندییەکانی پەیماننامە گرێبەستیەکان:**

- لێکەوتە و پابەندێتی تەنها بۆ دەوڵەتانی بەشداره لەم پەیماننامەیە؛
- ئەم پەیماننامانە کراوە نین بۆ لەخۆگرتنی دەوڵەتانی دیکە؛
- بەهۆی سنوردارێتی دەرئەنجامەکەیانەوە سەرچاوەیەکی ڕاستەوخۆ نین بۆ یاسای نێودەوڵەتی ،بەڵکو دەکرێت بە هۆی دووبارە بوونەوەیان ببنە نەریت .

- **پەیماننامە دانەرەکان-المعاهدات الشارعة:**

لە نێوان چەند وڵاتێکدا ئەنجام دەدرێت بۆ ڕێکخستنی بابەتێک کە جێگەی بایەخی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیە؛

یەکێکە لە سەرچاوە گرنگەکانی یاسای گشتی نێودەوڵەتی و ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە پێکهێنانی ڕێساکانیدا.

## ٣- لەڕووی بەدیهاتنی ڕێکارە ڕواڵەتییەکان لە پەیماننامەکەدا-استفاء الإجراءات الشكلية في المعاهدة

- پەیماننامەی شێوە تەواو :

ئەو پەیماننامانەن کە تەواوی مەرجە ڕواڵەتییەکانی بەستنی پەیماننامەی تیادا بەدی دێت : بەپێی ڕێکەوتننامەی ڤیەننا بۆ یاسای پەیماننامەکان ١٩٦٩، لە دانوستان، نووسین، واژۆکردن، پەسەندکردن و تۆمارکردن، زۆرینەی پەیماننامە دووقۆڵی و چەند قۆڵییەکان لەم جۆرەن؛

- پەیماننامەی شێوە سادە:

ئەو ڕێکەوتننامانەن کە بە خێرایی واژۆدەکرێن و پێویستیان بە تێپەڕبوون بە گشت قۆناغە ڕواڵەتیەکانی بەستنی پەیماننامە نیە کە بۆ بەستنی پەیماننامە پێویستن، بەڵکو تەنها بە دانوستاندن و واژۆکردن دروست دەبن.

# ڕێکارە ڕواڵەتیەکانی بەستنی پەیماننامەی نێودەوڵەتی
# الإجراءات الشكلية لابرام المعاهدات الدولية

بۆ بەستنی پەیماننامەیەکی نێودەوڵەتی تەواو و دروست پێویستە ڕەچاوی چەند قۆناغێکی جیاواز بکرێت:

**یەکەم : دانوستاندن-المفاوضة:**

یەکەم قۆناغی بەستنی پەیماننامەی نێودەوڵەتیە، لە ڕێگەیەوە نوێنەری دەوڵەتانی بەشدار لە کات و شوێنێکی دیارکراو کۆدەبنەوە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر بابەتی پەیماننامەکە و ڕەشنووسەکەی و تاوتوێی برگە و ماددەکانی دەکرێت بۆ گەیشتن بە دوا ڕەشنووسی پەیماننامەکە.

**دانوستاندن بە دوو شێواز ئەنجام دەدرێت:**

- چاوپێکەوتنی کەسی یان فەرمی لەنێوان نوێنەری وڵاتان؛
- گفتوگۆکردن لە کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی سەبارەت بە پرۆژەی پەیماننامەکە؛

بەپێی مادده ٧ لە ڕێکەوتننامەی ڤیەننا بۆ یاسای پەیماننامەکان، دوو گرووپە کەس دانوستاندن دەکەن:

- **گرووپی یەکەم:** ئەو کەسانەی کە بەپێی ئەرکەکانیان بە نوێنەری دەوڵەت دادەنرێن و پێویست ناکات بەڵگەنامەی دەسەڵاتپێدان نیشان بدەن (سەرۆکی دەوڵەت و سەرۆکی حکومەت و وەزیری دەرەوەی وڵاتان؛ سەرۆکی شاندە دیپلۆماسیەکان؛ نوێنەری وڵاتان بۆ کۆنگرە نێودەوڵەتییەکان یان لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان.
- **گرووپی دووەم:** کەسانی دیکە جگە لە گرووپی یەکەم دەبێت بەڵگەنامەی دەسەڵاتپێدان نیشان بدەن.

**بەڵگەنامەی دەسەڵاتپێدان**

ئەو بەڵگەنامەیەیە کە لەلایەن دەسەڵاتێکی تایبەتمەندی ناوخۆیی دەوڵەتەوە دەردەچێت بەمەبەستی دەستنیشانکردنی کەسێک یان چەند کەسێک بۆ نوێنەرایەتیکردنی دەوڵەت لە دانوستانێکدا یان لە دارشتنی دەقی پەیماننامەیەک یان بۆ دەربڕینی ڕەزامەندی دەوڵەتەکە لە پابەندبوون بە دەقی پەیماننامەکە یان ئەنجامدانی هەر کارێکی دیکە لەلایەن نوێنەرەکەوە پەیوەست بە پەیماننامەکە.

## گرنگی دانوستاندن:

**یەکەم:** دانوستاندن بە گوزارشتکردنێکی ڕاستەقینە دادەنرێت لە پابەندبوونی دەوڵەت و ڕەزامەندی لەسەر ئەو پەیماننامەیەی کە بەشداری تیادا دەکات و گفتوگۆ لەسەر پڕۆژەکەی دەکات و تێبینی دەدات (مادده ٧ لە ڕێکەوتننامەی ڤیەننا بۆ یاسای پەیماننەمەکان).

**دووەم:** لەکاتی هەبوونی ناکۆکیدا میکانیزمێکی تەواوکارە بۆ ڕاڤەکردنی پەیماننامەیەکی نێودەوڵەتی لەنێوان لایەنەکان (مادده ٣٢ لە ڕێکەوتننامەی ڤیەننا بۆ یاسای پەیماننامەکان: دەکرێت پەنا بۆ کارە ئامادەکارییەکان ببرێت بۆ ڕاڤەکردنی ناڕوونیەک...).

- بەپێی مادده ٨٠ لە دەستووری کۆماری عێراق ساڵی ٢٠٠٥، ئەنجومەنی وەزیرانی فیدرالی دەسەڵات و تایبەتکاری هەیە بۆ دانوستاندن لەسەر پەیماننامە و ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکان و واژۆکردنی.

**بەپێی مادده ٨ لە ڕێکەوتننامەی ڤیەننا بۆ یاسای پەیماننامەکان، ئەگەر کەسێک نوێنەری ڕاستەقینەی دەوڵەتێک نەبێت هەر ڕەفتارێک بۆ بەستنی پەیماننامەیەک ئەنجام بدات هیچ لێکەوتەیەکی یاسایی نابێت، مەگەر لە دواتردا دەوڵەتەکە ڕێگەی پێبدات و پەسەندی بکات.**

## دووەم: نووسینەوە و داڕشتن و واژۆکردنی پەیماننامە-تحرير المعاهدة وصياغتها وتوقيعها:

لە دوای گفتوگۆی نوێنەری وڵاتان، ئەو بابەت و خاڵانەی کە لەسەری کۆکن دەنووسرێنەوە وەک ڕێگەخۆشکردنێک بۆ واژۆکردنی. ئەم قۆناغە سێ هەنگاو لەخۆ دەگرێت:

**أ- دیارکردنی زمانی نووسینەوەی پەیماننامەکە:**

- پەیماننامەکە بە یەک زمان دەنووسرێتەوە کە لایەنەکان لەسەری ڕێکدەکەون؛
- پەیماننامەکە بە زیاتر لە زمانێک دەنووسرێتەوە و لەکاتی هەبوونی ناکۆکی لە پیادەکردنی یان ڕاڤەکردنیدا ئەولەویەت دەدرێت بە زمانێک یان دوو زمانی دیکە؛ یان
- نووسینەوەی پەیماننامەکە بە چەند زمانێک و پێدانی هەمان هێز بە گشت زمانەکان، بە نموونە نووسینەوەی بەڵگەنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بە پێنج زمان کە یەک هێزیان هەیە.

**ب- داڕشتنی پەیماننامە-صياغة المعاهدة:** بەشێوەیەکی گشتی پەیماننامە لەم بەشانە پێکدێت: پێشەکی-الديباجة؛ ناوەڕۆک-المتن؛ حوکمە کۆتاییەکان-الاحكام الختامية؛ پاشکۆکان-الملاحق؛

**<u>ج- واژۆکردن-التوقیع:</u>**

**١- واژۆکردن بە پیتی یەکەمی ناوی نوێنەری دەوڵەتی دانوستانکار:**

لەکاتێکدا دەبێت کە کەسی دانوستانکار بەڵگەنامەی دەسەڵاتپێدانی بۆ واژۆکردن نیە یان دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ دەوڵەتەکەی بۆ ڕاوێژکردن بەر لە واژۆی کۆتایی.

ئەم واژۆکردنە بۆ دەوڵەت پابەندکار نابێت و دەکرێت پاشگەز ببێتەوە تەنها ئەگەر هاتوو:

- ویستی دەوڵەتی دانوستانکار لەسەر ئەو بابەتە سەلمێنرا؛ یان

- ئەگەر دەوڵەتەکە لە دوای ئەم واژۆیە قبوڵی کرد و ڕێگەی دا.

**٢- واژۆکردنی کۆتایی:**

نوێنەری دەوڵەت هەڵدەستێت بە واژۆکردنی کۆتایی بە ناوی تەواوی خۆی و پێویست ناکات بگەڕێتەوە بۆ ڕاوێژکردن.

هەردوو جۆرەکەی واژۆ بۆ دەوڵەتان ئیلزامی نین و دەتوانن لێی پاشگەز ببنەوە بێ ئەوەی بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتییان بکەوێتە ئەستۆ، جگە لەم حاڵەتانەی خوارەوە:

- ئەگەر پەیماننامەکە دەقێکی تیادا بوو کە واژۆکردن بەرپرسیارێتی لێدەکەوێتەوە؛
- ئەگەر بەهەر ڕێگەیەکی دیکە سەلمێنرا کە دەوڵەتی دانوستانکار ڕازی بووە لەسەر ئەوەی ئەو واژۆکردنە لێکەوتەی هەبێت؛
- ئەگەر لە بەڵگەنامەی دەسەڵاتپێدانی دەوڵەتێک بۆ نوێنەرەکەی ئەوە دەربکەوێت کە واژۆکردن لێکەوتەی هەبێت یان دەوڵەتێک لەمیانەی گفتوگۆکان ئەو نیەتەی دەربڕێت.

## سێیەم : پەسەندکردنی پەیماننامە-تصديق المعاهدة:

**پەسەندکردن:** بریتیە لە ڕێکارێکی یاسایی یاسایی ناوخۆیی ئازاد و بەپێی دەستوور و یاسای وڵاتان دیاردەکرێت، دەسەڵاتە فەرمی و تایبەتەکان هەڵدەستن بە پەسەندکردنی واژۆی نوێنەری دەوڵەتەکە لەکاتی بەستنی پەیماننامەیەکی نێودەوڵەتی، ئەمەش ڕەزامەندی دەوڵەت لەسەر پەیماننامەکە نیشان دەدات و پابەندییەکانی دەکەوێتە ئەستۆ.

بەپێی مادده ١٤ لە ڕێکەوتننامەی ڤیەننا بۆ یاسای پەیماننامەکان، لەم حاڵەتانەی خوارەوە پەسەندکردن پێویستە:

- ئەگەر دەقێک لە پەیماننامەکە هەبێت؛
- ئەگەر بە هەر ڕێگەیەکی دیکە بسەلمێندرێت کە دەوڵەتی دانوستانکار ڕازیبووە لەسەر مەرجی پەسەندکردن؛
- ئەگەر نوێنەری دەوڵەتەکە پەیماننامەکەی بەمەرجی پەسەندکردن واژۆکردبێت؛
- ئەگەر لە بەڵگەنامەی ڕێگەپێدانەکە ئەوە ڕوونبێتەوە کە واژۆکەی مەرجدارە بە پەسەندکردن یان لەمیانەی دانوستانەکاندا باس لەم مەرجە کرابێت.

کەواتە پەسەندکردن کردارێکی یاساییە کە دەسەڵاتە نیشتیمانیە تایبەتکارەکان بەپێ یاسای هەر دەوڵەتێک پێ هەڵدەستن و ناکرێت لێی پاشگەزببنەوە، ئەگەرنا بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی لێدەکەوێتەوە.

## بنەمای ئازادی پەسەندکردن:

بەپێی ئەم بنەمایە دەوڵەتان ئازادن لە پەسەندکردنی هەر پەیماننامەیەک یان پەسەندنەکردنی، و ئەمانەی خوارەوەی لێدەکەوێتەوە:

- ماوەیەکی دیارکراو نیە بۆ ئەوەی دەوڵەت تیایدا پەسەندی بکات، بەڵکو دەکرێت ساڵانێک بخایەنێت؛
- دەکرێت دەوڵەتێک پەسەندکردنەکەی ببەستێتەوە بە بەدیهاتنی مەرجی دیکەوە؛
- دەکرێت دەوڵەتێک ڕەتی بکاتەوە کە پەیماننامەیەک پەسەند بکات بێ ئەوەی بەرپرسیارێتی لێبکەوێتەوە.

## گرنگی پەسەندکردن-أهمية التصديق :

- بەڵگەیە لەسەر ڕازیبوونی دەوڵەت بە پەیماننامەکە و قبوڵکردنی پابەندبوون پێوەی؛
- دەرفەتێکە بۆ دەوڵەتان کە پەلە نەکەن لە پەیوەست بوون بە پەیماننامەیەکەوە، بەڵکو بە تەواوی دیراسەی بکەن پێش ئەوەی پەسەندی بکەن؛
- دەستەبەرییەکە بۆ بەشداریکردنی دەسەڵاتی یاسادانان لە نیشاندانی بۆچوونی خۆی لە پابەندبوون بە پەیماننامەیەک و دورکەوتنەوە لە بڕیاری تاکلایەنەی دەسەڵاتی جێبەجێکردن؛
- دەکرێت پەسەندکردن بکرێتە مەرجێک بۆ جێبەجێکردنی پەیماننامەیەک لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی.

## دەسەڵاتی تایبەتمەند بە پەسەندکردن-السلطة المختصة بالتصديق :

هەر دەوڵەتەو بەپێی سیستەمی یاسایی و دەستووریی خۆی ئەم دەسەڵاتە تایبەتمەندە دیار دەکات، بە چەند شێوازێک:

- دەکرێت تایبەتکاریی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بێت؛
- دەکرێت تایبەتکاریی دەسەڵاتی یاسادانان بێت؛
- دەکرێت تایبەتکاریی هاوبەشی نێوان هەردوو دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن بێت؛ ئەم شێوازە ئاماژەیە لەسەر هاریکاری نێوان هەردوو دەسەڵاتەکە و پاراستنی هاوسەنگی نێوانیان، هیچ یەکێکیان تاکڕەوی ناکات لە بەستنی پەیماننامەیەک بێ هەماهەنگی لەگەڵ ئەوەی دیکەیان.

**رێکار و دەسەڵاتی تایبەتمەند بە پەسەندکردن لە عێراق-الإجراءات والسلطة المختصة بالتصديق في العراق:**

یاسادانەری دەستووریی و ئاسایی عێراقی بایەخیان بە ڕێکخستنی ئەم بابەتە داوە:

- **لەسەر ئاستی دەستوور:**

مادده ٦١ بڕگە چوارەم لە دەستووری کۆماری عێراق ساڵی ٢٠٠٥، دەڵێت: ئەمجومەنی نوێنەران تایبەتمەندە بە... (ڕێکخستنی پڕۆسەی پەسەندکردنی پەیماننامە و ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکان بە یاسایەک کە بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران دادەنرێت).

مادده ٧٣ بڕگە دووەم لەم دەستوورە دەڵێت: سەرۆک کۆمار پەیماننامە و ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکان پەسەند دەکات لەدوای پەسەندکردنی ئەنجومەنی نوێنەران، و بە تێپەڕبوونی ١٥ ڕۆژ بەسەر ڕێکەوتی وەرگرتنیدا، بە پەسەندکراو دادەنرێت).

**لە عێراق پەسەندکردنی پەیماننامە و ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکان دەسەڵاتێکی هاوبەشە لەنێوان ئەنجومەنی نوێنەران و سەرۆک کۆمار.**

- **لەسەر ئاستی یاسای ئاسایی:**

یاسادانەری ئاسایی بەپێی یاسای بەستنی پەیماننامەکان ژمارە ٣٥ ساڵی ٢٠١٥، هەڵساوە بە ڕێکخستنی ئەم بابەتە.

- لە مادده (١) لەم یاسایە جەختکراوەتەوە لەسەر ئەوەی کە دەسەڵاتی پەسەندکردنی پەیماننامەکان لەنێوان ئەنجومەنی نوێنەران و سەرۆک کۆمار هاوبەشە.

- بەپێی مادده (١٧) لەم یاسایە، یاسای پەسندکردنی گشت پەیماننامەکان هەمان ڕێکاریان نیە، بەڵکو بەپێی ناوەرۆک و سروشتەکەیان جیاوازی لە ڕەزامەندی ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران هەیە:

- **<u>زۆرینەی دوو لەسەر سێی (ئەندامان) بۆ ئەو پەیماننامانەی کە:</u>** پەیوەستن بە سنوور و سەروەری هەرێمی عێراق؛ پەیماننامەکانی ئاشتی و ئاشتەوایی؛ هاوپەیمانێتی سیاسی و ئەمنی و سەربازی؛ و پەیماننامەکانی دامەزراندنی ڕێکخراوە هەرێمیەکان یان چوونە پاڵیان.

- **<u>زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران:</u>** بۆ جۆرەکانی دیکەی پەیماننامەکان.

- **پەسەندکردنی ناتەواو و لێکەوتەکانی-التصديق الناقص واثاره:**

مەبەست لەو جۆرە پەسەندکردنەیە تیایدا ڕەچاوی گشت ئەو ڕێکارە پێویستانە ناکرێت کە یاسا و دەستووری وڵات دایان ناوە، بە نموونە پێویستە سەرۆک کۆمار پەیماننامەیەک پەسەند بکات بەڵام لەبری ئەو سەرۆک وەزیر ئەنجامی بدات.

ئایا ئەم پەیماننامەیە بەهای یاسایی هەیە و جێبەجێدەکرێت؟

**<u>یەکەم : بۆچوونی چەند ئاڕاستەیەکی فقهی :</u>**

- **<u>تیۆری یەکەم:</u>** دەڵێن ئەگەر پەیماننامەیەک بە ناتەواوی پەسەندکرا بەپێچەوانەی ڕێکارە دەستوورییەکان ئەوا جێبەجێدەکرێت و دروستە، لەبەر دوو هۆکار:

١- پارێزگاریکردن لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و سەقامگیرییان؛

٢- باڵادەستی یاسای نێودەوڵەتی لەسەر یاسای ناوخۆیی

- **<u>تیۆری دووەم:</u>** دەڵێت ئەو پەیماننامەیەی کە بە ناتەواوی پەسند دەکرێت نادروستە و جێبەجێناکرێت و بەتاڵە چونکە زیادەڕۆیی کراوەتە سەر دەسەڵاتە دەستوورییەکان.

- **تیۆری سێیەم:** ئەگەر پەیماننامەیەک بە ناتەواوی پەسەندکرا بەپێچەوانەی ڕێکارە دەستوورییەکان ئەوا جێبەجێدەکرێت و دروستە، ئەمەش وەک سزایەکە لەسەر دەوڵەتەکە بەپێ (بیرۆکەی بەرپرسیارێتی) کە وادەکات بۆ هەر کارێکی نا مەشروع قەرەبوویەک هەبێت؛

**تیۆری چوارەم:** دەڵێن ئەگەر پەیماننامەیەک بە ناتەواوی پەسەندکرا بەپێچەوانەی ڕێکارە دەستوورییەکان ئەوا جێبەجێدەکرێت و دروستە، بەپێی بیرۆکەی مارەسەی کرداری (الممارسة الفعلية) چونکە یاسای نێودەوڵەتی گرنگی بە ڕێکارە ناوخۆییەکانی تایبەت بە پەسەندکردن نادات بەڵکو گرنگی بە مارەسەی کرداری بەو پەیماننامەیە دەدات.

**دووەم: هەڵوێستی ڕێکەوتننامەی ڤیەننا:**

ئەم ڕێکەوتننامەیەش پاڵپشتی لەو بۆچوونە دەکات کە پەسندکردنێکی ناتەواو نابێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی پەیماننامەیەک، بەڵکو جێبەجێدەکرێت و بەتاڵ ناکرێتەوە، تەنها لە یەک حاڵەتدا نەبێت:

**ئەگەر پەیماننامەیەک کەموکورتیەکی ڕوون و گەورەی دەستووری تێدا بێت ئەوا دەکرێت هەڵبوەشێنرێتەوە**

**چوارەم: تۆمارکردن و بڵاوکردنەوەی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان-تسجيل المعاهدات الدولية ونشرها:**

تۆمارکردن و بڵاوکردنەوە ڕێکارێکی شکڵیە، مەبەست لێی دانانی وێنەیەکی پەیماننامەکەیە لەلای دەستەیەکی نێودەوڵەتی دیارکراو کە هەڵدەستێت بە تۆمارکردن و بڵاوکردنەوەی.

- لە سەردەمی کۆمەڵەی گەلان (عصبة الأمم)، بەپێی مادده ١٨ لە پەیماننامەکەی ساڵی ١٩١٩، هەر پەیماننامەیەک لە سکرتاریەتی گشتی کۆمەڵە تۆمار نەکرابووایە ئەوا الزامی نەدەبوو.

- **لە سەردەمی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەپێی مادده ١٠٢ لە بەڵگەنامەکەی؛**

- هەر پەیماننامەیەک و ڕێکەوتننامەیەکی نێودەوڵەتی کە هەر ئەندامێکی نەتەوە یەکگرتووەکان واژۆی دەکات پێویستە لە سکرتاریەتی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان تۆمار بکرێت و بڵاوبکرێتەوە؛

- ئەگەر پەیماننامەیەک یان ڕێکەوتننامەیەکی نێودەوڵەتی بەو شێوەیە تۆمارنەکرابێت هیچ لایەنێک ناتوانێت لەبەردەم هیچ دامەزراوەیەکی نەتەوە یەکگرتووەکان بیانووی پێبهێنێتەوە.

## <u>پەیماننامەکان بە دوو ڕێگا لە نەتەوە یەکگرتووەکان تۆمار دەکرێن:</u>

- لەسەر داوای یەکێک لە لایەنەکانی پەیماننامەکە لەدوای کەوتنە بواری جێبەجێکردنیەوە؛ یان
- بەشێوەیەکی خۆکارانە: ئەگەر نەتەوە یەکگرتووەکان لایەن بێت لە پەیماننامەکە؛ یان دەقێک لە ڕێکەوتننامەکە هەبێت بە تۆمارکردنی لە نەتەوە یەکگرتووەکان؛ یان ئەگەر ئەو شوێنەی کە پەیماننامەکەی تیادا دادەنرێت نەتەوە یەکگرتووەکان بێت.

بەپێی مادده ٨٠ لە ڕێکەوتننامەی ڤیەننا بۆ یاسای پەیماننامەکان، پەیماننامەکان دوای کەوتنە بواری جێبەجێکردنیانەوە دەنێردرێن بۆ سکرتاریەتی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ تۆمارکردن و پاراستن و بڵاوکردنەوەیان؛

ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان لەڕێگەی بڵاوکراوەی یاساییەوە پەیماننامەکان بڵاو دەکەنەوە، لە نەتەوە یەکگرتووەکان وەردەگێڕدرێتە سەر زمانە فەرمییەکانی و بە شێوەی نووسراو و ئەلکترۆنی بڵاویان دەکاتەوە.

## پێنجەم: خۆپارێزی لە پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان-التحفظ علی المعاهدات الدولیة

هەر دەوڵەتێک دەتوانێت خۆپارێزی لە جێبەجێکردنی دەقێک یان چەند دەقێک لە پەیماننامەیەکی نێودەوڵەتی بکات، ئەم ڕێکارە بەپێی ماددەکانی ١٩-٢٣ لە ڕێکەوتننامەی ڤیەننا بۆ یاسای پەیماننامەکان ساڵی ١٩٦٩ ڕێکخراوە. بەپێی ماددە ٢ بڕگە (د) لەم ڕێکەوتننامەی ڤیەننا:

مەبەست لە خۆپارێزی ڕاگەیاندنێکی یەک لایەنەیە، لە ژێر هەر ناوێک و بەهەر داڕشتنێک بێت، دەوڵەت لەکاتی واژۆکردن یان پەسەندکردن یان قبوڵکردن یان دانان یان چوونە پاڵ پەیماننامەیەک دەریدەکات، ئامانج لێی دوورخستنەوە یان گۆڕینی لێکەوتە یاساییەکانی هەندێک لە ئەحکامەکانی پەیماننامەکەیە لە جێبەجێکردنی بەسەر ئەو دەوڵەتەدا.

- دەکرێت بە لێبوردن بێت لە پیادەکردنی دەقێک؛
- دەکرێت بە گۆڕینی دەقێک بێت؛
- دەکرێت بە زیادکردنی دەقێک بێت.

## مەرجەکانی خۆپارێزی-شروط التحفظ

**مەرجە شکڵیەکان:**

١- دەبێت لەلایەن دەوڵەت یان ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتیەوە دەربچێت؛

٢- دەبێت ڕوون و ڕاشکاو و نووسراو بێت؛

٣- دەبێت لە کاتی واژۆکردن یان پەسەندکردن یان چوونەپاڵ پەیماننامەکە دەربکرێت یان لەمیانەی ئاگادارکردنەوە لە شوێنگرتنەوە لە پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان بەپێی ڕێکەوتننامەی شوێنگرتنەوەی دەوڵەتانساڵی ١٩٧٨؛

٤- دەبێت خۆپارێزیەکان بە شێوەی نووسراو بگەێندرێتە لایەنەکانی دیکەی پەیماننامەکە.

**مەرجە بابەتیەکان:**

١- دەقێک لە پەیماننامەکە نەبێت ڕێگری لێبکات؛

٣- ئەگەر دەقێک بۆ ڕێگەپێدان نەبێت، پێویستە خۆپارێزیەکە پێچەوانەی بابەت و ئامانجەکانی پەیماننامەکە نەبێت.

## قۆناغەکانی خۆپارێزی-مراحل التحفظ

- له کاتی واژۆکردنی پەیماننامەکە؛ لەکاتی پەسەندکردنی پەیماننامەکە، له بەڵگەنامەی پەسەندکردن جێگیردەکرێت و ئاڵوگۆڕی پێدەکرێت یان له بەڵگەنامەی دانانی پەسەندکردنەکە ؛ لەکاتی چوونەپاڵ پەیماننەمەیەک؛ یان لەمیانەی ئاگادارکردنەوە له شوێنگرتنەوە له پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان بەپێی ڕێکەوتننامەی شوێنگرتنەوەی دەوڵەتان ساڵی ١٩٧٨.

## سروشتی یاسایی خۆپارێزی

چەند ئاڕاستەیەکی تیۆری جیاواز سەبارەت بەم بابەتە هەیە:

## ١- سروشتی گرێبەست؛

دەڵێن خۆپارێزی ایجابێکی نوێ یان پێشنیارێکە بۆ هەموارکردن، و جێبەجێکردنەکەی دەوەستێتە سەر قبوڵی لایەنەکانی دیکە. ئەگەر ڕەتکرایەوە نابێت خۆپارێزی بکرێت و ناکرێت دەوڵەتی خۆپارێز ببێتە لایەن له پەیماننامەکە.

## ٢- سروشتی تێکەڵاو؛

دەڵێن خۆپارێزی ڕاگەیاندنێکی تاکلایەنانەی دەوڵەتانە بەڵام ئەگەر لایەنەکانی دیکەی پەیماننامەکە قبوڵی نەکەن ئەوا هیچ لێکەوتەیەکی نابێت، هەر کاتێک ئەم قبوڵە بێتەدی ئەوا لە ڕەفتارێکی تاکلایەنانەوە دەبێتە ڕەفتاری دوو ئیرادە یان زیاتر.

## ٣- سروشتی تاکلایەنانە:

خۆپارێزی کردارێکی تاکلایەنانەیە و سروشتی گرێبەست و تێکەڵاوی نیە. دادگای دادی نێودەوڵەتی لە ساڵی ١٩٥١ لە بۆچوونێکیدا سەبارەت بە خۆپارێزی لەسەر پەیماننامەی ڕێگریکردن لە کوشتنی بەکۆمەڵ پشتگیری ئەم ئاڕاستەیەی کردوە، و پێی وابووە کە خۆپارێزی بە ئیرادەی تاکلایەنانەی دەوڵەتێک لێکەوتەی دەستبەجێ و ڕاستەوخۆی دەبێت ئەگەر هاتوو پێچەوانەی ئامانجەکانی پەیماننامەکە نەبێت.

## لێکەوتەکانی خۆپارێزی-اثار التحفظ:

**١- لە پەیماننامە دوو قۆڵیەکان:**

وەکو ایجابێکی نوێیە بۆ لایەنی دووەم، لە میانەی واژۆکردن یان پەسەندکردندا دەبێت، لێکەوتەکانی دەوەستێتە سەر قبوڵکردن یان ڕەتکردنەوەی لایەنی دووەم، ئەگەر قبوڵی نەکرد ئەوا هیچ لێکەوتەیەکی یاسایی نابێت.

**٢- لە پەیماننامە بە کۆمەڵەکان:**

دەکرێت لە چەند قۆناغێکی جیاجیادا خۆپارێزی بکرێت، واژۆکردن یان پەسەندکردن یان چوونەپاڵ یان شوێنگرتنەوە، خۆپارێزی لێکەوتەی یاسایی دەبێت لەسەر وڵاتانی دیکەی ناو پەیماننامەکە ئەگەر قبوڵی بکەن یان نا بەمەرجێک کە پێچەوانەی بابەت و ئامانجەکانی پەیماننامەکە نەبێت و ڕێگری لێنەکرابێت بەپێی مادده ١٩ لە ڕێکەوتننامەی ڤیەننا بۆ یاسای پەیماننامەکان ١٩٦٩.

## کێشانەوەی خۆپارێزی

بەپێی ماددەکانی ٢٢ و ٢٣ لە ڕێکەوتننامەی ڤیەننا ١٩٦٩ باس لەم بابەتە کراوە. دەوڵەتان ئازادن لە کێشانەوەی خۆپارێزی، لە پێش قبوڵکردنی لەلایەن دەوڵەتانی دیکەوە یان دواتر، بێ ئەوەی پێویستی بە ڕەزامەندی هیچ لایەنێک هەبێت کە پێشتر خۆپارێزییەکەیان قبوڵکردبێت یان ڕەتیان کردبێتەوە و تانەیان لێگرتبێت. دەبێت بەشێوەی نووسراو دەربڕدرێت و بەشێوەیەک و لە کاتێکدات بێت کە پەیماننامەکە ڕێگری لێنەکردبێت.

# مەرجە بابەتیەکانی بەستنی پەیماننامە نێودەوڵەتیەکان
# الشروط الموضوعية لابرام المعاهدات الدولية

**یەکەم: شیاوێتی بەستنی پەیماننامەکان (شیاوی گرێبەستکردن)-أهلية ابرام المعاهدات (أهلية التعاقد):**

بەستنی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان ڕەفتارێکی یاساییە و گرێبەستێکە لەنێوان کەسەکانی یاسای نێودەوڵەتی، بۆ ئەوەی دروست بێت و لێکەوتەی هەبێت دەبێت کەسانێک ئەنجامی بدەن کە شیاوێتیان هەبێت.

دەوڵەت وەک کەسی سەرەکی یاسای نێودەوڵەتی، پێویستە شیاوێتی هەبێت تاکو بتوانێت پەیماننامەی نێودەوڵەتی ببەستێت، لێرەدا جیاوازی دەکرێت لەنێوان دوو جۆرە دەوڵەت:

- **دەوڵەتی خاوەن سەروەری تەواو-دولة تامة السيادة:**
- **دەوڵەتی خاوەن سەروەری ناتەواو یان بێ سەروەری-دولة ناقصة السيادة او معدومة السيادة:**

سەرباری دەوڵەتان، ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان و دەوڵەتی ڤاتیکانیش شیاوێتی بەستنی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانیان هەیە.

- **دەوڵەتی خاوەن سەروەری تەواو-دولة تامة السيادة:**

ئەم دەوڵەتانە ئازادن لە ڕەفتارکردن و بەڕێوەبردنی کاروباری نێودەوڵەتی خۆیان، و ملکەچ نابن بۆ دەسەڵاتی هیچ دەوڵەتێکی دیکە. بۆیە ئازادن لە بەستنی گشت جۆرەکانی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان لەچوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتی و بەڵگەنامەی ئەو ڕێکخراوانەی کە ئەندامن تیایاندا.

- **دەوڵەتی خاوەن سەروەری ناتەواو یان بێ سەروەری-دولة ناقصة السيادة او معدومة السيادة:**

ئەم دەوڵەتانە ئازادنین لە ڕەفتارەکانیان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا، بەڵکو دەوڵەتان یان ڕێکخراوی دیکە بەشدار دەبێت لە ممارەسەکردنی سەروەریاندا، وەک دەوڵەتە پارێزراوەکان، داگیرکراوەکان، و دەوڵەتانی ژێر ئینتیداب.

ئەمجۆرە دەوڵەتانە کاتێک کە پەیماننامەیەک دەبەستن دەبێت بگەڕێنەوە بۆ ڕەزامەندی یان ڕێکەوتننامەکانیان لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی کە ملکەچیانن بۆ ئەوەی بزانن مافی ئەم ڕەفتارەیان هەیە یان نا.

## شیاوێتی بەستنی پەیماننامەی نێودەوڵەتی لەناو دەوڵەتی فیدرالیدا:

دەوڵەتی فیدرالی تەنها یەک کەسایەتی یاسای نێودەوڵەتی گشتی هەیە، و سەروەری بۆ دەوڵەتی فیدرالیە، بەڵام لە ڕوانگەی بەستنی پەیماننامەی نێودەوڵەتی لەلایەن یەکە فیدرالییەکانەوە جیاوازیی هەیە:

- دەستووری فیدرالی هەندێک وڵات مافی بەستنی پەیماننامەی نێودەوڵەتی بە یەکە فیدرالییەکان نادات، وەک دەستووری عێراق، ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، و هندستان؛
- دەستووری فیدرالی هەندێک وڵاتی دیکە مافی بەستنی هەندێک پەیماننامە بە یەکە فیدرالییەکان دەدات کە سروشتێکی تایبەتیان هەیە و پەیوەستن بە سنوورەکانیان و پەیوەندی دراوسێیەتیانەوە، وەک دەستووری سویسرا، ئەڵمانیا، UAE؛
- دەستووری فیدرالی هەندێک وڵات مافی بەستنی پەیماننامەی نێودەوڵەتی بە یەکە فیدرالییەکان دەدات بەڵام بەمەرجی چاودێری دەسەڵاتە فیدرالییەکان، وەک دەستووری بەلژیکا ١٩٩٤؛

- دەوڵەتی شاری ڤاتیکان:

دەوڵەتی ڤاتیکان دەتوانێت لەگەڵ دەوڵەتان و ڕێکخراوەکان پەیماننامە لە چەندین بواردا ببەستێت، بەڵام لە ڕووی سەربازیەوە ئەو مافەی نیە کە لەگەڵ دۆخەکەیدا ناگونجێت.

- ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان:

کەسایەتی نێودەوڵەتیان هەیە، شیاوێتی بەستنی پەیماننامەی نێودەوڵەتیان هەیە بەڵام لەو بوارانای کە لەگەڵ سروشتی ئەرکەکان و ئامانجەکانیان دەگونجێت.

**دووەم : ڕەزامەندی-الرضاء:**

هەر ڕەفتارێکی یاسایی بۆ ئەوەی دروست بێت و لێکەوتەی یاسایی هەبێت دەبێت بە ویستی کەسەکان ئەنجامبدرێت و ڕەزامەندی تەواوی لەسەری هەبێت و هیچ کەموکوڕییەکی ڕەزامەندی لە ڕەفتارەکەیدا نەبێت. بەپێی ڕێکەوتننامەی ڤیەننا بۆ یاسای پەیماننامەکان، **ئەو کەموکوڕی(عیوب)انەی کە کاریگەرییان لەسەر ڕەزامەندی دەوڵەتان بۆ بەستنی پەیماننامەکان دەبێت، بریتین لە:**

**١- هەڵە-الغلط:**

بەپێی مادده ٤٨ بڕگە ٣ لە ڕێکەوتننامەی ڤیەننا بۆ یاسای پەیماننامەکان ١٩٦٩، دوو جۆر هەڵە هەیە:

- **هەڵە لە نووسینی پەیماننامەکان:** ئەو هەڵانەی کە پەیوەستن بە چەمک و زاراوەکانی ناو پەیماننامەکە کاریگەرییان نابێت لەسەر دروستی و جێبەجێکردنی و نابنە هۆی بەتاڵکردنەوەی، بەڵکو بەپێی مادده ٧٩ دەکرێت بە چەند هەنگاوێک ڕاستکردنەوەیان بۆ بکرێت.

- **هەڵە لە بابەتی پەیماننامەکان:**

لەم حاڵەتەدا هەڵەکان پەیوەستن بە بابەتی پەیماننامەکە یان ڕەگەزێکی گرنگ تیایدا کە بووەتە هۆی ڕازیبوونی دەوڵەتێک لەسەر بەستنی پەیماننامەکە بەجۆرێک ئەگەر ئەو ڕەگەزە نەبووایە ئەوا دەوڵەتەکە نەدەچووە ناو پەیماننامەکە.

- بەپێی مادده ٤٨ بڕگە یەکەم لە ڕێکەوتننامەی ڤیەننا بۆ یاسای پەیماننامەکان ١٩٦٩، دەکرێت دەوڵەتێک هەڵەیەک لە پەیماننامەیەک بکاتە بیانگە وەک هۆکارێک بۆ بەتاڵکردنەوەی ڕەزامەندیەکەی بە پابەندبوون پێی ئەگەر هاتوو ئەو هەڵەیە پەیوەست بوو بە واقیعەیەک یان دۆخێک و لەکاتی بەستنی پەیماننامەکە پێیوابووبێت کە بوونی هەیە و پاڵنەرێکی سەرەکی بووە بۆ ڕازیبوون لەسەر پابەندبوون پێی .
- بەڵام ئەگەر دەوڵەتی پەیوەندیدار بە ڕەفتاری خۆی بەشداربووبێت لە دروستبوونی هەڵەکە یان ئاگادار بووبێت لە ئەگەری ڕوودانی هەڵەکە ئەوا نابێتە بیانگە بۆ بەتاڵکردنەوەی پەیماننامەکە.
- زۆرجار ئەمجۆرە هەڵانە لە ڕێکەوتننامە دووقۆڵییەکانی نێوان وڵاتان ڕوودەدەن بەتایبەت لە بواری دیارکردنی سنووری نێوان لایەنەکان، سنووری وشکانی یان ئاوی یان ڕووبار.

**٢- فریودان-التدلیس:**

ئەمە یەکێکە لەو فاکتەرانەی کە دەبێتە هۆی دروستبوونی کەموکوڕی لە ڕەزامەندی دەوڵەتان. فریودان واتە بەکارهێنانی فێڵ و خەڵەتاندن لەکاتی دانوستانەکاندا، لایەنێک زانیاری نادروست یان بەڵگەی ناڕاست پێشەکەش بەلایەنی بەرامبەری دەکات بەمەبەستی فریودانی بۆ ئەوەی لایەنەکەی دیکە پێی بزانێت، بەشێوەیەک ئەگەر بیزانیبووایە ئەوا بە پەیماننامەکە ڕازی نەدەبوو.

بەپێی مادده ٤٩ لە ڕێکەوتننامەی ڤیەننا بۆ یاسای پەیماننامەکان ١٩٦٩، فریودان بە کەموکوڕی ڕەزامەندی دادەنرێت و دەبێتە هۆی بەتاڵکردنەوەی پەیماننامەکە و دەوڵەتی فریودراو دەتوانێت بیکاتە بیانگە.

**٣-گەندەڵکاری ویستی نوێنەری دەوڵەت:**

ئەمە یەکێکە لەو فاکتەرانەی کە دەبێتە هۆی دروستبوونی کەموکوڕی لە ڕەزامەندی دەوڵەتان، بەپێی مادده ٥٠ لە ڕێکەوتننامەی ڤیەننا، ئەگەر ڕوونبێتەوە کە گوزارشتکردن لە ویستی دەوڵەت بە ڕازی بوون و پابەند بوون بە پەیماننامەیەک لە ڕێگەی گەندەڵکاری ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی نوێنەرەکەی بووە، وەک پێدانی بەرتیل لەلایەن لایەنی بەرامبەرەوە، ئەوا دەوڵەتەکە دەتوانێت ئەم گەندەڵکارییە وەک بیانویەک بۆ بەتاڵکردنەوەی پەیماننامەکە بەکارهێنێت.

**٤- ناچارکردن-الاکراه:**

یەکێکە لەو فاکتەرانەی کە دەبێتە هۆی دروستبوونی کەموکوڕی لە ڕەزامەندی دەوڵەتان، جیاوازی لەنێوان دووجۆر ناچارکردن یان زۆرلێکردن دەکرێت:

- **ناچارکردنی نوێنەری دەوڵەت:**

بەپێی مادده 51 لە ڕێکەوتننامەی ڤیەننا بۆ یاسای پەیماننامەکان، ئەگەر نوێنەری دەوڵەت زۆریلێکرا بە هەڕەشە یان بە هەر کردارێکی دیکە ئەوا ئەو واژۆیەی کە لەسەر هەر پەیماننامەیەک کردویەتی لێکەوتەیەکی یاسایی نابێت، دەوڵەت دەتوانێت ئەم زۆرلێکردنە بکات بە بیانگە بۆ هەڵوەشانەوەی پەیماننامەکە.

- **ناچارکردنی خودی دەوڵەت:**

بەپێی مادده 52 لە ڕێکەوتننامەی ڤیەننا بۆ یاسای پەیماننامەکان، زۆرکردن لە دەوڵەت بە هەڕەشە یان بەکارهێنانی هێز بۆ ئەوەی پەیماننامەیەک ببەستێت، بەشێوەیەک کە پێچەوانەی بنەماکانی یاسای گشتی نێودەوڵەتی کە لە بەڵگەنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاماژەیان پێدراوە، ئەوا پەیماننامەیەکی بەتاڵە.

## سێیەم : ڕەوایەتی بابەتی پەیماننامە-مشروعیة موضوع المعاهدة

- بەپێی مادده (٥٣) له ڕێکەوتننامەی ڤیەننا بۆ یاسای پەیماننامەکان، پێویسته بابەتی ناو پەیماننامەکه لەکاتی بەستنیدا ڕەوا بێت و پێچەوانەی ڕێسا امرەکانی یاسای گشتی نێودەوڵەتی نەبێت که لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیەوە قبوڵکراون. ئەمجۆره ڕێسایانه ناکرێت سەرپێچیان بکرێت؛ وەک بنەمای دەستدرێژی نەکردن و بنەمای یەکسانی سەروەری دەوڵەتان و بازرگانی نەکردن به کۆیله و مەوادی هۆشبەر. ئەگەر پەیماننامەکه هەر سەرپێچییەکی لەمجۆرەی تێدابێت ئەوا باطله.
- بەپێی مادده (١٠٣) له بەڵگەنامەی نەتەوه یەگرتووەکان، نابێت بابەتی پەیماننامەیەک پێچەوانەی دەقەکانی ئەم بەڵگەنامەیە بێت. ئەگەر دەوڵەتێکی ئەندام له نەتەوه یەکگرتووەکان پەیماننامەیەک ببەستێت و ناکۆک بوو لەگەڵ ئەم بەڵگەنامەیە ئەوا به پابەندییەکانی بەڵگەنامەکه وەردەگیرێت نەک پەیماننامەکە.

# چوونەبواری جێبەجێکردنی پەیماننامە نێودەوڵەتیەکان
# نفاذ المعاهدات الدولية

**یەکەم: ئەو پرسانەی کە پەیوەستن بە پەیماننامەکە لەپێش جێبەجێبوون و ڕێکەوتی جێبەجێکردنی**

پێش ئەوەی پەیماننەمەیەک بکەوێتە بواری جێبەجێ کردنەوە پێویستە لایەنەکان ڕەچاوی چەند بابەتێک بکەن، لەوانە:

**١- خراپنەکردنی مەبەستی پەیماننامەکە:** بەپێی مادده (١٨) لە ڕێکەوتننامەی ڤیەننا بۆ یاسای پەیماننامەکان، ئەگەر دەوڵەتێک لایەن بێت لە پەیماننامەیەکی نێودەوڵەتی دەبێت پابەند بێت کە هیچ کارێک نەکات ببێتە هۆی پەکخستنی بابەتی پەیماننامەکە یان مەبەستەکەی، بە نموونە وەک دەرکردنی یاسای نوێ بە پێچەوانەی پەیماننامەکە یان نەگرتنەبەری ڕێکاری پێویست بۆ جێبەجێکردنی یان دواخستنی بێ هۆکار.

**٢- پابەند بوون بە جێبەجێکردنی هەندێک مەرجی پێویست بۆ جێبەجێکردنی پەیماننامەکە:** وەک پەسەندکردنی بە یاسای نیشتیمانی یان هەموارکردنی ئەو یاسایانەی کە لەگەڵ ناوەرۆکی پەیماننامەکە ناگونجێن.

**٣- جێبەجێکردنی پەیماننامەکە بەشێوەیەکی کاتی:** بەپێی مادده (٢٥) لە ڕێکەوتننامەی ڤیەننا بۆ یاسای پەیماننامەکان، دەکرێت بەشێک لە پەیماننامەکە جێبەجێبکرێت بۆ ماوەیەکی کاتی تاوەکو بەگشتی دەکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە، ئەگەر هاتوو دەقێکی ڕوون هەبێت یان بە هەرشێوەیەکی دیکە ڕێکەوتنیان لەسەر کردبێت.

<u>**ڕێکەوتی جێبەجێکردنی پەیماننامەکان**</u>

- **پەیماننامە دوو قۆڵیەکان:** وڵاتان لەکاتی واژۆکردن یان ئاڵوگۆڕی یاداشت و پەسەندکردنەکان لەسەر کاتی جێبەجێکردنەکەی ڕێکدەکەون.
- **پەیماننامە بە کۆمەڵەکان:** ئەو پەیماننامانەی کە کەسایەتی لایەنەکان تیایاندا جێگەی بایەخن ئەوا لەدوای تەواو بوونی پەسەندکردنی گشت لایەنەکان دەکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە، وەک هاوپەیمانێتی سەربازی.

**بەڵام ئەو پەیماننامانەی کە کەسایەتی لایەنەکان تیایاندا جێگەی بایەخ نیە، ئەوا سێ حاڵەت هەیە:**

١- پەیماننامەکە داوای چەند پەسەندکردنێکی ڕەمزی بکات بۆ جێبەجێکردنی؛ وەک پەیماننامەی سێیەمی ژنێف ساڵی ١٩٤٩ کە پێویستی بە تەنها دوو واژۆ هەبوو بۆ ئەوەی بکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە. ئەمەش بۆ بەخێرایی جێبەجێکردنی پەیماننامەکەیە.

٢- پەیماننامەکە داوای ژمارەیەکی دیارکراو لە پەسەندکردن بکات بۆ ئەوەی بکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە؛ لە زۆربەی پەیماننامەکان کار بەم شێوازە دەکرێت، هەردوو پەیماننامەی نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ ١٩٦٦ کە پێویستی بە دانانی ٣٥ بەڵگەنامەی پەسەندکردن یان هاتنەپاڵ هەبوو لەلای ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان.

٣- ئەو پەیماننامانەی کە پێوستی بە پەسەندکردنی ژمارەیەکی دیارکراو هەیە بۆ ئەوەی بکەونە بواری جێبەجێکردنەوە بەمەرجێک چەند دەوڵەتێکی دیارکراو لەنێوانیاندا بێت، بە نموونە بەپێی مادده ١١٠ لە بەڵگەنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان کە پەسەندکردنی ئەندامە هەمیشەییەکانی پێویست کردوە.

ئەنجامدانی گشت پەسەندکردنەکان مانای ڕاستەوخۆ کەوتنە بواری جێبەجێکردنی ڕاستەوخۆی پەیماننامەکان ناگەیێنێت، بەڵکو بە گشتی لە دوای ئەم قۆناغەش کاتێک دەدرێت بە لایەناکان بۆ زەمینەسازی ناوخۆیی و ئامادەکاری بۆ جێبەجێکردنی.

- هەندێک پەیماننامە هەیە لە ماوەی ٣٠ ڕۆژدا لە دوای تەواوکردنی پەسەندکردنەکان دەکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە، وەک ڕێکەوتننامەی ڤیەننا ساڵی ١٩٦٩؛
- هەندێکی دیکە هەن ماوەی ٦ مانگ دیاردەکەن، وەک ڕێکەوتننامەی سێیەمی ژنێف ساڵی ١٩٤٩.
- هەندێکی دیکە هەن ماوەی ١٢ مانگ دیاردەکەن، وەک ڕێکەوتننامەی یاسای دەریاوانی ١٩٨٢؛

## دووەم: جێبەجێکردنی پەیماننامەکان لەناو دەوڵەتان و ململانێی نێوان پەیماننامەکان و یاسای ناوخۆیی

### أ- جێبەجێکردنی پەیماننامەکان لەناو دەوڵەتان

بەپێی ئەزموونی وڵاتان و دەستوورەکانیان، سەبارەت بە چۆنیەتی جێبەجێکردنی پەیماننامەی نێودەوڵەتی لەناو سیستەمی یاسایی ناوخۆیی، دوو ڕێگە هەیە:

### ١- جێبەجێکردنی ڕاستەوخۆی پەیماننامەکە لەناو سیستەمی یاسای ناوخۆیی:

بەپێی ئەم ڕێگەیە، بە پەسەندکردنی پەیماننامەکە لەلایەن لایەنی پەیوەندیدار لەناو وڵات، پەیماننامە دەبێتە بەشێک لە سیستەمی یاسای ناوخۆیی و سەرچاوەیەک بۆ ڕێسا یاساییەکانی. دەکرێت لێرەدا ڕێکارێکی شکڵی دابنرێت ئەوەش بڵاوکردنەوەیەتی لەناوخۆدا بۆ ئەوەی هاوڵاتیان زانیاریان لەسەری هەبێت.

بەپێی ماددە ٥٥ لە دەستووری فەرەنسا ساڵی ١٩٥٨، پەیماننامە و ڕێکەوتننامەکان کە پەسەندکراون یان ڕێکەوتنیان لەسەر کراوە بەپێی یاسا، لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەیانەوە پلەیەکی باڵاتریان لە یاسا هەیە...

دەستووری ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ١٧٨٧ مادده ٦ بڕگە ٢،  بەم ڕێگەیەی وەرگرتووە کە پەیماننامەکان ئەوا ئیلزامی دەبێت بۆ گشت دادوەرەکان لە گشت ولایەتەکان بێ گوێدانە ئەو دژیەکیانەی کە لەگەڵ یاسا و دەستووری ولایەتەکان هەیەتی.

دەستووری میسر ساڵی ٢٠١٤، مادده ١٥١ بەم ڕێگەیەی وەرگرتووە، ئەو پەیماننامانەی کە پەسەندکراون و بڵاوکراونەتەوە جێبەجێدەکرێن بێ ئەوەی پێویست بەوە بکات بە شێوەی یاسای ئاسایی دەربچوێندرێن.

## ٢- جێبەجێکردنی ناڕاستەوخۆ لەناو سیستەمی یاسای ناوخۆیی:

بەپێی ئەم ڕێگەیە بەستن و پەسەندکردنی پەیماننامەی نێودەوڵەتی لەلایەن لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە بەس نین بۆ جێبەجێکردنی پەیماننامەکە، بەڵکو دەبێت یاسایەکی تایبەت لەلایەن پەرلەمانەوە سەبارەت بەو پەیماننامەیە دەربچوێندرێت. ئەمەش جۆرێکە لە پێشوازی نیشتیمانی بۆ ڕێسایەکی نێودەوڵەتی و تێکەڵکردنی لەگەڵ یاسای ناوخۆیی.

ئەم ڕێگەیە لە بەریتانیا و دەستووری هەندێک وڵاتی دیکەی وەک سعودیە ۱۹۹۲، بەحرەین ۲۰۰۲، دەستووری کوەیتی ۱۹٦۲ پەیڕەودەکرێت.

لە دەستووری کۆماری عێراق ساڵی ۲۰۰۵، باسی لەم بابەتە نەکراوە، بەڵکو مادده ۲۷ لە یاسای بەستنی پەیماننامەکان ژمارە ۳۵ ساڵی ۲۰۱۵، ئاماژە بەوە دەدات کە (وەزارەتی داد هەڵدەستێت بە بڵاوکردنەوەی پەیماننامەکە لەگەڵ یاسای پەسەندکردنەکەی یان چوونەپاڵی لە ڕۆژنامەی فەرمی).

ئەمەش ئەوە دەگەێنێت کە پەیماننامە نێودەوڵەتیەکان لەناو دەوڵەتی عێراق کاتێک جێبەجێدەکرێن کە یاسایەکی نیشتیمانی تایبەت بە پەسەندکردنیان دادەنرێت و هەردووکیان لە ڕۆژنامەی فەرمی بڵاودەکرێنەوە.

## ب- ململانێ لەنێوان پەیماننامەی نێودەوڵەتی و یاسای ناوخۆیی و چۆنیەتی چارەسەرکردنی

دەکرێت جۆرێک لە دژیەکی لەنێوان پەیماننامەی نێودەوڵەتی و یاسای ناوخۆیی بێتە ئاراوە، هەڵوێست و ڕێگەچارەی دەستووری وڵاتان و ڕێکەوتننامەی ڤیەننا بۆ یاسای پەیماننامەکان و دادگای نێودەوڵەتی لەسەر ئەم بابەتە جیاوازن:

**یەکەم : ڕێگەچارەی دەستووریی بۆ ململانێکە:**

بەپێی دەستووری وڵاتان دەکرێت ئەم ململانێیە بە یەکێک لەم ڕێگایانە چارەسەر بکرێت:

- ئەگەر دەقێکی دەستووری هەبێت کە پەیماننامەی نێودەوڵەتی زاڵ بکات بەسەر یاسای ناوخۆیی ئەوا دەقەکانی پەیماننامەکە دەبێت جێبەجێبکرێن، وەک فەرەنسا و هۆڵەندا و سویسرا.
- بەڵام ئەگەر دەقێکی دەستووری سەبارەت بەم بابەتە نەبێت ئەوا چەند حاڵەتێک هەیە:

+ ئەگەر پەیماننامەکە لەدوای یاسای ناوخۆیی بوو ئەوا بەمانای هەڵوەشانەوەی یاسای ناوخۆیی دێت و پەیماننامەکە جێبەجێ دەبێت؛

+ ئەگەر یاسای ناوخۆیی لەدوای پەیماننامەکە بوو لێرەدا دوو ئەگەر هەیە:

- یاسادانەر لە پەسەندکردنی پەیماننامەکە هەڵوێستێکی ڕوونی نەبوو، لێرەدا دەبێت دادوەر جۆرێک لە هاوسەنگی و سازان لەنێوان پەیماننامەکە و یاسای ناوخۆییدا بکات و هەردووکیان بمێننەوە؛
- ئەگەر هەڵوێستی یاسادانەر و نیەتی لە دانانی یاسای ناوخۆیی ڕوون بو بۆ هەڵوەشاندنەوەی پەیماننامەکە لە ڕێگەی یاسا نوێیەکەوە ئەوا دەبێت دادوەر کار بە یاسای ناوخۆیی بکات و پەیماننامەکە پشتگوێبخات.

**دووەم: هەڵوێستی ڕێکەوتننامەی ڤیەننا بۆ یاسای پەیماننامەکان:**

بەپێی هەردوو ماددەکانی ٢٧ و ٤٦ لەم ڕێکەوتننامەیە، لەکاتی هەبوونی ناکۆکی و ململانێ لەنێوان یاسای ناوخۆیی و پەیماننامە نێودەولەتیەکان، ئەولەویەت بۆ دەقە نێودەوڵەتیەکەیە.

**سێیەم: هەڵوێستی دادگای نێودەوڵەتی:**

دادگای دادی نێودەوڵەتی جەختی کردۆتەوە لەسەر ئەوەی کە لە کاتی جێبەجێکردندا، شکۆمەندی بۆ یاسای نێودەوڵەتیە لەسەر یاسای ناوخۆیی:

لە کەیسی دایەنگەی منداڵان لەنێوان هۆڵەندا و سوید لە ساڵی ١٩٥٨، کاتێک سوید، بەپێی ڕێکەوتننامەی لاهای ساڵی ١٩٠٢، هەندێک ڕێکاری گرتەبەر بۆ سەرپەرشتیکردنی منداڵێکی شیرەخۆرە کە ڕەگەزنامەی هۆڵەندی هەبوو و لە سوید نیشتەجێ بوو. هۆڵەندا داوای لە دادگای دادی نێودەوڵەتیکرد کە یاسای نیشتیمانی منداڵەکە، کە دەکاتە یاسای هۆڵەندی، جێبەجێبکرێت و بڕیار لەسەر ئەوە بدات ڕێوشوێنەکانی سوید ناکۆکە لەگەڵ ئەو ئەرکانەی کە بەپێی ڕێکەوتننامەی لاهای ساڵی ١٩٠٢ دەکەوێتە سەر سوید. بەڵام دادگا داواکەی هۆڵەندای ڕەتکردەوە و ڕایگەیاند کە دەبێت یاسای نیشتیمانی ڕێز لەو ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتیانە بگرن کە بەستراون و بەرکارن.

# جێبەجێبوونی پەیماننامەکان لەسەر دەوڵەتانی ئەندام و دەوڵەتانی نا ئەندام
# سريان المعاهدات الدولية على أطرافها وعلى الغير

کاتێک پەیماننامەیەک دەکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە، لێکەوتەی یاسایی لێدەکەوێتەوە کە بریتیە لە ماف و ئەرکەکانی ناو پەیماننامەکە. لە بنەڕەتدا کاریگەری ئەم لێکەوتانە لەسەر لایەنەکانی پەیماننامەکە دەبێت، بەڵام هەندێکجار کاریگەری لەسەر هەندێ وڵات دەبێت کە لایەنێک نین لە پەیماننامەکە.

**پرەنسیپە گشتیەکانی جێبەجێکردنی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان**

**یەکەم : جێبەجێبوونی پەیماننامە نێودەوڵەتیەکان بەسەر ئەندامەکانی دا:**

بەپێی ڕێکەوتننامەی ڤییەننا بۆ یاسای پەیماننامەکان ساڵی ١٩٦٩، ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکان کاریگەرییان بەسەر ئەو دەوڵەتانە هەیە کە ئەندامن و لایەنن لە ڕێکەوتننامەکان، ئەم دەوڵەتانە پێویستە ڕێزیان لێبگرن و جێبەجێیان بکەن و ڕەچاوی چەند پرەنسیپێک بکەن، وەک:

**١- جێبەجێکردنی پەیماننامەکە بە نیازپاکی: تنفیذ المعاهدة بحسن النية:**

بەپێی مادده ٢٦ لە ڕێکەوتننامەی ڤیەننا بۆ یاسای پەیماننامەکان ساڵی ١٩٦٩، دەبێت لایەنەکان پابەندبن بە ڕێکەوتننامەیەکی جێبەجێکراو و ڕێزی لێبگرن و بە نیاز پاکیەوە جێبەجێی بکەن.

**٢- خۆنەبەستنەوە بە یاسای ناوخۆ وەک بیانوویەک بۆ جێبەجێنەکردنی پەیماننامەکە:**

بەپێی مادده ٢٧ لە ڕێکەوتننامەی ڤیەننا بۆ یاسای پەیماننامەکان ساڵی ١٩٦٩، یاسای نێودەوڵەتی باڵاترە لە یاسای ناوخۆیی، نابێت دەوڵەت بە بیانوی یاسای ناوخۆییەوە خۆی ببوێرێت لە جێبەجێکردنی یاسای نێودەوڵەتی.

**٣- جێبەجێکردنی پەیماننامەکە بەسەر تەواوی هەرێمی دەوڵەتەکە:**

بەپێی مادده ٢٩ لە ڕێکەوتننامەی ڤیەننا بۆ یاسای پەیماننامەکان ساڵی ١٩٦٩، پەیماننامەی نێودەوڵەتی بەسەر تەواوی هەرێمی وڵاتانی ئەندام جێبەجێ دەبێت، تەنها ئەگەر هاتوو دەقێک لە پەیماننامەکەدا هەبێت .

**٤- نەگەڕانەوەی پەیماننامەکە بۆ ڕابردوو:**

بەپێی مادده ٢٨ له ڕێکەوتننامەی ڤیەننا بۆ یاسای پەیماننامەکان ساڵی ١٩٦٩، بە شێوەیەکی گشتی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان تەنها بەسەر ئەو ڕووداو و پێشهاتانەدا جێبەجێ دەبن کە لە دوای کەوتنە بواری جێبەجێکردنیەوە ڕوو دەدەن و ناگەڕێنەوە بۆ سەر ئەو ڕووداوانەی کە لە پێشتردا ڕوویان داوە، بە نموونە وەک نیزامی ڕۆمای ئەساسی ساڵی ١٩٩٨، دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی تەنها دەسەڵاتی بەسەر ئەو تاوانانەدا هەیە کە لەدوای ڕێکەوتی کەوتنە بواری جێبەجێکردنی ئەم نیزامەوە ڕوویان داوە!

لەهەمان کاتدا دەکرێت، لایەنەکان ناوەڕۆکی پەیماننامەیەک پەیوەست بکەن بە بابەتێک کە لە ڕابردوودا ڕوویداوە، وەک بابەتی ناوبژیوانی لەسەر کێشەیەک کە لە پێشتردا ڕوویداوە.

## دووەم: جێبەجێبوونی پەیماننامەی نێودەوڵەتی بەسەر دەوڵەتانی دەرەوەی پەیماننامەکە

بەپێی بنەمای ڕەزامەندی (مبدء الرضائية)، ناکرێت دەوڵەتێک پابەند بکرێت بە پەیماننامەیەک کە ڕەزامەندی لەسەر دەرنەبڕیوە، چونکە بەپێی مادده ٢٦ لە ڕێکەوتننامەی ڤیەننا بۆ یاسای پەیماننامەکان ساڵی ١٩٦٩، گرێبەست یاسای لایەنەکانە، و بە پێی مادده ٣٤ لەم پەیماننامەیە جێبەجێبوونی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان ڕێژەییە.

**لە دوو حاڵەتدا پەیماننامەکان بەسەر کەسانی دەرەوەیاندا جێبەجێ دەبن:**

**١- بە ویستی لایەنەکانی پەیماننامەکە:**

**أ- مەرجی دەوڵەتی زیاتر ڕەچاوکراو: شرط الدولة الأكثر رعاية:**

وەک ئەوەی دوو دەوڵەت بەڵێن بە یەکتری دەدەن سودمەند بن لە پێدانی هەر ئیمتیازاتێک کە لە داهاتوودا لە لایەن هەر کامێکیانەوە بە دەوڵەتێکی دیکە دەدرێت، و لەسەر ئەم بابەتە ڕێکدەکەون. لە دواتردا هەر یەکێک لەم دوو دەوڵەتە پەیماننامەیەک لەگەڵ دەوڵەتی سێیەم واژۆ بکات بۆ ئەوەی هەندێک ماف و ئیمتیازاتی پێ ببەخشێت، ئەوا دەوڵەتی دووەم ڕاستەوخۆ لەوانەی دەوڵەتی سێیەم سودمەند دەبێت بێ ئەوەی خۆی لایەنێک بێت لە ڕێکەوتن لەگەڵیدا.

**ئەم بابەتە زیاتر لە ڕێکەوتننامەکانی بواری ئابووری و بازرگانی و کونسڵگەریدا ڕوودەدات، لەسەر بنەمای مامەڵەی هاوشێوە.**

**ب- مەرج دانان لە بەرژەوەندی دەوڵەتانی دەرەوەی پەیماننامەکە؛ اشتراط لمصلحة الغير**

دەکرێت لە ڕێکەوتننامەیەکدا مەرج دابنرێت بۆ دابینکردنی مافێک یان چەند مافێک بۆ دەوڵەتێک کە لایەن نیە لە ڕێکەوتننامەکە. ئەم بیرۆکەیە لە سیستەمی یاسای ناوخۆییەوە سەرچاوەی گرتووە کە لە گرێبەستێکدا سێ لایەن هەبن؛ مەجدانەر، بەڵێندەر و سودمەند.

**بەپێی مادده ٣٦ لە ڕێکەوتننامەی ڤیەننا بۆ یاسای پەیماننامەکان ساڵی ١٩٦٩، چەند مەرجێک هەن بۆ دانانی ئەو پەیماننامە نێودەوڵەتییانەی کە ماف بۆ کەسانی دیکە دروست دەکەن:**

١- ویستی لایەنەکانی پەیماننامەکە، دەبێت مەبەستیان بێت ماف بدەنە لایەنێک کە لە دەرەوەی پەیماننامەکەیە؛

٢- لایەنی سێیەم ڕازی بێت بەو مافانەی کە بەپێی پەیماننامەکە پێی دەدرێت؛

٣- لایەنی سودمەند لە مافەکان، دواى ڕەزامەندی دەربڕین، پابەند بێت بەو مەرجانەی کە لە پەیماننامەکەدا هاتووە بۆ سودمەند بوون و بەکارهێنانی ئەو مافانە.

**ج- ئەو پەیماننامانەی ئەرک بۆ دەوڵەتانی دیکە دروست دەکەن؛ المعاهدات التي ترتب التزامات على عاتق الغير**

لە ئەسڵدا پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان ئەرک بۆ دەوڵەتانی دەرەوەیان دروست ناکەن، بەڵکو التزاماتەکان بۆ لایەنەکانی پەیماننامەکەیە، بەڵام بەپێی مادده ٣٥ لە ڕێکەوتننامەی ڤیەننا بۆ یاسای پەیماننامەکانساڵی ١٩٦٩، دەکرێت پەیماننامەی نێودەوڵەتی التزامات بۆ لایەنی دەرەوەی دروست بکات بە دوو مەرج:

١- لایەنەکانی پەیماننامەکە مەبەستیان بێت کە التزامات بخەنە سەر لایەنێکی دەرەوەی پەیماننامەکە، ئەمە بە دەق لە پەیماننامەکەدا هاتبێت؛

٢- لایەنی دەرەوەی پەیماننامەکە، کە بە هۆیەوە التزامی خراوەتە سەر، بە شێوەیەکی ڕاشکاو و نووسراو پابەند بوونی خۆی بەو التزامەوە دەربڕێت.

**بەپێی مادده ٣٧ لە ڕێکەوتننامەی ڤیەننا بۆ یاسای پەیماننامەکان ساڵی ١٩٦٩:**

کاتێک دەوڵەتێکی دەرەوەی پەیماننامەکە ماف یان ئەرکەکانی پەیماننامەیەک قبوڵ دەکات، ئەوا وەک لایەنێک لە پەیماننامەکە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت لەو ماف و ئەرکانەی کە بۆی دانراوە.

- ئەگەر لایەنەکان ڕێکەوتبن، نابێت ئەو التزاماتانەی کە بەپێی مادده ٣٥ بۆ دەوڵەتی سێیەم دروستکراوە هەڵبوەشێنرێنەوە یان هەموار بکرێن بێ ڕەزامەندی لایەنەکان و دەوڵەتی سودمەند.
- ناکرێت ئەو مافانەی کە بەپێی مادده ٣٦ بۆ دەوڵەتی سێییەم دروستکراوە هەڵبوەشێنرێنەوە یان هەموار بکرێن لەلایەن لایەنەکانەوە بێ ڕەزامەندی دەوڵەتی سودمەند.

## ٢- جێبەجێبوونی پەیماننامەکان بەسەر کەسانی تردا بەهۆی سروشتی پەیماننامەکەوە

لە سێ حاڵەتدا، پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان بە هۆی سروشتیانەوە بەسەر کەسانی دەرەوەیاندا جێبەجێ دەبن:

**أ- چوونە پاڵ پەیماننامەکە : الانضمام اللاحق للمعاهدة**

لە ڕێکەوتننامەی ڤیەننا بۆ یاسای پەیماننامەکان باس لەم بابەتە نەکراوە، بەڵکو لە پراکتیکی مامەڵەی نێودەوڵەتیدا کاری پێدەکرێت. کاتێک دەوڵەتێک دەچێتە ناو پەیماننامەیەک کە پێشتر بەشداری لە دانوستانەکانی و گفتوگۆکانی نەکردوە و هیچ ڕۆڵێکی لە داڕشتنی بەند و بڕگەکانیدا نەبووە، بەڵام دواتر پێیانەوە پابەند دەبێت.

دەوڵەت ئازادە لەوەی بچێتە پاڵ پەیماننامەیەک یان نا، بەڵام کە چوو ناتوانێت دەستکاری بڕگە و حوکمەکانی بکات بەو شێوەیەی کە خۆی دەیەوێت، بەڵکو دەتوانێت، لە سنووری ڕێگەپێدراو، خۆپارێزی (تحفظ) ی هەبێت بەڵام ناتوانێت خۆی لە بابەتە سەرەکیەکانی ناو پەیماننامەکە بدزێتەوە.

له پەیماننامەی داخراودا هەر دەوڵەتێک بیەوێت ببێتە لایەن دەبێت گفتوگۆ لەگەڵ کۆی لایەنەکان بکات و ئەمان ڕەزامەند بن، بەڵام لە پەیماننامە کراوەکان، پابەند بوون بە مەرجە سەرەکیەکان وادەکات دەوڵەتی دیکە بێتە پاڵی، نەک ڕەزامەندی ئەوانی دیکە.

**ب- پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان: میثاق الأمم المتحدة**

بەڵگەنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان لەو پەیماننامە نێودەوڵەتییانەیە کە پابەند نیە بە بنەمای ڕێژەیی جێبەجێ بوونی پەیماننامەکانەوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی تایبەت بە خۆی. چوونە پاڵ ئەم پەیماننامەیە ئازادانەیە و پەیوەستە بە ویست و ئارەزووی دەوڵەتان خۆیانەوە. مادده (٢) بڕگە شەشەم لەم بەڵگەنامەیە، باس لەوە دەکات (ئەم ڕێکخراوە کار دەکات لەپێناو ئەوەی دەوڵەتانی نا ئەندام تیایدا کار بە پرەنسیپەکانی بکەن تا ئەو ڕادەیەی کە پێویستە بۆ پارێزگاریکردن لە ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی).

**کەواتە ئەم بەڵگەنامەیە دەوڵەتانی نا ئەندامیش ناچار دەکات بە ڕێزگرتن لەو بنەمایانەی کە ئەم ڕێکخراوەی لەسەر دامەزراوە و لەپێناویاندا کار دەکات.**

## ج- گۆڕانی پەیماننامە بۆ عورفی نێودەوڵەتی

کاتێک سروشتی پەیماننامەیەک یان بەشێکی دەگۆڕێت بۆ عورفی نێودەوڵەتی، دەکرێت بەسەر دەوڵەتانی نا ئەندامیشدا جێبەجێ ببێت. مادده ٣٨ لە ڕێکەوتننامەی ڤیەننا بۆ یاسای پەیماننامەکان ١٩٦٩، باس لەوە دەکات (لە ماددەکانی ٣٤ بۆ ٣٧ شتێک نیە کە ڕێگری بکات لەوەی ئەوەی لە پەیماننامەیەکدا هاتووە دەوڵەتانی دیکە (نا ئەندام) پابەند بکات وەک ڕێسایەکی عورفی دانپێدانراو لە ڕێساکانی یاسای نێودەوڵەتی.

**لەو ڕێسایانەی یاسای نێودەوڵەتی کە گۆڕاون بۆ عورفی نێودەوڵەتی پابەندکار:**

- پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانی بواری بەلەمەوانی؛ وەک پەیماننامەی (القسطنطينة) لە ساڵی ١٨٨٨، بۆ پەڕینەوە لە کەناڵی سوێس.

- ڕێکەوتننامەی لاهای ساڵی ١٩٠٧؛ تایبەت بە ڕێگا و شێواز و یاسای جەنگی.
- ڕێکەوتننامەکانی ژنێف ساڵی ١٩٤٩ و پرۆتۆکۆلەکانیان ١٩٧٧؛
- ڕێکەوتننامەی بێلایەنی دەوڵەتان؛ پەیماننامەی ڤیەننا ساڵی ١٨١٥ کە بێلایەنی سویسرای سەلماند، پابەندکارە بۆ دەوڵەتی دیکەش کە ئەو پەیماننامەیەیان واژۆ نەکردوە.

# ڕاڤەکردنی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان
# تفسير المعاهدات الدولية

ڕاڤەکردنی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان بریتیە لە ڕێوشوێنێکی یاسایی کە مەبەست لێی دەرخستن و ڕوونکردنەوەی چەمکی ڕاستەقینەی ئەو دەقەیە کە بۆتە هۆی ناکۆکی و ململانێی لایەنەکانی ناو پەیماننامەکە، لەڕێگەی گرتنەبەری ڕێساکانی ڕاڤەکردن، کە لە ڕێکەوتننامەی ڤیەننا بۆ یاسای پەیماننامەکان ساڵی ١٩٦٩، دەقیان لەسەر دراوە. بەپێی ڕێکەوتنی لایەنەکانی ڕێکەوتننامەیەک دەکرێت لایەنێکی نێودەوڵەتی یان ناوخۆیی ئەم ڕاڤەکردنە ئەنجام بدات.

**<u>یەکەم : ڕێسا پەیڕەواکراوەکان لە ڕاڤەکردنی پەیماننامەیەکی نێودەوڵەتی</u>**

- ڕێسا گشتییەکان بۆ ڕاڤەکردن؛
- ڕێسا تەواوکارییەکان بۆ ڕاڤەکردن؛
- ڕاڤەکردنی ئەو پەیماننامانەی کە بە زیاتر لە زمانێک نووسراون.

## ١- ڕێسا گشتییەکان بۆ ڕاڤەکردن؛

بەپێ مادده ٣٣ لە ڕێکەوتننامەی ڤیەننا بۆ یاسای پەیماننامەکان ١٩٦٩، دووجۆر ڕێسای گشتی هەن:

- **ئەو ڕێسایانەی کە پەیوەستن بە لایەنەکانی پەیماننامەکە:**

**أ- نیازپاکی لە ڕاڤەکردنی پەیماننامەکە:**

ئامانجی سەرەکی لە ڕاڤەکردن گەیشتنە بە حاڵەتی دەروونی لایەنەکانی پەیماننامەکە و دواتر کەشفکردنی مانای ڕاستەقینەی دەقە ناڕوونەکان. ئەمەش گەڕانە بەدوای ئەو گوتارە ڕاستیانەی کە لایەنەکان لەکاتی دانانی دەقەکاندا مەبەستیان بووە، نەک لایەنداریکردن بۆ بەرژەوەندی لایەنێک.

مادده ٣١ بڕگە یەکەم لە ڕێکەوتننامەی ڤیەننا بۆ یاسای پەیماننامەکان ١٩٦٩، ئاماژە بەوە دەدات کە (ڕاڤەکردنی پەیماننامە بە نیازپاکی و بەپێی ئەو مانایەی کە بە دەستەواژەکانی دەدرێت لە چوارچێوەی تایبەت بە بابەتەکەی و مەبەستەکەی)

**ب- ڕاڤەکردنی دەق بەپێی مانای ئاسایی وشەکانی ناو پەیماننامەکە:**

لە ڕاڤەکردنی پەیماننامەکاندا پێویستە پابەند بن بەو مانایەی کە لەکاتی دارِشتنی پەیماننامەکەدا مەبەست بووە بۆ وشەکان، لێرەدا دەبێت ڕەچاوی چەند خاڵێک بکرێت :

- تێگەیشتن لە وشەکانی ناو دەقەکە بەو مەبەستەی کە بەکارهاتووە لەکاتی بەستنی پەیماننامەکە، چونکە هەندێکجار وشەیەک زیاتر لە یەک مانا دەبەخشێت، یان ئەوەتا لە کاتی دارِشتنی پەیماننامەیەک مانایەک دەبەخشێت بەڵام لەکاتی ڕاڤەکردنیدا ماناکەی دەگۆڕێت یان بەرفراوان دەبێت؛

- کارکردن بە بنەمای ڕاڤەکردنی کارا، ناکرێت هیچ وشەیەک لەناو پەیماننامەکە جیابکرێتەوە لە ناوەرۆک و ماناکەی و کاریگەرییەکانی ئەو وشەیە لە جێبەجێکردنی پەیماننامەکە، دەبێت وشەکان تەواوکەری یەکتر بن.

**-ئەو ڕێسایانەی کە پەیوەندیدارن بە خودی پەیماننامەکەوە:**

**أ- ڕاڤەکردنی دەق لە چوارچێوەی پەیماننامەکەدا**

ئەو دەقەی کە ڕاڤەدەکرێت نابێت دابڕێندرێت لە چوارچێوەی گشتی پەیماننامەکە چونکە دەقەکانی پەیماننامەکە تەواوکاری یەکترن، پێویستە پەیوەندی دروست بکرێت لەنێوان سەرجەم دەقەکاندا، لە گشت بەشەکانی (پێشەکی و ناوەڕۆک و پاشکۆ)، کە هەمان بەهای یاساییان هەیە، لە پێشەکیدا ئامانجەکانی بەستنی پەیماننامەکە بەدیار دەکەوێت؛ لە ناوەڕۆکدا ماف و ئەرکەکان دیار دەکرێن؛ و لە پاشکۆدا ڕوونکردنەوەی هەندێک بابەت هەیە کە لە پێشەکی و ناوەڕۆکدا نیە.

پێویستە ڕەچاوی هەڵس و کەوتی دواتری دەوڵەتانی ئەندام لە پەیماننامەکە بکرێت، وەک ئەو ڕێکەوتننامانەی کە پەیوەندیدارن بەو پەیماننامەیەی کە ڕاڤە دەکرێت، جا لە نێوان سەرجەم لایەنەکان بێت یان لەلایەن لایەنێکیەوە بێت، یان هەر ڕێکەوتنێکی پاشکۆ لە نێوان لایەنەکان بەسترابێت بۆ جێبەجەکردنی دەقەکانی پەیماننامەکە.

**ڕای دادگای دادی نێودەوڵەتی ساڵی ١٩٢٢، سەبارەت بە دەسەڵاتەکانی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی بۆ ڕێکخستنی کاری کشتوکاڵی دەڵێت: پێویستە پەیماننامە هەمووو بەیەکەوە و وەک خۆی بخوێندرێتەوە.**

**ب- ڕەچاوکردنی مەبەستی پەیماننامەکە**

لە ڕاڤەکردنی پەیماننامەکاندا پێویستە ڕەچاوی ئامانج و مەبەستی سەرەکی پەیماننامەکە بکرێت، پەیوەندی دروست بکرێت لەنێوان بابەتی پەیماننامەکە و ئامانج لە بەستنی پەیماننامەکە. ئەمەش وا دەکات لایەنی ڕاڤەکار باشتر لە دەقەکانی پەیماننامەکە تێبگات . ئەگەر پەیماننامەیەک لە نێوان وڵاتان بەسترابوو لەسەر بابەتی هاوکاری دادوەری و ڕادەستکردنی تاوانباران، ئەوا پێویستە زیاتر تەرکیز لەسەر ڕێوشوێنەکانی ڕادەستکردنەوەی تاوانباران بێت نەک گەڕان بە دوای پێناسەی تاوان ئەگەرنا ڕاڤەکار دوور دەکەوێتەوە لە گەیشتن بە مانای ڕاستەقینەی دەقەکە.

**٢- ڕێسا (میکانیزمە) تەواوکارییەکان بۆ ڕاڤەکردن؛ الوسائل المکملة للتفسیر**

ئەگەر ڕەچاوکردنی ڕێسا و ئامرازە گشتییەکان دەرئەنجامێکی باشیان بەدەستەوەدا بۆ گەیشتن بە مانای ڕاستەقینەی دەقێکی ناڕوون و ناکۆکیەکە چارەسەر بوو، ئەوا پێویست بەوە ناکات پەنا بۆ ڕێسا و ئامرازی تەواوکار ببرێت. بەڵام ئەگەر پێچەوانە بوو و دەرئەنجامەکە ناکۆکیەکەی چارەسەر نەکرد ئەوا بەپێی **مادده ٣٢ لە ڕێکەوتننامەی ڤیەننا بۆ یاسای پەیماننامەکان ساڵی ١٩٦٩**، دەکرێت پشت بە میکانیزمی تەواوکار ببەسترێت لە راڤەکردنی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان.

لێرەدا پەنا دەبرێت بەر چەند میکانیزمێک:

- **هەڵومەرجی بەستنی پەیماننامەکە؛**

لەبەرچاوگرتنی کات و شوێن و هۆکاری مۆرکردنی پەیماننامەکە لە میانەی ڕاڤەکردنی دەقێکیدا، بە نموونە مۆرکردنی پەیماننامەی دروستکردنی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و دانانی بەڵگەنامەکەی، کە بەهۆی لێکەوتەکانی کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانی و نەهامەتیەکانیەوە و پێویستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە دروستکردنی ڕێکخراوێک کە سنووری بۆ ئەو نەهامەتییانە دابنێت، هاتە ئاراوە.

- **کردارە ئامادەکارییەکان بۆ بەستنی پەیماننامەکە؛**

بریتیە لەو بەڵگەنامانەی کە پەیوەندییان بە کرداری ئامادەکردنی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکە و تاوتوێکردنیان هەیە ، وەک پشت بەستن بەو بەڵگە و دۆکیومێنتانەی کە لە پێش بەستنی پەیماننامەکە پێشکەش دەکرێن، و ئەو ڕەشنووسانەی پەیماننامەکە کە پێشکەشکراون بۆ دەنگدان یان ئەو دەقانەی کە هەموار کراون یان گۆڕدراون.

بەپێی ڕای ناوبژیوانی لە کەیسی نێوان فەڕەنسا و ئەمریکا ساڵی ١٩٦٣، دەربارەی ڕاڤەکردنی ڕێکەوتنامەی ئاسمانی نێوانیان ساڵی ١٩٤٦، دەڵێت: کارە ئامادەکارییەکان ئامرازی یارمەتیدەرن بۆ ڕاڤەکردنی پەیماننامەکان.

**٣- ڕاڤەکردنی ئەو پەیماننامانەی کە بە زیاتر لە زمانێک نووسراون:**

ڕاڤەکردنی ئەمجۆرە پەیماننامانە سەختترە لە ڕاڤەکردنی ئەوانەی کە بە یەک زمان نووسراون، چونکە گرفتی سەرەکی لێرەدا ئەوەیە، لەکاتی سەرهەڵدانی ناکۆکیەک، بە چ زمانێک ڕاڤە بکرێت؟ ماددە ٣٣ لە ڕێکەوتننامەی ڤیەننا بۆ یاسای پەیماننامەکان ساڵی ١٩٦٩، چۆنیەتی ڕاڤەکردنی ئەمجۆرە پەیماننامانەی ڕوون کردۆتەوە.

1- إذا وثقت المعاهدة بلغتين أو أكثر يكون لنصها بأي من هذه اللغات نفس القوة ما لم تنص المعاهدة أو يتفق الأطراف على أنه عند الاختلاف يسود نص معين.
2- لا يعتبر نص المعاهدة الذي يصاغ بلغة غير اللغات التي وثقت بها المعاهدة رسمياً إلا إذا نصت المعاهدة أو اتفق الأطراف على ذلك.
3- يفترض أن الألفاظ لها نفس المعنى في كل نص رسمي.
4- فيما خلا الحالات التي يسود فيها نص معين وفقاً لأحكام الفقرة الأولى، إذا أظهرت مقارنة النصوص الرسمية اختلافاً في المعنى لم يزله تطبيق المادتين 31 و32، يؤخذ بالمعنى الذي يوفق بقدر الإمكان بين النصوص المختلفة مع أخذ موضوع المعاهدة والغرض منها بعين الاعتبار.

**کەواتە لێرەدا لەبەردەم دوو ئەگەردایین:**

- ئەگەر پەیماننامەیەک بە زیاتر لە زمانێک نووسرابێتەوە و لایەنەکان ڕێکەوتبن لەسەر ئەوەی کە یەک زمان لەوانی دیکە باڵاتر بێت، ئەوا ڕاڤەکردن ئاسان دەبێت و گرفتی نابێت؛
- ئەگەر پەیماننامەیەک بە زیاتر لە زمانێک نووسرابێتەوە و لایەنەکان ڕێکنەکەوتبن لەسەر یەک زمان، بەڵکو گشت زمانەکان یەک هێزی یاساییان هەبێت، ئەوا لە کاتی ڕاڤەکردندا گرفت دروست دەبێت. لایەنی ڕاڤەکار پێویست گونجاندنێک لەنێوان زمانە جیاوازەکان بکات و ڕەچاوی ئامانجی پەیماننامەکە بکات و گرنگی بدات بەو مانایەی کە لە یەکێک لە زمانەکاندا هاتووە پێچەوانەی ئامانجەکانی پەیماننامەکە نیە.

پێویستە کار بە مانای ئەو زمانە بکرێت کە کورت و پوختە نەک ئەوەی بەربڵاوە. لە ساڵی ١٩٢٤، دادگای دادی نێودەوڵەتی سەبارەت بە ڕاڤەکردنی وشەی (Control)، لە زمانی فەرەنسی ماناکەی کورت و پەخت بوو بەراورد بە زمانی ئینگلیزی، بۆیە دادگا بە زمانی فەرەنسی وەرگرت.

## دووەم : لایەنی تایبەتمەند بە ڕاڤەکردنی پەیماننامە : الجهة المختصة بتفسیر المعاهدات الدولیة

ماددەکانی ٣١، ٣٢، و ٣٣ لە ڕێکەوتننامەی ڤیەننا بۆ یاسای پەیماننامەکان ساڵی ١٩٦٩، باس لە لایەنی تایبەتمەند بە ڕاڤەکردنی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان ناکەن. بەڵکو لە پڕاکتیکی نێودەوڵەتیدا دەکرێت لایەنی نێودەوڵەتی ئەم کارە ئەنجام بدەن یان لایەنی ناوخۆیی وڵاتان:

### ١- ڕاڤەکردن لەڕێگەی لایەنێکی نێودەوڵەتی:

**أ- ڕێکەوتنی ئەو دەوڵەتانەی کە لایەنن لە پەیماننامەکە:**

لایەنەکان لەنێوان خۆیاندا ڕێکدەکەون لەسەر مانەیەک بۆ ئەو ناڕوونییانەی کە لەناو دەقەکانی ڕێکەوتننامەکەدا هاتوون، وەک دانانی پاشکۆ بۆ پەیماننامەکە بە زیادکردنی دەقی ڕوون کەرەوە، یان بەستنی ڕێکەوتننامەیەکی ڕاڤەکاری، لە هەمان کاتی بەستنی پەیماننامەکە یان لە دواتردا. ئەمەش یان لە شێوەی ڕێکەوتنی ئاسان دەبێت، یان گۆڕینەوەی نووسراو، یان یاداشت یان بە پرۆتۆکۆلێکی تایبەت دەکرێت بە پاشکۆی پەیماننامەکە.

**ب- لە ڕێگەی دادگای نێودەوڵەتی:**

کاتێک لایەنەکانی پەیماننامەیەک ناگەنە ڕێکەوتن لەسەر ڕاڤەکردنی پەیماننامەکەیان، گرفتی یاسایی دروست دەبێت، و پێویستە لە ڕێگەی دادگایەکی نێودەوڵەتییەوە چارەسەر بکرێت. بۆ ئەم مەبەستەش پەنا دەبرێتە بەردەم دادگای دادی نێودەوڵەتی یان دادگاکانی ناوبژیوانی.

- بەپێی مادده ٣٦ لە نیزامی بنەڕەتی دادگای دادی نێودەولەتی، خاڵی دووەم بڕگە یەکەم، دەوڵەتانی لایەن لەم نیزامە بنەڕەتیە دەتوانن لە هەرکاتێکدا ئەوە ڕابگەیێنن کە دان بە تایبەتکاری دادگادا دەنێن لە گشت ناکۆکی و ململانێ یاساییەکان کە پەیوەستن بە: ... ڕاڤەکردنی پەیماننامە.

- دەکرێت پەنا ببرێتە بەردەم دادگایەکی ناوبژیوانی نێودەوڵەتی بۆ ڕاڤەکردنی دەقەکانی پەیماننامەیەکی نێودەوڵەتی، بە نموونە دادگای هەمیشەیی ناوبژیوانیکردن PCA لە لاهای، کە لە ساڵی ١٨٩٩ وە دامەزراوە.

**٢- ڕاڤەکردن لە ڕێگەی دەسەڵاتی ناوخۆییەوە:**

- **ئەو دەسەڵاتەی کە پەیماننامەکەی بەستووە:**

لێرەدا مەبەست لەو دەسەڵاتە نیشتیمانییە کە پەیماننامەکەی بەستووە (کە بریتییە لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن - حکومەت)؛

ئەم دەسەڵاتە خۆی هەڵساوە بە ئەنجامدانی دانووستان و واژۆکردنی پەیماننامەکە، لە دەسەڵاتەکانی دیکە نزیکترە لە چۆنیەتی جێبەجێکردنی لە دوای پەسەند کردن و بە ئەنجامگەیشتنی، و زیاتر ئاشنایە بەو ماف و ئەرکانەی کە لە پەیاننامەکە بۆ وڵات دروست دەبن.

بە گشتی، ئەمجۆرە ڕاڤەکردنە لەسەر داوای لایەنێک دەبێت لەبەردەم دادگا و دادگاش داواکە دەنێرێت بۆ دەسەڵاتی جێبەجێکردن بۆ ڕاڤەکردنی ئەو دەقەی کە مەبەستە.

- **لە ڕێگەی دادگای نیشتیمانی**

بۆچوونی یاساناسان سەبارەت بە دەسەڵاتی دادگای نیشتیمانی بۆ ڕاڤەکردنی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان سێ ئاڕاستەی جیاوازی هەیە:

- هەندێکیان پێیان وایە دادگای نیشتیمانی پسپۆڕ نین و مافی ئەوەیان نیە پەیماننامەکان ڕاڤە بکەن، بەڵکو ئەم کارە لە پسپۆڕی دەسەڵاتی جێبەجێکردنە کە ئەنجامی بدات؛
- هەندێکیان جیاوازی دەکەن لەنێوان بابەتی پەیماننامەکان: حکومەت تایبەتمەندە بە ڕاڤەکردنی ئەو پەیماننامانەی کە پەیوەندیدارن بە سیستەمی نێودەوڵەتی گشتیەوە، وەک (پارێزگاریکردن، ئاشتەوایی، ڕێکەوتننامەکانی بواری کونسوڵگەری، ڕادەستکردنەوەی تاوانباران)؛ بەڵام لە بابەتەکانی دیکە دادگای نیشتیمانی تایبەتمەندە بە ڕاڤەکردنیان؛
- هەندێکی دیکەیان پێیان وایە کاتێک پەیماننامەیەک وەک یاسایەک لەناوخۆدا جێبەجێدەکرێت ئەوا دادگای نیشتیمانی تایبەتمەندە بە ڕاڤەکردنی، بەڵام دەبێت دادگای نیشتیمانی ڕەچاوی پرەنسیپە نێودەولەتییەکان بکات.

زۆربەی وڵاتان ڕێگە بە دادگای ناوخۆ نادەن کە پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان ڕاڤە بکەن تەنها لەو حاڵەتەدا نەبێت کە داوایەک خرابێتە پێشی و پەیوەندی بە بەرژەوەندی تاکەکان هەبێت، چونکە ئەمجۆرە ڕاڤەکردنە دەبێتە هۆی دەستێوەردانی دادگا لە کاروباری دەسەڵاتی جێبەجێکردن.

کەواتە، کاتێک بابەتی پەیماننامەیەک کێشەی لەسەر دروست دەبێت و دەچێتە بەردەم دادگای ناوخۆ، ئەوا دادگای ناوخۆ بابەتەکە ڕاڤە دەکات بەڵام دەبێت ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکات:

- دەبێت پەیماننامەکە پەیوەندیدار بێت بە بەرژەوەندی تاکەکانەوە؛
- ڕاڤەکردنەکە پەیوەندی هەبێت بەو کێشەیەی کە خراوەتە بەردەمی.

# هەمواركردنی پەیماننامە نێودەوڵەتییەكان
# تعديل المعاهدات الدولية

**چەمكی هەمواركردنی پەیماننامە نێودەوڵەتیەكان:**

هەمواركردن رێوشوێنێكی یاساییە كە لایەنەكانی ناو پەیماننامەیەك ئەنجامی دەدەن بە زیادكردنی دەقێك یان گۆڕینی دەقێك یان لابردنی دەقێك تیایدا. ئامانج لەم هەمواركردنە پڕكردنەوەی ئەو ناتەواویانەیە كە لە دوای بەستنی پەیماننامەكە دروست دەبن.

گرنگی هەمواركردنی پەیماننامە نێودەوڵەتییەكان لە دوو خاڵدا دەردەكەوێت:

- دانەبڕان لە گەشە سەندنەكانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكان؛
- گۆڕانی ئەو بارودۆخەی كە بووە هۆی بەستنی پەیماننامە نێودەوڵەتییەكان.

رێژەی دەنگی پێویست بۆ هەمواركردنەوەی هەر پەیماننامەو رێكەوتننامەیەكی نێودەوڵەتی جیاوازە، دەكرێت بە تێكڕای دەنگی ئەندامان بێت، دەكرێت بە زۆرینەی دوو لەسەر سێ بێت، یان بە زۆرینەی دیاركراو بێت.

## ڕێوشوێنەکانی هەموارکردن:

بەپێی مادەکانی (٣٩-٤١) لە ڕێکەوتننامەی ڤیەننا بۆ یاسای پەیماننامەکان ساڵی ١٩٦٩، ڕێوشوێنەکانی هەموارکردنی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان بەمشێوەیە ڕوونکراونەتەوە:

## ڕێسا گشتییەکانی هەموارکردنی پەیماننامەی نێودەوڵەتی:

بەپێی مادە ٣٩ لە ڕێکەوتننامەی ڤیەننا بۆ یاسای پەیماننامەکان ساڵی ١٩٦٩، دەکرێت پەیماننامە بە ڕێکەوتنی لایەنەکانی هەموار بکرێت. بۆ هەموارکردنی هەر پەیماننامەیەکی نێودەوڵەتی، دوو قۆڵی یان بەکۆمەڵ، پێویستە ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕەچاو بکرێن:

- ڕەچاوکردنی ڕەزامەندی لایەنەکانی ناو پەیماننامەکە؛
- ڕەچاوکردنی ئەو مەرجە شکڵی و بابەتیانەی کە لە بەشی دووەمی ڕێکەوتننامەی ڤیەننا بۆ یاسای پەیماننامەکان هاتوون تایبەت بە بەستنی پەیماننامەی نێودەوڵەتی، بەمەرجێک لە ناو ئەو پەیماننامەیەی کە مەبەستە هەموار بکرێت دەقێک نەبێت پێچەوانەیان بێت.

**هەمواركردنی پەیماننامەی نێودەوڵەتی بەكۆمەڵ لەلایەن لایەنەكانەوە:**

هەمواركردنی پەیماننامە نێودەوڵەتییەكان گرنگی خۆی هەیە، چونكە پەیوەستە بە بەرژەوەندی كۆمەڵە دەوڵەتێك. لەمجۆرە پەیماننامانە دەوڵەتانی ئەندام، تەنانەت نا ئەندامیش، دەتوانن بەشدار بن لە پرۆسەكانی دانووستانكردن لەسەر هەمواركردنەكە و ئەنجامدانی ڕێكەوتنێكی نوێ. ئەنجامدانی ئەم ڕێكەوتنە نوێیە نا ئیلزامیە، لایەنە بەشدارەكان دەتوانن پەسەندی بكەن یان پەسەندی نەكەن و ڕەزامەندی لەسەر دەرنەبڕن.

هەندێك پەیماننامە ماوەیەك دادەنێت بۆ ئەوەی بتوانرێت لە دواتردا هەمواربكرێتەوە، هەندێك پەیماننامە هەیە ناوەناوە كۆنفرانس دەبەسترێت بۆ پێداچوونەوە بە ناوەڕۆكەكەیدا.

مادده (٤٠) لە ڕێكەوتننامەی ڤیەننا بۆ یاسای پەیماننامەكان ١٩٦٩، ڕێوشوێنەكانی ئەمجۆرە هەمواركردنەوەیەی ڕوونكردۆتەوە. **ئەگەر پەیماننامەكە دەقێكی پێچەوانەی تیادا نەبێت، ئەوا هەمواركردنەوەی پەیماننامەی بەكۆمەڵ ئەم بڕگانەی بەسەردا جێبەجێ دەبێت:**

- دەبێت گشت دەوڵەتانی لایەن لەو پێشنیارە ئاگادار بكرێنەوە كە مەبەست لێی هەمواركردنەوەی پەیماننامە بەكۆمەڵەكەیە لەنێوان گشت لایەنەكانیدا، ئەم دەوڵەتانە مافی ئەوەیان هەیە بەشداری لەمانەی خوارەوەدا بكەن:

١- بڕیاری تایبەت بەو ڕێکارەی کە پێویستە بگیرێتەبەر سەبارەت بەو پێشنیارە؛

٢- دانووستانکردن و بەستنی هەر گرێبەستێک بۆ هەموارکردنی پەیماننامەکە.

- هەر دەوڵەتێک کە مافی هەیە ببێتە لایەنێک لە پەیماننامەکە مافیشی هەیە ببێتە لایەن لە پەیماننامەکە دوای هەموارکردنی؛

- ڕێکەوتنی هەموارکردن هیچ دەوڵەتێک پابەند بەوە ناکات کە ببێتە لایەنێک لە ڕێکەوتننامەی هەموارکردنەکە؛

- هەر دەوڵەتێک کە لە دوای چوونە بواری جێبەجێکردنی ڕێکەوتننامەی هەموارکردنەکە دەبێتە لایەن لە پەیماننامەکە، ئەگەر هیچ نیەتێکی پێچەوانەی نەبێت، وا دادەنرێت کە:

١- لایەنێکە لە پەیماننامەکە بەو شێوەیەی کە هەموارکراوە؛

٢- لایەنێکە لە پەیماننامە نا هەموارکراوەکە لەبەرامبەر هەر لایەنێک لە پەیماننامەکە کە پابەند نیە بە ڕێکەوتننامەی هەموارکردنەکە.

**ئەو پەیماننامانەی کە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی دروست دەکەن، ئایا دەوڵەتانی ئەندام بۆیان هەیە هەموارکردنیان ڕەت بکەنەوە و قبوڵیان نەکەن؟ یان پێیانەوە پابەند نەبن؟**

بەڵگەنامەی ئەم جۆرە ڕێکخراوانە پەیماننامەی بەکۆمەڵن، ئەگەر دەوڵەتێک بەردەوامی بە ئەندامێتی بدات و بە هەموارکردنی بەڵگەنامەکەشی ڕازی نەبێ ئەوا گرفتی لێدەکەوێتەوە.

لە کاتی ڕازی نەبوون بە هەموارکردنی ئەمجۆرە پەیماننامانە دەوڵەتانی ئەندام دوو ڕێگەیان لەپێشە:

- ئەندامێتیان بکێشنەوە؛ یان
- پابەند بێت بە هەموارەکانەوە.

مادده ١٠٨ لە بەڵگەنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان دەڵێت: ئەو هەموارکردنانەی کە لەم پەیماننامەیەدا دەکرێت بە ڕەزامەندی دوو لەسەر سێی ئەندامان دەرچووبێ و دوو لەسەر سێی ئەندامانی نەتەوە یەکگرتووەکان پەسەندیان کردبێت لەنێویشیاندا ئەندامانی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایش، ئەوا لەسەر گشت ئەندامانی نەتەوە یەکگرتووەکان پیادە دەکرێت... .

**<u>کاریگەری هەموارکردنەوە لەسەر ئەو دەوڵەتانەی کە پەسەندی ناکەن:</u>**

**- ئەو هەموارکردنانەی کە سەرجەم ئەندامان پابەند دەکەن**

بەگوێرەی پەیماننامەی هەندێک لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان ئەگەر زۆرینەی پێویستی دەوڵەتانی ئەندام هەموارکردنەکەی پەسەند بکەن ئەوا لەسەر تەواوی ئەندامەکانیان جێبەجێییان دەکەن، وەک بەڵگەنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان.

**- ئەو هەموارکردنانەی تەنها ئەو ئەندامانە پابەند دەکەن کە قبوڵیان کردوە:**

پەیماننامەی شیکاگۆ تایبەت بە دامەزراندنی ڕێکخراوی فرۆکەوانی شارستانی نێودەوڵەتی ١٩٤٤، ئەگەر بە ڕەزامەندی دوو لەسەر سێی ئەندامان هەموارکرێتەوە و پەسەند بکرێت ئەوا تەنها بەسەر ئەو ئەندامانە جێبەجێ دەبێت کە پەسەندیان کردوە.

## کشانەوە و لێسەندنەوەی ئەندامێتی لە ڕێکخراو

**ئەگەر دەوڵەتێک بە هەموارکردنی بەڵگەنامەی ڕێکخراوێک ڕازی نەبێت کە ئەندامە تیایدا، ئەوا هەڵوێستی ڕێکخراوەکان جیاوازە:**

- لەناو پەیماننامەی تایبەت بە دامەزراندنی هەندێک ڕێکخراوی نێودەوڵەتی یان هەرێمایەتی ماف دراوە بە ئەندامان ئەگەر هەموارێکی پەیماننامەکەیان قبوڵ نەبوو ئەوا لە ئەندامێتی ڕێکخراوەکە پاشەکشە بکەن. بەپێی مادده ٢٠ لە بەڵگەنامەی کۆمکاری وڵاتانی عەرەبی ساڵی ١٩٤٥، (... بە ڕەزامەندی دوو لەسەر سێی وڵاتانی کۆمکار دەتوانن ئەم بەڵگەنامەیە هەموار بکەن، ... ئەو دەوڵەتەی کە هەموارکردنەکەی قبوڵ نیە دەتوانێت لەکاتی جێبەجێکردنی هەموارکردنەکەدا پاشەکشە بکات...) .

- بەڵام بەپێی بەڵگەنامەی هەندێک ڕێکخراوی نێودەوڵەتی دیکە ئەگەر ئەندامەکانی بە هەموارکردنەکانی ڕازی نەبن ئەوا مافی ئەندامێتیان لێدەسێنرێتەوە، وەک پەیماننامەی شیکاگۆ تایبەت بە دامەزراندنی ڕێکخراوی فرۆکەوانی شارستانی نێودەوڵەتی ١٩٤٤.

## مافی کشانەوە لە ئەندامێتی

- هەندێک ڕێکخراوی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی لەناو بەڵگەنامەکانیان مافی کشانەوەیان بۆ ئەندامەکانیان، بە پەیڕەوکردنی هەندێک مەرجی تایبەتی، مسۆگەرکردوە، وەک مادده ٣١ لە بەڵگەنامەی یەکێتی ئەفریقیا ئاماژە بەوە دەدات کە هەر دەوڵەتێک ئارەزووی هەیە لە ڕێکخراوەکە پاشەکشە بکات نووسراوی فەرمی لەوبارەیەوە پێشکەش بکات...)، مادده ١٨ لە بەڵگەنامەی ڕێکخراوی کۆمکاری وڵاتانی عەرەبی.

بەڵام هەندێک ڕێکخراوی نێودەوڵەتی باسیان لە کشانەوەی ئەندامەکانیان نەکردوە، وەک ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی، ... . لەم ڕێکخراوانەدا ئەندامەکان مافی کشانەوەیان هەیە بەم بەڵگانەی خوارەوە:

ا- **بنەمای ڕەزامەندی:** بەپێی ئەم بنەمایە، هەر وەک چۆن ئەندامبوون لە ڕێکخراوەکان بە ڕەزامەندیە، کشانەوە لەو ڕێکخراوانەش بە ڕەزامەندییە، ئەندامەکان لە هەر کاتێکدا بیانەوێت دەتوانن لە ڕێکخراوەکە بکێشنەوە، ناکرێت دەوڵەتێک ناچار بکرێت بەوەی بەردەوامی بە ئەندامێتیەکەی بدات بێ ویستی خۆی.

**ب- هەڵوێستی ڕێکەوتننامەی ڤیەننا بۆ یاسای پەیماننامەکان ساڵی ١٩٦٩، لەسەر پاشەکشەکردن:**

ڕێکەوتننامەی ڤیەننا ڕۆڵی دەقی تەواوکار دەبینێت بۆ ئەوەی بەسەر پەیماننامە بە کۆمەڵەکاندا پیادە بکرێن، لە حاڵەتێکدا ئەگەر هاتوو ئەو پەیماننامانە لەسەر بابەتێک دەقی تایبەت لەخۆ نەگرن.

بەپێی مادده ٥٦ لەم ڕێکەوتننامەیە، ئەو پەیماننامەیەی کە دەقێکی تیادا نیە سەبارەت بە کۆتاییپێهێنان یان هەڵوەشانەوە یان کشانەوە لێی، ئەوا ناکرێت هەڵبوەشێنرێنەوە یان پاشەکشەیان لێبکرێت تەنها ئەگەر :

- بسەلمێندرێت کە لایەنەکان نیازیان وابووە بە ئەگەری هەڵوەشانەوە یان پاشەکشە ڕازین؛
- ئەگەر مافی هەڵوەشانەوە یان پاشەکشەکە بە ناڕاستەوخۆ لە سروشتی پەیماننامەکەوە دەرکەوت .

بەپێی ئەم ماددەیە ئەو لایەنەی کە ئارەزوو دەکات کە پاشەکشە لە پەیماننامەکە بکات، ئەوا دەبێت لانیکەم لەماوەی ١٢ مانگ لە پێش پاشەکەشەکەی نیازی خۆی ئاشکرا بکات .

### ٣- هەمواركردنی پەیماننامە لەنێوان هەندێک لە لایەنەکانی

لێرەدا ڕێکەوتننامەی بە کۆمەڵ لەلایەن گشت ئەندامەکانیەوە هەموارناکرێتەوە، بەڵکو چەند لایەنێک هەمواركردنەوەکە ئەنجام دەدەن، بەپێی مادده ٤١ لە ڕێکەوتننامەی ڤیەننا بۆ یاسای پەیماننامەکان ساڵی ١٩٦٩،دەبێت ڕەچاوی چەند مەرجێک بکەن:

- ئەم هەموارکردنە بە دەقێکی پەیماننامەکە رێگەپێدراو بێت یان قەدەغەکراو نەبێت؛
- کاریگەری نەبێت لەسەر ئەرک و مافی لایەنەکانی دیکەی ناو پەیماننامەکە؛
- هەموارکردنەکە لەسەر دەقێک نەبێت کە ئامانجی پەیماننامەکە و بابەتەکەی پێشێل بکات؛
- پێویستە ڕەچاوی مەرج و ڕێوشوێنەکانی پێش هەموارکردنەکە بکەن بە ئاگادارکردنەوەی لایەنەکانی دیکە کە نیازیان وایە ئەو هەموارکردنە ئەنجام بدەن، و ناوەڕۆکی هەموارەکەیان بۆ ڕوون بکەنەوە.

# پوچەڵبوونەوەی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان
# بطلان المعاهدات الدولية

مەبەست لە پوچەڵبوونەوەی پەیماننامەی نێودەوڵەتی ئەوەیە کە پەیماننامەکە یەکێک لەو مەرجانەی تیادا بەرجەستە نیە یان کەموکوڕی هەیە کە پێویستە بۆ دروستی پەیماننامەکە. ئەمەش وادەکات پەیماننامەکە هیچ بەها و هێزێکی یاسایی نەمێنێت. دەکرێت پەیماننامەیەک بە ڕەهایی پوچەڵبکرێتەوە یان بە ڕێژەیی.

ماددەکانی ٤٦ بۆ ٥٣ لە ڕێکەوتننامەی ڤیەننا بۆ یاسای پەیماننامەکان ١٩٦٩، باس لەو حاڵەتانە دەکات کە پەیماننامەکە پوچەڵە یان دەکرێت پوچەڵبکرێنەوە.

لەلایەکی دیکەوە، ڕێکەوتننامەی ڤیەننا ڕێکارەکانی چۆنیەتی پوچەڵکردنەوەی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانیشی ڕوونکردۆتەوە لەگەڵ لێکەوتەکانی پوچەڵکردنەوەکە.

**پوچەڵکردنەوەی پەیماننامەی نێودەوڵەتی :**

دەوڵەت ناتوانێت بە شێوەیەکی ڕەها بەو شێوەیەی کە مەبەستێتی پەنا بۆ پوچەڵکردنەوەی پەیماننامەی نێودەوڵەتی ببات و پابەندییەکانی جێبەجێ نەکات. بەڵکو پێویستە هۆکارە پێویستیەکانی داوای پوچەڵکردنەوەکە ڕوون بکاتەوە و بەرجەستەیان بکات، و لایەنەکانی دیکەی لێ ئاگادار بکاتەوە.

هەر حاڵەتێکی پوچەڵکردنەوە ڕێکاری تایبەتی خۆی هەیە، ناکرێت دەوڵەتێک پەنا ببات بۆ پوچەڵکردنەوەی هیچ پەیماننامەیەک بێ گرتنەبەری ئەو ڕێکارانە. ئەگەر لایەنەکانی دیکە ناڕازی بوون لەسەر ئەم داواکارییە، ئەوا دەبێت میکانیزمێک بدۆزنەوە بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتە، بەتایبەت لە ڕێگەی ڕاڤەکردنەوە.

دەکرێت **پوچەڵکردنەوە بەهۆی پێشێلکردنی یاسای ناوخۆیی ( ڕێساکانی تایبەتکاری، و پێشێلکردنی سنوری دەسەڵاتی نوێنەری دەوڵەت) بێت**، ئەگەر دەوڵەتێک بە نیازپاکیەوە ئەمەی سەلماند دەکرێت پەیماننامەکە پوچەل بکرێتەوە.

**دەکرێت بەهۆی ناکۆک بوونی پەیماننامەیەکی نێودەوڵەتی بێ لەگەڵ ڕێسای فەرمانکەری (امرە) نێودەوڵەتی؛**

**١- پوچەڵکردنەوەی پەیماننامەکە لەکاتی بەستنیدا:** پەیماننامەکە لەکاتی بەستنیدا هەڵدەوەشێتەوە چونکە پێشێلی ڕێسایەکی کردوە کە لەو کاتەدا هەبووە و بابەت و مەبەستی پەیماننامەکەش دژی ئەو ڕێسایەن، لێرەدا پەیماننامەکە بە پوچەڵ هەژمار دەکرێت، پێویستە لایەنەکان پەیوەندییەکانیان لە سایەی ئەو ڕێسا فەرمانکەرەدا دووبارە دابڕێژنەوە.

**٢- پوچەڵکردنەوەی پەیماننامەکە لەدوای بەستنی :** بەپێی مادده ٦٤ لە ڕێکەوتنننامەی ڤیەننا بۆ یاسای پەیماننامەکان ١٩٦٩، ئەگەر لەکاتی بەستنیدا پەیماننامەکە هیچ کێشەیەکی لەگەڵ ڕێسا فەرمانکەرەکانی یاسای نێودەوڵەتی نەبوو، بەڵکو لەدوای کەوتنە بواری جێبەجێکردنیەوە ڕێسایەکی نوێی فەرمانکەر هاتە کایەوە کە ناکۆک بێت لەگەڵ پەیماننامەکە ئەوا پوچەڵ دەبێتەوە.

لەم حاڵەتەدا لایەنەکان ناچار نین پابەندبن بە جێبەجێکردنی پەیماننامەکە بە بەردەوامی، بەڵکو ئەو مافانەی کە بۆیان دروست بووە دەمێنێتەوە و دەتوانن لەسەری بەردەوام بن، بەمەرجێک پێچەوانە نەبن لەگەڵ ڕێسا فەرمانکەرەکە.

بەگشتی، پوچەڵبوونەوەی پەیماننامەی نێودەوڵەتی وادەکات پەیماننامەکە هەڵبوەشێتەوە و هیچ بەهایەکی یاسایی نەبێت تەنها ئەگەر لایەنەکانی ئەو پەیماننامەیە هەندێ ڕەفتاریان ئەنجام دابێت بە نیازپاکیەوە، لێرەدا ئەم ڕەفتارانە بە ڕەوایی دەمێننەوە بەمەرجێک لە پێش بانگەشەکردن بۆ کەموکوڕیەک لەناو پەیماننامەکە ئەنجامدرابن و بەهۆیەوە دەوڵەتێک داوای پوچەڵکردنەوەکەی پەیماننامەکە دەکات.

کەواتە هەر ڕەفتارێک لەدوای داوای پوچەڵکردنەوەی پەیماننامەیەک ئەنجام بدرێت ئەوا نیازپاکی نیە و ناڕەوایە.

ئەو لایەنەی کە فێڵ و تەڵەکەبازی کردوە یان نوێنەری دەوڵەتێکی دیکەی ناچارکردوە، یان نوێنەری دەوڵەتێکی گەندەڵ کردوە ئەوا ڕەفتارەکانی نیازپاکی تێدا نیە و ڕەوایەتی لە دەست دەدەن.

# کۆتاییهاتنی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان و ڕاگرتنی کارپێکردنیان
# انقضاء المعاهدات الدولية وإيقاف العمل بها

پەیماننامەی نێودەوڵەتی پەیوەستە بە ڕێکخستنی پەیوەندی و کاروبارەکان لەنێوان دەوڵەتان، دەکرێت پەیماننامەکە بەردەوام بێت تا ئەو کاتەی لایەنەکانی ئارەزووی مانەوەی دەکەن و پێشهاتی نوێ لەنێوانیان ڕووی نەدابێت یان بارودۆخەکە گۆڕانی بەسەردا نەهاتبێت، یان هەر هۆکارێکی دیکە کە ببێتە هۆی بەردەوامی نەدات بە جێبەجێکردنی پەیماننامەکە لەنێوان لایەنەکانی. کەواتە چەندین هۆکار و پاڵنەر هەن کە وا دەکەن پەیماننامەیەکی نێودەوڵەتی کۆتایی بێت یان پیادەکردنی ڕابگیرێت.

**یەکەم : کۆتاییهان بە پەیماننامەکە یان کشانەوە لێی بەپێی دەقەکانی یان ڕەزامەندی لایەنەکانی:**

لە بەستنی پەیماننامەی نێودەوڵەتیدا پێویستە ڕێز لە بنەمایەکی سەرەکی بگیرێت کە بریتیە لە بنەمای ڕەزامەندی، ناکرێت دەوڵەتێک ناچار بکرێت بەوەی بێتە ناو پەیماننامەیەک یان ناچار بکرێت تیایدا بمێنێتەوە. دەکرێت کۆتایی بە پیەماننامەیەک بهێنرێت بە ڕەزامەندی لایەنەکانی بەم مەرجانە:

پەیماننامەکە بە ڕوونی دەقی لەسەر ئەمە دابێت؛

کاتێ گشت لایەنەکانی ناو پەیماننامەکە لەسەر ئەوە کۆک بن.

**دووەم: کۆتاییهاتنی پەیماننامەیەک یان کشانەوە لێی کە دەقی تایبەتی لەسەر ئەمە تیانەبێت:**

بەپێ ماددە ٥٦ لە ڕێکەوتننامەی ڤیەننا بۆ یاسای پەیماننامەکان ١٩٦٩، لەم حاڵەتانەی خوارەوە ئەمە ڕوودەدات:

- ئەگەر سەلمێندرا کە نیازی لایەنەکان بەرەو ئەوەبووە دان بنێن بە امکانیەتی کۆتاییهێنان یان کشانەوە؛
- ئەگەر مافی کۆتاییپێهێنان یان کشانەوە لە سروشتی پەیماننامەکەوە دەرکەوێت؛

لەهەردوو حاڵەتەکەدا دەبێت ئەو لایەنەی کە مەبەستێتی کۆتایی بە پەیماننامەکە بهێنێت یان لێی بکشێتەوە لانی کەم دوانزە مانگ پێشتر ویستی خۆی بە نووسراو دەربڕێت.

**سێیەم : ڕاگرتنی کارکردن بە پەیماننامەکە بەپێی دەقەکانی یان بە ڕەزامەندی لایەنەکانی:**

ڕاگرتنی کارکردن بە پەیماننامەی نێودەوڵەتی جیاوازە لە کۆتاییپێهێانی، لێرەدا کارکردن بە پەیماننامەکە ڕادەگیرێت بۆ ماوەیەکی دیارکراو، ئەمەش لە دوو حاڵەتدا؛

١- ئەگەر پەیماننامەکە بە ڕاشکاوی ڕێگەی بەم جۆرە ڕاگرتنە دابێت؛

٢- یان ئەگەر گشت لایەنەکانی پەیماننامەکە بە ڕەزامەندی خۆیان یان بە ڕاوێژ لەگەڵ دەوڵەتانی تردا ڕەزامەندییان دابێت.

**چوارەم : ڕاگرتنی کارکردن بە پەیماننامەی بەکۆمەڵ بە ڕێکەوتنی تەنها چەند لایەنێکی پەیماننامەکە:**

هەروەک چۆن دەکرێت پەیماننامەیەکی نێودەوڵەتی بە ڕێکەوتنی هەندێک لایەنی هەموار بکرێتەوە، مادده ٥٨ لە ڕێکەوتننامەی ڤیەننا بۆ یاسای پەیماننامەکان ڕێگە دەدات هەندێ لایەن کارکردن بە پەیماننامەیەک ڕابگرن، بەم مەرجانەی خوارەوە:

١- بوونی دەقێکی ڕاشکاو لەناو پەیماننامەکە کە ئەم مافە بەو لایەنانە بدات، یان لانی کەم قەدەغەی نەکات؛ لێرەدا نابێت ڕاگرتنەکە کاریگەری هەبێت لەسەر ماف و ئەرکەکانی لایەنەکانی دیکەی ناو پەیماننامەکە؛

٢- ئەم ڕاگرتنە ناکۆک نەبێت لەگەڵ مەبەست و بابەتی پەیماننامەکە؛

٣- ئەو لایەنانەی کە دەیانەوێت کارکردن بە پەیماننامەکە ڕابگرن دەبێت لایەنەکانی دیکە بە نووسراو ئاگادار بکەنەوە.

**پێنجەم : کۆتاییهاتنی پەیماننامەکە یان ڕاگرتنی کارکردن پێی لەڕێگەی بەستنی پەیماننامەیەکی دواترەوە:**

لایەنەکانی پەیماننامەیەک لە ڕێگەی بەستنی پەیماننامەیەکی نوێوە ئەوەی پێشتر هەڵدەوەشێننەوە، بەمەرجێک:

١- پەیماننامەی دواتر هەمان بابەتی پەیماننامەکەی پێشتر ڕێک بخات؛

٢- گونجاندن لەنێوان هەردوو پەیماننامەکە و کارکردن بە هەردووکیان لە یەک کاتدا زەحمەت بێت.

**شەشەم : کۆتاییهاتنی پەیماننامە یان ڕاگرتنی کارکردن پێی بەهۆی سەرپێچیکردنیەوە:**

ئەگەر سەرپێچیەکی گەورەی دەقەکانی پەیماننامەکە کرا، وەک ئەوەی کە لایەنێ خۆی بدزێتەوە لە جێبەجێکردنی یان سەرپێچیکردنی دەقێکی بنەڕەتی پەیماننامەکە کە گرنگە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی، ئەوە دەکرێت پەیماننامەکە کۆتایی پێبهێندرێت یان بۆ ماوەیەک کارکردنی پێی ڕابگیرێت.

**بەپێی مادده ٦٠ لە ڕێکەوتننامەی ڤیەننا بۆ یاسای پەیماننامەکان ١٩٦٩، پەیماننامە دوو قۆڵییەکان جیاوازیان هەیە لە پەیماننامە بە کۆمەڵەکان:**

- له پەیماننامەی دوو قۆڵیدا، ئەگەر لایەنێک سەرپێچیەکی گەورە بکات ئەوا لایەنەکەی دیکە دەتوانێت کۆتایی بە پەیماننامەکە بهێێت یان بۆ ماوەیەکی کاتی ڕایبگرێت؛

- **له پەیماننامەی به کۆمەڵ:**

١- دەکرێت پەیماننامەکە بۆ گشت لایەنەکان کۆتایی پێبهێندرێت یان کارپێکردنی بوەستێندرێت؛

٢- دەکرێت پەیماننامەکە کۆتایی پێبهێندرێت یان کارپێکردنی بوەستێندرێت لەنێوان گشت لایەنەکان و لایەنی سەرپێچکار؛

٣- دەکرێت پەیماننامەکە کۆتایی پێبهێندرێت یان کارپێکردنی بوەستێندرێت لەنێوان لایەنی زیانپێکەوتوو ولایەنی سەرپێچکار.

بەڵام له هەندێ جۆری پەیماننامەی نێودەوڵەتی ناکرێت پەنا بۆ ئەم بیانووە ببرێت بۆ کۆتاییپێهێنانی یان هەڵوەشانەوەی یان ڕاگرتنی کارپێکردنی، بەتایبەت ئەوانەی کە سروشتێکی مرۆییان هەیە، یان پەیوەندییان بە مافەکانی مرۆڤەوە هەیە یان پاراستنی قوربانیانی جەنگ...

**حەوتەم : کۆتاییهێنان بە پەیماننامە یان کشانەوە لێی یان ڕاگرتنی کارپێکردنی بەهۆی پێشهاتێک کە جێبەجێکردنەکەی بکاتە مەحاڵ:**

مەحاڵبوونی هەمیشەیی: وەک نەمانی ئەو بابەتەی کە پەیماننامەکەی لەسەر کراوە بە شێوەی هەمیشەیی؛

لێرە پەیماننامەکە کۆتایی دێت و لێکەوتە و کاریگەری نامێنێت، بەڵام بەمەرجێک بەهۆی ڕەفتاری دەوڵەتی داواکارەوە ئەم مەحاڵبوونە دروست نەبووبێت.

مەحاڵبوونی کاتی: وەک نەمانی ئەو بابەتەی کە پەیماننامەکەی لەسەر کراوە بە شێوەی کاتی؛ لێرەدا دەکرێت پەیماننامەکە بمێنێت بەڵام کارکردن پێی ڕابگیرێت تاکو هۆکاری مەحاڵ بوونەکە نامێنێت.

**هەشتەم : کۆتاییهێنان بە پەیماننامە یان کشانەوە لێی یان ڕاگرتنی کارپێکردنی بەهۆی گۆڕانێکی گەورە لە بارودۆخەکە:**

وەک گۆڕانی سیستەمی سیاسی یان فەلسەفەی حوکمڕانی لە وڵات، بەجۆرێک کە نەتوانێت التزاماتە نێودەوڵەتییەکانی جێبەجێ بکات. ئەم هۆکارە دەبێت بنەمایە بۆ کۆتایاهێنان بە پەیماننامەیەک یان کشانەوە لێی بەم مەرجانەی خوارەوە:

- دەبێت ئەو بارودۆخەی کە گۆڕانکاری تێدا ڕوویداوە هۆکارێ بنەڕەتی بووبێت بۆ ڕازیبوونی دەوڵەتەکە بۆ ئەوەی ببێتە لایەن لە پەیماننامەکە؛
- گۆڕانکارییەکە کاریگەری لەسەر سروشت و ئاستی ئەرکەکانی دەوڵەت بەپێی پەیماننامەکە دروست بکات.

**بەڵام لێرەدا چەند ڕیزپەڕێک (استثناء) هەیە لەسەر بەکارهێنانی ئەم مافە:**

- پەیماننامەکانی تایبەت بە دیارکردنی سنوور؛
- نابێت دەوڵەتەکە خۆی هۆکاربووبێت بۆ دروست بوونی ئەو گۆڕانکارییە.

**نۆیەم : کۆتاییهێنان بە پەیماننامە یان ڕاگرتنی کارپێکردنی بەهۆی بڕینی پەیوەندی دیپلۆماسی:**

بە شێوەیەکی گشتی پەیوەندییە دیپلۆماسیەکان کاریگەریان نابێت لەسەر جێبەجێکردنی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان، وەک پەیماننامەکانی ڕێکخستنی سنوور.

بەڵام هەندێک پەیماننامەی نێودەوڵەتی هەیە پێویستی بە بوونی دۆستایەتی هەیە لەنێوان لایەنەکانی پەیماننامەکە، وەک پەیماننامەکانی بواری ئاڵوگۆڕی کلتوری و هاوکاری. بە نەمانی پەیوەندی دیپلۆماسی لەنێوان لایەنەکان، دەکرێت ئەمجۆرە پەیماننامانە کۆتاییان بێت، یان ڕابگیرێن بە درێژایی ماوەی بچڕانی پەیوەندییە دیپلۆماسیەکە.

**دەیەم: هەڵگیرسانی جەنگ لەنێوان لایەنەکانی پەیماننامەکە:**

هەندێک پەیماننامە هەیە کاریگەر دەبێت بە هەڵگیرسانی جەنگ لەنێوان لایەنەکانی، بە نموونە لەبواری سەربازی و ئەمنی؛ هەندێک پەیماننامە هەن کە کەریگەرنابن بە هەڵگیرسانی جەنگ لەنێوان لایەنەکانی، وەک پەیماننامەکانی دیارکردنی سنور، یان ئەنەدامێتی لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان.

بەڵام جەنگی بەکۆمەڵ لەنێوان گشت یان زۆبەی لایەنەکانی پەیماننامەیەک دەبێتە هۆی هەڵوەشانەوەی پەیماننامەکە.

# نەریتی نێودەوڵەتی
## العرف الدولي

مەبەست لە نەریت (عرف)ی نێودەوڵەتی : هەر ڕێسایەکە لە یاسای نێودەوڵەتی کە لە ئەنجامی دووبارە بوونەوەی هەڵسوکەوتێکی دیارکراو لە پەیوەندیە نێودەوڵەتییەکانی نێوان کەسانی یاسای نێودەوڵەتی دروستبووە بە ئەنجامدانی کارێک یان دەستهەڵگرتن لە کردنی کارێک، و لای زۆرینەی ئەو کەسانە باوەڕێک دروست بووە کە پێویستە پێوەی پابەند بن و سەرپێچی نەکەن.

ڕێکەوتنێکی شاراوە و ناڕاستەوخۆیە لەنێوان کەسانی یاسای نێودەوڵەتی، ڕەزامەندی و ڕێکارەکانی دیکەی دروست بوونی بە ئاشکرا دەرناکەوێت، وەک ئەوەی لە ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتیاندا هەیە.

عورف پێگەیەکی گرنگی لەنێو سەرچاوەکانی یاسای گشتی نێودەوڵەتی هەیە و تایبەتمەندی خۆی هەیە، و بۆ ئەوەی دروست ببێت پێویستی بە چەند ڕەگەزێک هەیە.

## یەکەم: پێگەی عورف لە چوارچێوەی سەرچاوەکانی یاسای نێودەوڵەتی

- بەپێی مادده ٣٨ لە نیزامی بنەڕەتی دادگای دادی نێودەوڵەتی، عورف پلەی دووەمی هەیە لە سەرچاوەکانی یاسای گشتی نێودەوڵەتی، یەکێکە لە گرنگترین سەرچاوەکانی ئەم یاسایە و بۆ ماوەیەکی درێژ سەرچاوەی سەرەکی بووە.
- ڕێساکانی عورفی نێودەوڵەتی خەسڵەتی جیهانیان هەیە و زۆرێک لە ڕێساکانی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان، کە نووسراونەتەوە، لە عورفەوە سەرچاوەیان گرتووە.
- لە ئێستادا بەهۆی نووسینەوەی ڕێسا یاساییە نێودەوڵەتییەکان ئەم پێگە و بایەخەی عورف کەمبۆتەوە. بەڵکو ئیرادەی دەوڵەتان ڕۆڵی گرنگیان هەیە لە داڕشتنی ڕێساکانی پەیماننامە نێودەوڵەتییە دوو قۆڵی و بەکۆمەڵەکانیش.
- پەیماننامەکان ڕێساکانیان نووسراو ڕوونن و سەلماندنیان ئاسانە و دروست بوونیان پێویستی بە کاتێکی درێژ نیە وەک ئەوەی کە لە عورفدا هەیە.

## دووەم : تایبەتمەندییەکانی عورفی نێودەوڵەتی

هەندێک خەسڵەت هەن کە عورفی نێودەوڵەتی لە سەرچاوەکانی دیکەی یاسای گشتی نێودەوڵەتی جیا دەکەنەوە:

- ئیرادەی نێودەوڵەتی ڕۆڵی هەیە لە دروستبوونی عورفی نێودەوڵەتیدا؛
- بنەمای گشتگیری بەشێوەیەکی ڕوون لە ڕێسا عورفیە نێودەوڵەتییەکاندا بەرجەستە دەبێت، ئەمەش لە ئەنجامی بەشداری زۆرێک لە وڵاتان لە دروستکردن و ممارەسەکردنیان؛
- ڕێسا عورفییەکان خەسڵەتی پابەندکارییان هەیە، ئەمەش پەیوەستە بەو باوەڕەی لای دەوڵەتان دروست بووە کە نابێت سەرپێچی بکەن؛
- خەسڵەتی نەرم و نیانیان هەیە و لە گەشەکردنی بەردەوامدان، پێویستیان بە مەرجە شکڵی و بابەتیەکان نیە بۆ ئەوەی دروست بن.

## سێیەم : گرنگی عورفی نێودەوڵەتی

سەربارى پێگەو ئەو ڕەخنانەی کە لە عورفی نێودەوڵەتی دەگیرێن، ئەم گرنگیانەی هەیە:

- عورف سەرچاوەی سەرەکیە بۆ زۆرێک لە پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان کە ئێستا لە ناو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا کاریان پێدەکرێت، بەڵکو هەندێک پەیماننامە هەن کە نووسینەوەی عورفەکانی پێشترن، وەک ڕێکەوتننامەی ڤیەننا بۆ پەیوەندییە دیبلۆماسیەکان ساڵی ١٩٦١، هەروەها لە چەندین بواری دیکەی وەک پەنابەری و ڕێساکانی جەنگ و... .
- لە ڕووی ئاست و چوارچێوەی پابەندێتیەوە لەسەرووی ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکانەوەیە، چونکە کاتێک ڕێسایەکی عورفی دروست دەبێت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بەشێوەیەکی بەرفراوانتر لە پەیماننامە قبوڵ دەکرێت، و ئیلزامی دەبێت بۆ وڵاتانی دیکەش و دەبێت ڕێزی لێبگرن؛
- بواری جێبەجێکردنی عورفە نێودەوڵەتییەکان بەرفراوانترە لە بواری پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان، چونکە جیهانین و دەوڵەتانێ کە بەشداریش نەبن لە دروستکردنی ئەوا پێیانەوە پابەند دەبن، بە نموونە لە بواری تاوانکاری نێودەوڵەتی لە (بە تاواندانان و سزادان).

## ڕەگەزەكانی عورفی نێودەوڵەتی

بۆ دروست بوونی عورفی نێودەوڵەتی دەبێت دوو ڕەگەز هەبێت:

- **ڕەگەزی ماددی (العنصر المادي):**

دووبارەکردنەوەی هەڵسوکەوتێکە لەلایەن دەوڵەتانەوە لە بابەت یان بوارێکی نێودەوڵەتی دیارکراودا، دەوڵەتان لە پەیوەندی و مامەڵەی نێوان خۆیاندا بەردەوام دووبارەی دەکەنەوە. ئەم هەڵسوکەوتە دەبێت چەند سیفەتێکی هەبێت:

**گشتگیری (العمومية):** مەبەست ئەوە نیە کە تەواوی وڵاتانی جیهان بەشداریان لە دروستکردنیدا کردوە، بەڵکو زۆرینە بەشداربوون و ئەوانی دیکەش قبوڵیان کردوە یان نارەزاییان لەدژی دەرنەبڕیوە.

**هاوتایی (التطابق):** ئەو عورفەی کە دەوڵەتەکان لە بابەتێکی دیارکراودا پیادەی دەکەن دەبێت دووبارەکردنەوەیەکی وەک یەک بێت و پیادەکردنەکەی جیاوازی تیادا نەبێت؛

**بەردەوامێتی (الاستمرار - التواتر):** ئەم هەڵسوکەوتە لە بابەت و ماوەیەکی دیارکراو بەردەوام ئەنجام بدرێت و پشتگوێ نەخرێت .

**قبوڵکراوێتی (المقبولية):** دەوڵەتان ئەو هەڵسوکەوتە قبوڵ بکەن و کاری پێبکەن بەشێوەیەکی جێگیر و بەردەوام بۆ ماوەیەک و دژیەکی لە ناوەڕۆک یان شێوازی پیادەکردنیدا نەبێت، بەڵام کاتێکی دیارکراو بۆ ئەم ماوەیە نیە.

**- ڕەگەزی مەعنەوی (العنصر المعنوي):**

تەنها دووبارە بوونەوە بەس نیە بۆ دروست بوونی عورفی نێودەوڵەتی، بەڵکو گرنگە ڕەگەز یان پایەی مەعنەویش بێتەدی کە بریتیە لە باوەڕبوونی دەوڵەتان بە جێبەجێکردنی ئەم هەڵسوکەوتە و ڕێزلێگرتنی.

پێویستە دەوڵەتان وا هەست بکەن ئەگەر سەرپێچی ڕێساکانی عورف بکەن ئەوا یاسای بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتیان پێشێلکردوە، وەک هەستکردنی دەوڵەتان بەوەی ڕێساکانی جاڕنامەی جیهانی مەفەکانی مرۆڤ ئیلزامین و نابێت سەرپێچییان بکەن.

ئەم ڕەگەزە وادەکات ڕێساکانی عورف لە چەندین ڕێسای دیکەی نێودەوڵەتی جیابکرێنەوە وەک مجامەلاتی نێودەوڵەتی و ئەخلاقی نێودەوڵەتی.

## سەرچاوەکانی عورفی نێودەوڵەتی

**ڕەفتارەکانی دەسەڵاتە ناوخۆییەکانی دەوڵەت:**

- دەسەڵاتی جێبەجێکردن؛
- دەسەڵاتی یاسادانان؛
- دەسەڵاتی دادوەری؛

**هەڵسوکەوتی دەزگا و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان**

١- هەڵسوکەوتی دادگا نێودەوڵەتییەکان؛

- دادگای دادی نێودەوڵەتی؛
- دادگاکانی ناوبژیوانی نێودەوڵەتی؛

٢- پەیماننامە نێودەوڵەتیەکان:

وەک پەیماننامەی القسطنطینیة ساڵی ١٨٨٨ کە ڕێسای کەشتیوانی بۆ کەناڵی سویس دانا، ئەمەش لە دواتردا بۆ کەناڵەکانی دیکەش بووە عورف و جێبەجێکرا.

٣- هەڵسوکەوتی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان:

- ڕاسپاردەکانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، بەتایبەت کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، بە نموونە لە ساڵی ١٩٦٠ بڕیاری ژمارە ١٥١٤ ی دەرکرد کە تایبەت بوو بە کۆتاییهێنان بە داگیرکاری و پێدانی مافی چارەی خۆنووسین بە گەلان.
- ڕاگەیێندراو و ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان:

ئەمانە کاریگەرییان دەبێت لەسەر پێدانی سروشتێکی نێودەوڵەتی بەو بابەتەی کە باسی دەکەن یان کاری لەسەر دەکەن. وەک جارنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ ساڵی ١٩٤٨، هەرچەندە لە شێوەی جارنامە دەرچووە بەڵام بووە جێگەی بایەخپێدانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ڕێزگرتن لە برگە و ماددەکانی.

## جۆرەکانی عورفی نێودەوڵەتی

- **عورفی جیهانی**

زۆرینەی دەوڵەتان لە دروستکردن و ممارەسەکردنی بەشدارن، وەک لە بواری نوێنەرایەتی دیبلۆماسی و جەنگ.

- **عورفی هەرێمی یان کیشوەری**

لە ئەنجامی هەڵسوکەوتی چەند دەوڵەتێک دروست دەبێت لە ناوچە جیاوازەکاندا، وەک لە بواری مافی پەنابەرێتی یان پێدانی ڕەگەزنامە،...

- **عورفی تایبەت**

ئەو عورفانەن لە هەڵسوکەوتی نێوان دوو دەوڵەتدا دروست دەبن کە دەبێتە بنەمایەک بۆ ماف و ئەرکی هەر یەکێکیان، کاریگەری تەنها لەسەر ئەو دەوڵەتانە هەیە.

# بنەما گشتیەکانی یاسا
# مبادئ القانون العامة

- **بنەما گشتیەکانی یاسا**

بریتیە لە کۆمەڵە ڕێسایەکی هاوبەش لە نێوان سیستەمە یاساییە سەرەکیەکان لە جیهاندا، مەبەست لەو ڕێسایانەیە کە یاسا ناوخۆییەکانی نەتەوە پێشکەوتوەکانی لەسەر بنیادنراوە. بەپێی مادەدە ٣٨ لە نیزامی دادگای دادی نێودەوڵەتی، یەکێکە لە سەرچاوەکانی یاسای گشتی نێودەوڵەتی.

بە بۆچوونی هەندێک لە بیرمەندان، ناکرێت دادگای دادی نێودەوڵەتی بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەکی نێودەوڵەتی پشت بە بنەمایەک ببەستێت کە لە بنەڕەتدا لە پەیوەندییەکانی نێوان تاکەکاندا جێبەجێکراوە.

بەڵام لە ڕاستیدا **دادوەر لە دادگای دادی نێودەوڵەتی** دەتوانێت ئەو بنەمایانە پیادە بکات لە چارەسەرکردنی کێشەیەکدا ئەگەر هاتوو لەناو پەیماننامەی نێودەوڵەتی یان عورفی نێودەوڵەتیدا چارەسەرێکی نەبوو.

لێرەدا دەبێت ڕەچاوی مادەدە ٥٩ لە نیزامی بنەڕەتی دادگای دادی نێودەوڵەتی بکرێت کە وادەکات ئەو حوکمەی دەردەچێت تەنها بۆ لایەنەکانی کێشەکە سیفەتی ئیلزامی هەیە و لەسەر ئەو کێشەیەی کە حوکمەکەی بۆ دەرچووە.

**هەندێک پرەنسیپی یاسای ناوخۆیی هەن کە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا جێبەجێکراون، وەک:**

- نیازپاکی، العقد شریعة المتعاقدین، گۆڕانی حوکمەکان بە گۆڕانی کاتەکان، ستەم نەکردن لە بەکارهێنانی ماف، ڕێزگرتن لە مافە بەدەستهاتووەکان، تێکەڵ نەکردنی هەردوو سیفەتی ناوبژیوان و نەیار لە یەک کەسدا.

ئەم بنەمایانە لە بنەڕەتەوە لەناو یاسای نیشتیمانی دروست بوون و چەمکەکانیان گەشەیسەندوە.

**هەندێک بنەما هەن تایبەتن بە یاسای نێودەوڵەتی، وەک:**

- بنەمای بەردەوامی دەوڵەتان، باڵادەستی یاسای نێودەوڵەتی بەسەر یاسای نیشتیمانیدا، قەدەغەکردنی بەکارهێنانی هێز لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، یەکلاکردنەوەی کێشەکان بە ڕێگەی ئاشتیانە، دەستوەرنەدان لە کاروباری ناخۆی وڵاتان، یەکسانی سەروەری وڵاتان.

لە ساڵی ١٩٥٤ لە کەیسی (کەناڵی دەریایی دۆرفۆ) لە نێوان ئەلبانیا و شانشینی یەکگرتوو، دادگای دادی نێودەوڵەتی چەند بنەمایەکی یاسای گشتی نێودەوڵەتی پەیڕەوکرد وەک ئازادی لە گەیاندنە دەریاییەکان، پابەندی دەوڵەتان بە ڕێگەنەدان بە بەکارهێنانی هەرێمەکەیان بۆ ئەنجامدانی هەر کارێک کە پێچەوانەی مافی دەوڵەتانی دیکەن.

## مەرجە پێویستەکان

بنەمای یاسایی گشت سیستەمە یاساییەکان لە دادگای دادی نێودەوڵەتیدا کاریان پێناکرێت، بەڵکو بۆ چەسپاندنی ئەم بنەمایانە چەند مەرجێک هەیە:

- دەبێت ئەو بنەمایانە ناسراو بن لەناو سیستەمە یاساییە سەرەکییەکان کە پێشکەوتوون و شارستانین؛ لێرەدا زیاتر مەبەست لەو دەوڵەتانەیە کە ژیانێکی یاسایی پێشکەوتوویان هەیە و لەبواری بیر و بنەمای یاساییەوە پێشکەوتنی گەورەیان بەدەست هێناوە؛
- دەبێت ئەو بنەمایانە لەگەڵ دادپەروەری و انصافدا بگونجێن؛
- کە لەسەر تاکەکانی وڵاتێک پیادە دەبن شیاوبن بۆ ئەوەی لە پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەتانیش کاریان پێبکرێت.

# سەرچاوە لاوەکیەکان (ناڕاستەوخۆکان) بۆ یاسای گشتی نێودەوڵەتی
# المصادر الثانوية (غير المباشرة)للقانون الدولي العام

بەپێی مادده ٣٨ له نیزامی دادگای دادی نێودەوڵەتی، ئەگەر چارەسەری کێشەیەک لەناو پەیماننامەی نێودەوڵەتی یان عورفی نێودەولەتی یان بنەما گشتییەکانی یاسادا نەبوو ئەوا ئەم دادگایە دەتوانێت پەنا بباتە بەر سەرچاوەی لاوەکی بۆ یەکلاکردنەوەی، کە بریتین لە:

- **حوکمەکانی دادگاکان؛**
- **بیروبۆچوونەکانی بیرمەندە گەورەکان؛**
- **و بنەماکانی دادپەروەری و انصاف.**

دەکرێت کار بەم سەرچاوانە بکرێت بەڵام ئەو حوکمەی دەردەچێت تەنها بۆ لایەنەکانی کێشەکە سیفەتی ئیلزامی هەیە و لەسەر ئەو کێشەیەی کە حوکمەکەی بۆ دەرچووە.

<u>لێرەدا تێبینی ئەوە دەکرێت کە:</u>

- سەرچاوەی لاوەکی ڕێسای یاسایی نوێ دروست ناکات؛
- تەنها ئەو کاتە جێبەجێ دەکرێت کە چارەسەر لەناو سەرچاوە بنەڕەتییەکاندا نەبێت.

## ١- حوکمەکانی دادگاکان

حوکمەکانی دادگاکان بە سەرچاوەیەکی یەدەگ بۆ یاسای گشتی نێودەوڵەتی دادەنرێن، ناکرێت بە سەرچاوەی سەرەکی دابنرێن چونکە ئەم یاسایە، بەپێچەوانەی ئەوەی لەناو سیستەمی یاسایی هەندێ وڵات هەیە وەک سیستەمی ئینگلیزی، دان بە بڕیارە دادوەرییە پێشینەکاندا نانێت.

دەکرێت لەمیانەی دیارکردنی ناوەڕۆکی ڕێسایەکی یاسایی استدلال بە حوکمەکانی دادگاکان بکرێت، لێرەدا دادگا یارمەتیدەر دەبێت کە ڕێسایەکی عورفی نوێ دروستبکات کە پابەندکارییەکەی و گشتگیریەتەکەی دەوەستێتە سەر چەند فاکتەرێک:

- ئەو دادگایەی کە حوکمەکەی دەرکردوە؛
- کاردانەوەی کەسەکانی یاسای نێودەوڵەتی پەیوەندیدار سەبارەت بەو حوکمە؛
- چەندێتی و ڕادەی دووبارەکردنەوەی ئەوەی کە دادگا بڕیاری لەسەر داوە؛

**مادده ٣٨ لە نیزامی بنەڕەتی دادگای دادی نێودەوڵەتی بە گشتی باسی لە حوکمەکانی دادگاکان کردوە و ئەوەی ڕون نەکردۆتەوە کە دادگای نیشتیمانی بن یان دادگای نێودەوڵەتی.**

## ٢- بیروبۆچوونی بیرمەندانی نێودەوڵەتی

بیرمەندان ڕۆڵێکی گەورەیان هەبووە لە پەرەپێدان و گەشەسەندنی ڕێساکانی یاسای گشتی نێودەوڵەتی لە ڕێگەی دارشتنی تیۆری جۆراوجۆرەوە. لێکدانەوە و قسەکانی بیرمەندان کاریگەریان هەیە لە پێناسەکردنی ڕێساکانی ئەم یاسایە و ڕادەی جێبەجێکردنیان.

- ئەم بیروبۆچوونانە زۆرجار یارمەتیدەر دەبن لە دروستکردنی ڕێسای نوێ لە یاسای گشتی نێودەوڵەتی لە ڕێگەی خستنەرووی ڕەخنە و پێشنیارکردن بۆ هەموارکردنی ئەوەی کە هەیە یان پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی کە هەیە بە بەستنی پەیماننامە و ڕێکەوتننامە لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا.
- پێویستە دادگای دادی نێودەوڵەتی بیروبۆچوونی بیرمەندان لەچوارچێوەی استدلالدا وەربگرێت و سودیان لێوەربگرێت بۆ لێکدانەوەی ڕێسا یاساییەکان و دەستنیشانکردنی ناوەرۆکەکانیان.
- پێویستە دادگا بە وریاییەوە مامەڵەیان لەگەڵ بکات چونکە دەکرێت بیروبۆچوونی بیرمەندان لە هەندێ حاڵەتدا کاریگەر بێت بە هەستی نەتەوەیی یان پاڵنەری سیاسی، تەنها کار بەو بیروبۆچوونانە بکات کە دوورن لە لایەنداری.

## ٣- بنەماکانی دادپەروەری و انصاف

بەپێی مادده ٣٨ بڕگە دووەم لە نیزامی بنەڕەتی دادگای دادی نێودەوڵەتی، بنەمای دادپەروەری و انصاف سەرچاوەیەکی یەدەگە بۆ یاسای گشتی نێودەوڵەتی.

پیادەکردنی ئەم بنەمایە ڕۆڵی دەبێت لە هێورکردنەوەی توندی ڕێکارەکانی دادبینی لەبەردەم دادگای دادی نێودەوڵەتی لە ڕێگەی دیارکردنی چەمکی نەیار لە داواکاندا، یان بەرفراوانکردنی تایبەتکاری دادگا نێودەوڵەتییەکان یان بەرفراوانکردنی چوارچێوەی ڕێساکانی ڕێکارەکان لە قبوڵکردنی بینینی داوا، تانەگرتنی ناوخۆیی و خەملاندنی ڕادەی جدیەتی داواکاری نەیارەکان و مەبەستی سەرەکیان لە داواکانیان.

کەواتە جێبەجێکردنی ئەم بنەمایە دەسەڵاتێکی تقدیری دادگا خۆیەتی و پابەند نیە کە پیادەی بکات، بۆ پیادەکردنی دەبێت ڕەزامەندی لایەنەکانی کێشەکەی لەسەر بێت.

# کەسەکانی یاسای گشتی نێودەوڵەتی
# اشخاص القانون الدولي العام

کەسێتی یاسایی سیفەتێکە کە کەسێکی دیارکراو لە پەیوەندی خۆی لەگەڵ سیستەمێکی یاسایی دیاریکراو بەدەستی دەهێنێت کە ڕێساکانی ئەم سیستەمە ئاراستەی دەکات. بەهۆیەوە مافی بۆ دەستەبەر دەکرێت و ئەرکیشی دەکەوێتە ئەستۆ.

هەر سیستەمێکی یاسایی بەسەر چەند کەسێدا جێبەجێ دەبن، لە یاسای نێودەوڵەتیش بەهەمان شێوەی یاسای ناوخۆیی، کەس هەیە کە ڕێساکانی بەسەردا پەیڕەو دەکرێت.

- دەوڵەت؛
- ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان؛
- تاکەکان؛

چەسپاندنی ماف: یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی، یاسای نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ، یاسای نێودەوڵەتی ژینگە،

سەپاندنی بەرپرسیارێتی: یاسای نێودەوڵەتی تاوانکاری،

پەنابردنی تاکەکان بۆ بەردەم دادگا:

- کۆمپانیا فرە ڕەگەزەکان؛ دەتوانن داوا لە دژی دەوڵەتی میواندار تۆمار بکەن، وەک گەڕان بە دوای نەوت.
- بزوتنەوە ڕزگاریخوازە نیشتیمانیەکان؛
- دەوڵەتی شاری ڤاتیکان؛ لە ساڵی ١٩٢٩ پەیماننامەی لاتران لەنێوان کورسی پاپا و دەوڵەتی ئیتاڵیا بەسترا، ناوەکەی بووە دەوڵەتی شاری ڤاتیکان،